


# ژنان ٥٥

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

سەرماوەزی ١٤٠٠ - December 2021


## یاساکانی کۆماری ئیسلامی پاڵپشتی لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکا، وەستان لە بەرامبەریان ئەرکێکی مرۆیی و خەباتکارانەیە

- ٢٥ی نوامبەر و یەکسانیی ڕەگەزی وەك بەهایەکی گشتگیری جیهانی
- ئاوڕدانەوەیەك لە توندوتیژیی ئابووری و نێوماڵ لەدژی ژنان
- تووندوتیژی دژ بە ژنان لە قامووسی کۆماری ئیسلامی ئێراندا
- بەربەستەکانی ژنان لە ئێران
- ئاستی توندوتیژی و جۆری توندوتیژی بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێرست


| | |
|---|---|
| ٢٥ی نوامبر و یەکسانیی ڕەگەزی وەک بەهایەکی گشتگیری جیهانی | ٤ |
| ئاوڕدانەوەیەک لە توندوتیژیی ئابووری و نێوماڵ لەدژی ژنان | ٦ |
| ژیان و چارەنووسی سوهەیلا حیجاب | ٩ |
| توندوتیژی دژ بە ژنان لە قامووسی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا | ١١ |
| ئاستی توندوتیژی و جۆری توندوتیژی بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر | ١٨ |
| جیاوازیی لە تواناییەکاندایە نەک ڕەگەز | ٢١ |
| بەربەستەکانی ژنان لە ئێران | ٢٢ |
| هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی ئەرکی هەموو کۆمەڵگەیە | ٢٤ |
| کۆبوونەوەی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر گۆڕانکاریی کەش‌وهەوا (cop٢٦) | ٢٥ |
| لێمگەڕێن با بەدڵ بگریم | ٢٧ |
| کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی فەوزییە سوڵتانبەگی | ٢٨ |
| لە ژنە شۆڕشگێڕەکانی کورد (قەدەم خێر) | ٢٩ |
| ناوەندی ژنانی کورد ڕاگەیاندنی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر | |
| بەشێک لە هەواڵ و کارو چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان | |



**دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

ژمارە ٥٣ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان



بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093



دیزاینی گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە
گرافیك و بەرگ:
ئەییوب شەهابی‌ڕاد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٢٥ی نوامبەر و یەکسانیی ڕەگەزی وەک بەهایەکی گشتگیری جیهانی



شلێر مەحموودی

٢٥ی نوامبر و پرسی جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا لەو پرسە گرینگ و بەرۆژانەیە کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڕوانین و بۆچوونی جیاوازی لە سەر هەیە و سەرەڕای بەرەوپێش چوونی لە وڵاتانی ڕۆژاوا، تا ئێستاش چەوسانەوەی ڕەگەزی لە زۆربەی وڵاتاندا بە ڕێژەیەکی جیاواز هەیە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین مەسەلەی مافی ژنان لەسەر ئاستی جیهان دا دانی پێدانراوە و بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری دژی ژنان واتای وەدیهێنانی یەکسانییە لە نێوان مافەکانی ژن و پیاودا.

یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکان نەک تەنیا وەک مافێکی بنچینەیی لە مافەکانی مرۆڤ پێگەیەکی بەهێزی هەیە، بەڵکوو بنچینەیەکە لە بنچینە پێویستەکان بۆ جێگیر بوونی ئاشتی و ئاسوودەیی و پێشکەوتنی جیهانی. چونکە ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ ژنان و کچان بۆ دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە و چاودێریی تەندروستی و کاری گونجاو و بەشداری لە کرداری دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابووری، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پێشکەوتن و گەشەی ئابووری و سوود دەگەیەنێ بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی.

٢٥ی نۆڤەمبەر یەکێکە لە دەسکەوتە مەزنەکانی ژنان کە پاش چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی و هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی بە وەج و تێکۆشەری مافەکانی ژنان، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٩٩ی زاینی ٢٥ی نۆڤەمبەری وەک ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی توندووتیژی بە دروشمی» نا بۆ توندووتیژی دژی ژنان» دیاریکرد.

لە سەرتاسەری جیهاندا ساڵانە بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ هەڵمەتی وشیارکردنەوە سەبارەت بە مافەکانی ژنان لە بەردەوم دەبێت . لەو هەڵمەتەدا پرسی یەکسانی جێندەری کە مەبەست لە یەکسانی، دەستڕاگەیشتنە بە هەموو دەرفەتەکان بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز و بەشداریی کردنە لە بواری ئابووری و دروستکردنی بڕیار و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتە جیاوازەکان دەبینێتەوە بە شێوەیەکی یەکسان. :

ژنان و پیاوان ئازادن لە گەشەدان بە توانا کەسییەکانیان بۆ دروستکردنی بڕیار بەبێ دانانی سنوورێکی دیاریکراو. یەکسانی واتای ئەوەیە هەڵسوکەوت و کردارە جیاوازەکانی پیاوان و ژنان بە یەکسانیی تەواو وەر بگیرێن و هەڵبسەنگێندرێن و پێش بخرێن. ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێ ژن و پیاو وەک یەک بچن، بەڵکوو ماف و ئەرکیان و دەرفەتەکانی بەردەمیان پشت نەبەستێ بە جۆری ڕەگەزییان، واتە مامەڵە کردن لەگەڵیان بەپێی تایبەتمەندییەکانیان بێت.

یوونیسێف دەڵێ: «یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکان واتای ئەوەیە ژنان و پیاوان و منداڵانی کچ و کوڕ هەمان ماف و هەل و پارێزراویان هەبێ. واتە داوا نەکراوە کە ژنان و پیاوان و منداڵانی کوڕ و کچ وەک یەک بن و وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ پشتیوانی لە ژنان لەسەر ئاستی جیهانی لە سەدەی بیستدا بریتین لە «پاراستن» لە بری «یەکسانی». ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لە ساڵی ١٩١٩ دوو ڕێککەوتننامەی لەسەر مافی ژنان دەرکردووە. ڕێککەوتننامەی ژمارە ٣ لەبارەی پاراستنی دایکایەتی و هەروەها ڕێککەوتننامەی ژمارە ٤ لەمەڕ کاری شەوانەی ژنان، لەو ڕێککەوتننامانەن کە لە نێوەرۆکیاندا پرسی یەکسانیی ژن و پیاو بایەخی پێنەدراوە بە قەد ئەوەی پاراستنی تایبەتیان تێدایە بۆ ژنان. بەڵام لە قۆناغی دواتردا هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر پرسی مافی ژنان گۆڕانکاری بەسەردا هات، وەک ئەوەی لە نێوەرۆکی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی دواتردا لەبارەی مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژن بە تایبەتی هاتووە. لێرەدا شێوەی ڕوانین بۆ ژن وەک بوونەوەرێک کە لە دۆخێکی تایبەتدایە و پێویستی بە پاراستنی تایبەت هەیە، گۆڕانکاری بەسەردا هات و بیرۆکەی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو سەریهەڵدا. بەپێی ئەو شێوە ڕوانینە یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکان، سەرەڕای ئەوەی مافێکی بنچینەییە لە مافەکانی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا پێویستە بۆ جێگیربوونی ئاشتی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەکاندا. بە شێوەیەکی گشتی یەکسانی و نەبوونی جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا بەڕوونی لە نێوەرۆکی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە. لە بەشی ئامانجەکانی ڕێکخراو لە مادەی یەکەمدا جەخت کراوەتەوە لەسەر پێویستیی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بۆ هەموو تاکێک بەبێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز، زمان، ئایین و بەبێ جیاکاری لە نێوان پیاوان و ژناندا.

لەسەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێژنەی تایبەت بە ژنانی پێک هێنا وەک لایەنێکی سەرەکیی جیهانی بۆ داڕشتنی سیاسەتی پەیوەست بە هێنانەدیی یەکسانی لە نێوان ڕەگەزەکان و پێشخستنی ژنان. لە پرۆژەی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیشدا کە لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی دێسامبری ساڵی ١٩٤٨ دەرچوو، گەرەنتیی بێلایەنی کراوە لە نێوان ڕەگەزەکاندا. هەروەک لە نێوەرۆکی جاڕنامەدا هاتووە: «مرۆڤەکان هەموویان بە یەکسانی لەدایک دەبن و یەکسانن لە کەرامەت و مافدا.»

هەروەها لە جاڕنامەکەدا هاتوە: «هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە سوود وەربگرێ لە هەموو ماف و ئازادییە بنچینەییەکان کە هاتوە لەم ڕاگەیاندنە بەبێ جیاوازی بەهۆی ڕەنگ یا ڕەگەز یا زمان یا ئایین و هتد.»

لە هەوڵەکانی تری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکردنی ڕێککەوتننامەیەکە لەسەر مافە سیاسییەکانی



ژنان لە ساڵی ١٩٥٢دا. لە دەقی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا جەخت کراوەتەوە کە دەبێ وڵاتان دەرفەتی بەشداری لە دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ ژنان دابین بکەن.

دەتوانین بڵێین گرینگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافی ژنان و دابینکردنی یەکسانیی ڕەگەزی بریتییە لە ڕێککەوتننامەی «نەهێشتنی هەر چەشنە جیاکارییەک دژی ژنان» (CEDAW) کە لە لایەن ڕێکخراوی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچوە، کە هەڵبەت پێشتر و لە ساڵی ١٩٦٧ وەک ڕاگەیاندنێک لەو ڕێکخراوەیەوە دەرچووبوو. بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و مادەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا لە هەرکام لە بەشەکانی دووەم و سێهەم و چوارەمدا باس لەو هەوڵانە کراوە کە پێویستە بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان ڕەچاو بکرێن و گەرەنتیی دەستەبەر کردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بکەن.

پرسی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاریی ڕەگەزی لە زۆربەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ ئاماژەی پێکراوە، وەک ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها ڕێککەوتننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان. هەروەها ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی تایبەت بە مەسەلەی ژنان لە شاری کۆپێنهاگی پێتەختی دانمارک لە ساڵی ١٩٨٠ جەختی کردووەتەوە لە سەر ئەوەی ڕێوشوێنی نیشتمانیی بەهێز بگیرێتە بەر بۆ گەرەنتیی مافی خاوەندارێتی ژنان و هەوڵدان بۆ هێنانەدی چاکسازیی تایبەت بە مەسەلەی میرات و سەرپەرشتی منداڵ و......

یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گرتنی کۆنگرەیەکی تایبەت بە ژنان بوو لە ساڵی ١٩٨٥ لەژێر ناوی «یەکسانی، گەشە و ئاشتی» لە شاری نایرۆبی پێتەختی کینیا. لە سەروبەندی بەڕێوەبردنی ئەو کۆنگرەیەدا بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ڕەگەزی تا ڕادەیەکی باش دانپیانانێکی جیهانی بە خۆیەوە دیتبوو، بە شێوەیەک کە ئەو سەردەمە بە سەردەمی بزووتنەوەی جیهانیی ژنان دادەنێن.

ئێران لەکوێی ئەو معادلە دایە!!!!!!!

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و پلانە گشتگیرانەی کە باس کران لەسەر ئاستی جیهانی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا جیاکاریی ڕەگەزی بە شێوەیەکی سیستماتیک پەیڕەو دەکرێ لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەت لە بواری ئابووری و سیاسیدا. قۆرغ کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن پیاوانی ئایینیی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران، دەورێکی گەورەی لە ژێرپێ خستنی مافەکانی ژناندا گێڕا. لە دوای شۆڕشەوە هەموو دامودەزگا یاسایی و ئیدارییەکان کەوتنەخۆ بۆ گۆشەگیر کردنی ژنان و داڕشتنی یاسا و ڕێوشوێنی تایبەت بە بیانووی پیادە کردنی ئایینی ئیسلام، کە جیاکارییەکی پلاندارێژەری دژەژنی لەخۆ گرتبوو.

بۆ نموونە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ژنان لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار بێبەش کراون وبەگشتی لە یاساکانی ئێراندا بەشێوەیەکی بەربڵاو جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا کراوە و ژن وەک ڕەگەزی دووەم سەیر دەکرێ.

هەروەها بەو هۆیەی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی سەرەکیی یاساکانە لە ئێراندا، هەموو ئەو بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی گەرەنتیی دەستەبەر کردنی یەکسانیی ڕەگەزی دەکەن، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕەت دەکرێنەوە. کە یەکێک لە گرینگترینی ئەو ڕێککەوتنامانە بریتییە لە ڕێککەوتننامەی سیداو، کە هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا گرینگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییە بۆ پاراستنی مافی ژنان و دەستەبەر کردنی یەکسانیی ڕەگەزی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاوڕدانەوەیەک لە توندوتیژیی ئابووری و نێوماڵ لەدژی ژنان



شەونم هەمزەیی

**«لەساڵی ڕابردوودا ٢٤٣ ملوێن ژن لە جیهاندا، لەلایەن مێرد یا یەکێک لە نزیکەکانیانەوە ئازار دراون؛ لەم ڕادەیە تەنیا ٤٠٪یان داوای یارمەتی و فریاکەوتنیان کردووە.» ئەو ئامارە سەرسووڕهێنەرە، بێدەنگیی ٦٠٪ی ژنانیش بە هەمان شێوە.**

سەرەتا با بەکورتی بزانین توندوتیژیی دژبە ژنان (Violence against Women) چییە و بریتی لە چییە! زۆر سادەی دەکەینەوە: هەر کردارێکی زۆرەملی لەسەر بنەمای ڕەگەزی، لەلایەن هەر کەس/کەسانێکەوە کە ببێتە هۆی هەر جۆرە ئازار و بێبەشییەکی ژن/ژنانێک، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژییەوە. ئاشکرایە مەبەست لە زۆرەملی، تەنیا هێزی جەستەیی نییە و دەتوانێ هەموو جۆرێک لە زۆرەملی لەخۆ بگرێ. جا ئەم ئازارانە دەتوانێ جەستەیی، سێکسی یاخود دەروونی بێ. ئەم توندوتیژییانە تایبەت بە جوغرافیا و کاتێکی تایبەت نییە، واتە ئەوپەڕشوێنی و ئەوپەڕزەمەنییە و بەشێوەی بەردەوام و لە هەموو جوغرافیاکاندا ڕوو دەدا. توندوتیژییەکانیش جۆری جیاواز لەخۆ دەگرن، توندوتیژیی گوتاریمان هەیە هەتا دەروونی، سێکسی، حقووقی، ئابووری و جەستەیی، تەنانەت جۆرێک لە توندوتیژیمان هەیە کە زۆر کەم باسی لێ کراوە، ئەویش من ناوی دەنێم توندوتیژیی بێدەنگ یا ناگوتاری. جۆرێکی تر لە توندوتیژییشمان هەیە کە بە توندوتیژیی نێوماڵ (Domestic Violence) دەناسرێ، کە دەتوانێ هەموو ئەوانەی یەکجێ تێدا بێ. لێرە هەوڵ دەدەم زیاتر تیشک بخەمە سەر پێوەندیی نێوان توندوتیژیی نێوماڵ و سەربەخۆبوون/نەبوونی ژنان لە بواری ئابوورییەوە؛ واتە وڵامی ئەم پرسیارە ڕوون دەکەمەوە کە ئایا ژنێک بەپێی ئەوەی سەربەخۆیی ئابووریی هەبێ یا نەبێ، چەندە ئەگەری بەرەوڕووبوونەوەی لەگەڵ توندوتیژی هەیە؟

**توندوتیژیی نێوماڵ:**

ڕەنگە هەمووان گوێمان لێ بووبێ کە بڵێن، بنەماڵە یا نێوماڵ ئەمنترین شوێنە بۆ ژنان، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە وا نییە. بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵە چوارچێوەیەکی داخراوە و حەسارێکی بەدەوردا کێشراوە، ڕادەی توندوتیژییەکانی لە زۆربەی کاتەکاندا بۆ ئێمە نادیارن. سەرەڕای ئەو بەربەستانەش کە لەم بارەیەوە هەیە، بەپێی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان، کارناسان نێوماڵ بە نائەمنترین شوێن بۆ ژنان و بەڕادەیەکی کەمتریش منداڵان دەزانن، کە لەوێدا هەموو جۆرەکانی توندوتیژی ئەزموون دەکرێ.

– لە توێژینەوەیەکی ئێراندا کە بە شێوەی مەیدانی لە ژنان کراوە، ئاکامی توێژینەوەکە دەریدەخا یەکەم جۆری توندوتیژیی نێوماڵ توندوتیژیی عاتفی، دەروونی و گوتارییە، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەلایەن مێردەوە بەرامبەر بە هاوسەر ڕوو دەدا. گرینگینەدان بە ویست و خۆشەویستیی ژنان، دەرنەبڕینی خۆشەویستی بەرامبەر بە هاوسەر، جنێودان و هاتوهاوار، جنێوی پیس بە بنەماڵەی هاوسەر، تۆران و نەدواندنی ژنان بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی دوولایەنە، لە درگا و دیوار کوتان، شەقهەڵدان لە سفرە، گوشارخستنە سەر ژنان بە کرداری تێکەڵ بە دەستوور، منەت کردن بەسەر ژناندا بە بیانووی دابینکردنی بژێوی ژیانیان، سووک کردن و بێڕێزی پێکردن لەبەرچاوی خەڵک و... لە دیارترین توندوتیژییەکانی جۆری یەکەمن. ئەڵبەت بەشێک لەم توندوتیژییانە دەتوانێ لەلایەن ئەندامانی دیکەی بنەماڵەشەوە بەرامبەر بە ژنان ڕوو بدا.

– جۆری دووهەمی توندوتیژیی نێوماڵ بریتییە لە توندوتیژیی جەستەیی یا هەمان فیزیکی. هەر بەپێی ئاماری ئەو سەرچاوەیە کە لە خودی ژنانی قوربانی، نەخۆشخانەکان و بنکەکانی پۆلیس و دادگاکان وەرگیراوە، ٢٥ تا ٣٨ لەسەدی توندوتیژییەکانی نێوماڵ لەدژی ژنان ڕووی داوە. نزیک بە ٣٨٪ی ژنانی ئێران لانیکەم یەک جار بەرەوڕووی توندوتیژیی جەستەیی بوونەتەوە. ڕادەی ئەم توندوتیژییانە لە شار و پارێزگاکانی ئێران جیاوازە، بەڵام بەپێی ئاکامی گەڵاڵەی میلیی ژنان کە بە ژمارە و لەسەد دیاری کراوە، بەڵام من لێرەدا ئاماژەیان پێ ناکەم و تەنیا بە تەرتیبی جۆری توندوتیژییەکان ناویان دێنم: لەو حاڵەتانە دەتوانین ئاماژە بە زللە لێدان، ڕاکێشان و پاڵپێوەنان، مشت لێدان، پێلەقە، لە ماڵ دەرکردن، بەکاربردنی چەکی سارد و گەرم بکەین. بەداخەوە بڕێک لە توێژینەوەکان دەرخەری ئەوەن کە تەنانەت هەندێک لەو حاڵەتانە لە پێوەندی لەگەڵ ژنانی دووگیاندا ڕوویان داوە.

– دوایین جۆری توندوتیژی کە من لێرە باسی دەکەم، توندوتیژی و هەروەها دەسدرێژیی سێکسییە. لەم بابەتەدا توندوتیژیی سێکسی، تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ مێرددایە، کە بەکورتی بریتییە لەوەی ژنان لەو حاڵەتەدا گرینگی بە ویستەکانیان لەوانە ویستی سێکسییان نادرێ، یا بەپێچەوانەوە ناچار بە کردنی کارێک دەکرێن کە پێیان خۆش نییە و یا ئیجازەی بەکارهێنانی کەلوپەلی پێشگیری لە دووگیانبوونیان پێ نادرێ و... بەڵام حاڵەتەکەی تر کە دەمەوێ باسی بکەم دەسدرێژی کردنە سەر کەسانی مەحرەم یا ئازاری سێکسیی نێوماڵە، کە حاڵەتێکی تایبەت و دەگمەن نییە، بەڵکوو دیاردەیە و لە تاوانە باوەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەئەژمار دێ. بەپێی ڕاپۆرتی کاربەدەستانی فەرمیی ئێران، تەنیا لە ساڵی ٩٥دا، ٥٢٠٠ پەروەندەی ئازاری سێکسیی براوخوشک یا باوکوکچ لە دادگاکاندا تۆمار کراوە. ئەمە لە کاتێکدایە، ئێمە کە باس لە مەحرەم یا مەحارم دەکەین، ئەندامانی دیکەی بنەماڵە وەک خاڵ و مام و باپیریش دەگرێتەوە. هەروەها خزمی دوورتریش کەوا هەر لە چوارچێوەی بنەماڵەدا تووشی تاوان دەبن و مەحرەم نین بەڵام نزیکن، لێ لەم ئامارەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە و تەنیا باس لە برا و باوکی قوربانییە. لەم حاڵەتەدا دەسدرێژیکەر هەست بە ئەمنیەت دەکا و پێی وایە تاوانەکەی بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە لە توندوتیژی نەرێنیترین کاریگەرییەکانی لەسەر ژیان و دەروونی کەسی قوربانی دەبێ، بەجۆرێک کە لەوانەیە هەتا دواساتەکانی تەمەنی لەبیری نەچێتەوە و بەردەوام برینێکی سەرئاوەڵا بێ. هەروەک باسیشم کرد بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان، نێوماڵ بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ دەسدرێژیدا نائەمنترین شوێنە بۆ ژنان. هۆکارەکەشی بۆ هەست بە ئەمنیەت کردنی دەسدرێژیکەر دەگەڕێتەوە، بە واتایەکی تر تێچووی دەسدرێژی کردنە سەر کەسێکی بێگانە زۆر زیاترە بۆ کەسی تاوانکار. لە ڕاستیدا ژنان و کچانی بنەماڵە زۆر بەردەستتر و بێدەردیسەرترن بۆ ئەو کەسە. بێدەنگ بوون بەهۆی سوننەت و باوەڕ بە «پیرۆزی»ی بنەماڵە، پاراستنی ئابڕوو، شەرم و حەیای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنانە و بەگشتی چاوپۆشی کردن لە مافی تاکەکەسی بۆ پاراستنی بنەماڵە، ساختاری پیاوانەی ئەو شوێنانەی کە بەناو بۆ پاڵپشتی لە خێزان دامەزراون، لەو هۆکارانەن کە یارمەتیدەری زیاتربوونی ئەم تاوانانەن لەنێو بنەماڵەکاندا.

شاردنەوەی ئەم حاڵەتانەی توندوتیژی لە خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە، یارمەتی بە تەشەنە و زیاتربوونیان دەکا. سەرەڕای هەوڵی چالاکانی مەدەنی و هەروەها چالاکانی بواری مافی ژنان و بەتایبەتی گەشەی بزووتنەوەی منیش (Me too)، بەڵام هێشتا ژنان لە دەربڕین و باسکردنی توندوتیژییەکانی نێوماڵ بەتایبەتی بەشی دەسدرێژییە سێکسییەکەی خۆ دەبوێرن، ئەو خۆبواردنە هەر وەک باس کرا دەتوانێ هۆکار و پاساوی وەک پاراستنی چوارچێوە و «پیرۆزی»ـی بنەماڵە بێ؛ بەڵام ئێمە دەزانین کێشەیەک هەتا باس نەکرێ، چارەسەرێکیشی بۆ نادۆزرێتەوە. بەداخەوە ئەو دەگمەن ژن و کچانەی وا دەنگیش هەڵدەبڕن، هیچ پشتیوانییەکی یاسایی‌یان لەپشت نییە و لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا بەتەنیا دەمێننەوە. لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا کچێکی مێرمنداڵ کە لەلایەن مامی تەمەن چلساڵیەوە دەسدرێژیی کرابووە سەر، قازیی پەروەندەکەی پێی گوتبوو: «تۆ دەتوانی بە پێداگریی خۆت، مامت لە زیندان بکەی، بەڵام پێم ناڵێی چۆن لەنێو بنەماڵەدا سەر هەڵدێنی؟» ئەم وتەیە یانی ئەوەی کە دەسدرێژییەکە هەر لە دادگادا لەبیر چووەتەوە، ئەوەی کە لە مێشکدا دەمێنێتەوە، سزای تاوانکارەکەیە! زۆر سەیرە وەک بڵێی ئەو کچە مێرمنداڵە بووەتە هۆی ڕوودانی ئەو تاوانە! بێدەسەڵاتیی ژنان و ئەو بڕوا بە پاراستنی بنەماڵەیە هەتا ڕادەیەک دزەی کردووەتە نێو مێشکەکانەوە، کە لە چەندین حاڵەتدا دایکان دژبە کچانی خۆیان و بە لایەنگری لە مێردەکانیان، لە دادگاکاندا شایەدیی درۆیان داوە. ڕەنگە سەیر بێ و لە سەرەتادا وا بنوێنێ چۆن دایکێک دەتوانێ غەدرێکی وا لە منداڵی خۆی بکا، بەڵام ئەگەر لە ڕاستیی کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئێران ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە شتێکی زۆریش سەیر نییە. دایکێک کە لە داهاتووی خۆی و منداڵەکانی دەترسێ، لە نادیاریی چارەنووسی دەترسێ، لە پشتگیری نەکردنی بنەماڵەکەی دەترسێ، لە هەڵوەشانی بنەماڵە و لەدەستدانی ئەو میچەی تێیدایە دەترسێ، ڕاستییەکان بەراوەژوو دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بنەماڵەکەی ڕاگرێ. ژنانی قوربانی لە ئێراندا و لە پرۆسەی ژیانیاندا بە دەیان جار دەبنە قوربانی و لە هەندێک حاڵەتدا ماندووی ماندوو دەبن و چیی دیکە توانای خۆڕاگرییان نامێنێ.

تووندوتیژیی ئابووری:

ڕاستە ئابووری بابەتێکی گشتییە و پێوەندیی بە دەوڵەت و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، بەڵام هەر کات گەشەی ئابووری لە هەر کۆمەڵگەیەک دادەبەزێ، ئەوە ژنانن کە زیاترین زەرەر دەبینن و باری گوزەرانی ژیانی ژنانە کە زۆرترین هەڕەشەی دەکەوێتە سەر. چونکە ژنان لە دەرفەت و پێداویستییە ئابوورییەکان بێبەشن، خاوەندارییەتییەکیان بەسەر سەرچاوە بەرهەمهێنەکاندا نییە، ئازادیی کار لە دەرەوەی ماڵیان پێ نادرێ یا لەگەڵ بەربەستێکی زۆر بەرەوڕوون، بۆیەش زیاترین زەربە لە نالەباریی دۆخی ئابووری دەبینن.

با بێمە سەر ئەوەی کە بە زمانێکی سادە و ساکار بڵێم توندوتیژیی ئابووری چییە؛ توندوتیژیی ئابووری بەنیسبەتی ژنان بریتییە لە پێنەدانی تێچوو و خەرجی هەتا کەڵکاژۆی ماڵی لە ژنان و زەرەر لێدان لە کەلوپەلەکانیان، کە لەم حاڵەتەدا ئەوەی پێی دەڵێن سەربەخۆیی ئابووری، لە ژنان دەستێندرێ. با بزانین توندوتیژیی ئابووری لە واتا گشتییەکەی خۆیدا چییە: ئەم توندوتیژییە لە ئاستی



دەوڵەتی و نێودەوڵەتییشدا ڕوو دەدا و بریتییە لە بێبەش کردنی قوربانی لە دەسڕاگەیشتن بە سەرچاوە ئابووری و ماڵییەکان کە ئابلۆقە یەکێک لەوانەیە، کەمفرۆشی و گرانفرۆشی و قۆرخ یا پاوانکردنی کالای پێویستیش، نموونەی توندوتیژیی ئابوورییە لە ئاستی نێوخۆییی وڵاتێکدا.

– توندوتیژیی ئابووریی دژبە ژنان لەنێو بنەماڵەدا: دیارترین و باوترین جۆری توندوتیژییە. ئەم دیاردەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پێبەندبوونی ژن بە پیاو، ئەم جۆرە لە توندوتیژییە وێڕای ئەوەی کاردانەوەی خراپ و نەرێنیی بۆ ژنان هەیە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی قووڵیش لەسەر پیاوان دادەنێ. چون لە وەها دۆخێکدا پیاوان دەکەونە ژێر گوشارێکی زیاترەوە، کارنەکردنی ژنان بەواتای زیاتر کارکردنی پیاوانە؛ کاتێک پیاوێک ڕێگە بە کارکردنی ئەندامانی تری بنەماڵە نادا، گوشاری زیاتر دەچێتە سەر خۆی و کاتێکی کەمتریشی بۆ بنەماڵەکەی دەبێ و بەدڵنیایییەوە دڵەڕاوکێ و سترێسی زیاتریشی تووش دەبێ کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی کارتێکەریی لەسەر پێوەندیی ئەندامانی بنەماڵە دەبێ. بەم حاڵەشەوە لە ئێران زۆریەک لە پیاوان ناهێڵن ژنانیان کار بکەن و لە باری سەربەخۆیی ئابوورییەوە تووشی بەربەستیان دەکەن. بەپێی ئامارێک کە لەلایەن ڕێکخراوی بێهزیستییەوە لە ساڵی ٩٧ بڵاو بووەوە، لەوێدا ئاماژە بە بەوە کرابوو نزیکەی ٢٢.٢٪ی ژنان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە کەوتوونەتە بەر ئازار و توندوتیژیی ئابووری.

– بێکاریی ژنان: بەپێی ئاماری ناوەندی ئاماری وڵاتی ئێران، ٣٢.٣٪ی ژنان لە ساڵی ٩٦دا، بێکار بوون، کە بەپێی وتەی خاوەنڕایان بێکاریی لەڕادەبەدەری ژنان بەهۆی ڕەگەزیانەوە، یەکێک لە دیارترین نیشانەکانی بوونی توندوتیژیی ئابوورییە. ستراکتۆری ئابووریی ئێران، ستراکتۆرێکی پیاوانەیە و هەر بەو هۆیەشەوە زۆربەی ژنان و لەوانە تەنانەت ژنانی لێهاتوو و شارەزاش بێکار دەبن. بوونی ژنان لە کەرتی نافەرمیی ئابووریدا، هەڵاواردن لە ڕاهێنان و دامەزراندن، دۆخی خراپی دامەزران و دەسمز، دۆخی کاری سەخت و ناخۆش، دەسڕانەگەیشتوویی بە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و هەروەها نەبوونی شوێنێکی تایبەت و ستاندارد بۆ ڕاگرتنی منداڵانێک کە دایکوباوکیان بە ڕۆژدا لەسەر کارن و گرانیی گرتنی پەرستاریش لەو هۆکارە دیارانەی بێکاریی ژنانن کە زۆرێک لە ژنانی بەتوانای، لە ماڵەکان خزاندووە. کەواتە نەتەنیا نەبوونی کار و پیشە و نەبوونی بەرابەری و یەکسانی لە دەرفەتی کار، نیشانەی توندوتیژیی ئابووریی دژبە ژنانە، بەڵکوو تەنانەت نێوەرۆک و چییەتیی پیشەکان و ئاستی داهاتیشیان نیشانەیەکی تر لەو توندوتیژییەیە. لە وەها دۆخێکدایە کە ژنانی ناچار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بێدەرەتان، بە چاوپۆشی لە حەقی بیمە و بە لانیکەمی مووچە و دەسمزەوە کار دەکەن، کە ئەمە بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەی وا خۆیان سەرپەرشتیماڵن ڕاستە – هەرچەند پێوەندیی بەم بەشەی بابەتەکەوە نییە، بەڵام پێم خۆشە بڵێم هیوادارم لە وشەی «بێسەرپەرەست» بۆ ژنان کەلک وەرنەگرن، کە دەستەواژەیەکی زۆر دژەژنانەیە. بەم پێیە نەبوونی کار بۆ ژنان یا بوونی کارێک کە بە کەمترین مووچە دەیانچەوسێنێتەوە، نیشانەیەکی ترە لە توندوتیژیی ئابووری.

– هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، توندتیژیی ئابووری دەتوانێ لە جۆری جیاوازدا دژبە ژنان بەکار بهێنرێ. بەگشتی ئەم جۆرە لە توندوتیژی بریتییە لەوەی ژنان لە گەیشتن بە سەرچاوە ماڵییەکان بێبەش بکرێن، جا هۆکارەکانی ئەم بێبەشبوونە دەتوانێ سیاسەتی گشتیی ئابووریی جیهانی بێ، یا ئەو لەمپەرانەی دەوڵەت، باوک یا مێردی ژنان بەنۆرەی خۆیان دروستی دەکەن.

بۆ نموونە ئێمە کە دەڵێین میراتی ژنان نیوەی پیاوانە، بێجگە لەوەی هەڵاواردنێکی زەقە، دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژیی ئابوورییەوە، کە لەوێدا دەستی ژنان بە گەیشتن بە سەرچاوەیەکی داهات لە ڕێگەی عورف و شەرع و یاساوە دەبەسترێ. لە ئێران ژنان بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن، پێویستییان بە ئیجازە و ڕێگەپێدانی مێردەکانیان هەیە، کە ئەمەش لەمپەرێکی ترە و بوار خۆش دەکا بۆ سەرکوت و پێبەندییەکی زۆرتر. هەر لە ئێران و لە پێوەندی لەگەڵ هەندێک لەو کۆمپانییانەدا کە هەنگاوێک چوونەتە ئەولای یاساوە، ئەو ژنانەی وا سەڵتن پێویستیان بە ئیجازەی باوک هەیە بۆ کارکردن، واتە مەرجداریان کردوون بە ڕێگەپێدانی باوک. یەکێکی تر لە لەمپەرەکان مووچەی نابەرامبەرە لە بەرامبەر کاری یەکساندا، واتە ژنان لە پیاوان مووچەی کەمتر وەردەگرن لە بەرامبەر هەر ئەو برە کارەدا. ڕوانگەیەکی گشتی هەیە – کە ڕەنگە سەرەکیترین هۆکاری ئەم کێشانە بێ – ئەویش ئەوەیە کە ژنان پێویستیان بە کار نییە و کارکردن دیاردەیەکی پیاوانەیە، کەواتە ئەو ژنانەی وا کار دەکەن، بە مووچەی کەمتریش ڕازی دەبن، چون پیشەی «سەرەکی»ی ئەوان ماڵدارییە و دەبێ ئەو کلیشە پیاوانە قەبووڵ بکەن! هەربۆیەش لە کاتی دامەزرانیان لەسەر مافەکانیان دەمەچەقەیەکی کەمتر دەکەن و ئەوەی بۆیان دەبڕدرێتەوە، زیاتر لە مافی خۆیان دەزانن، کە دەبێ بە وشیاریی زیاتر ئەم کلیشانە بەرپەرچ بدرێنەوە. سەرەڕای هەموو ئەم کێشە و لەمپەرانە، لە هەندێک لە ناوچەکانی جیهان و یەک لەوان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران، لە ڕوانگەی عورفییەوە ژنان مافی خاوەندارییەتییەکی کەمتریان هەیە و مووچەی ئەو کارە «لاوەکی»یە (کاری دەرەوە) یان پێشکەشی کاسبکاری سەرەکیی بنەماڵە دەکەن یا بە گوشار لێیان دەستێندرێ و لە کرداردا هیچ مافێکیان بەسەر ئەو پووڵەوە نییە، کە کاریان بۆ بەدەستهێنانی کردووە. باس لە کاری «لاوەکی»ی ژنان کرا، پێویستە ئەوە بڵێمەوە کە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، کار و پیشەی «سەرەکی»ی ژنان ماڵداری و منداڵ بەخێوکردنە؛ کە لە بەرامبەر ئەو کارە تاقەتپڕووکێنەشدا هیچ مافێکی ماددی و مەعنەوییان بۆ لەبەرچاو نەگیراوە.

سووڕی توندوتیژی بە توندوتیژیی ئابوورییەوە درێژەی دەبێ و ئەم سیکلە ڕاناوەستێ، چونکە ئەو ژنانەی وا قوربانیی توندوتیژیی ئابوورین، واتە تێچوویان بۆ دیاری دەکرێ و ناهێڵن کار بکەن یا ئەگەریش کار دەکەن، لە دۆخێکی زۆر خراپدا کار دەکەن، ناتوانن بە سەربەخۆییی ماڵی بگەن و هەمیشە پێبەند دەمێننەوە. ئەم جۆرە ژنانە بەداخەوە بەهۆی پێویستییەک کە هەیانە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەو ژنانە دەبن کە هەموو توندوتیژی و ئاکارێکی سەرکوتکەرانە قەبووڵ دەکەن و هەر لە جەغزی توندوتیژیدا دەمێننەوە. پیشەی باش و داهاتی چاک، لەو ئامێرانەن وا ژنان لە بەندی دیلی ڕزگار دەکەن. هەر ئەم ڕاستییە لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١١ی شۆڕای ئوروووپادا ڕەنگی دابووەوە، لەوێدا هاتبوو کە نایەکسانی لە دەسڕاگەیشتن بە سەرچاوە ماڵییەکان، خۆی جۆرێک لە توندوتیژیی ئابووری ئەژمار دەکرێ. هەر ئەم نایەکسانییەش پوتانسییەلی ژنان بۆ قەبووڵی توندوتیژی دەباتە سەرەوە و دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژن هێزی بڕیاردانی دابەزێ و ناچار بە درێژەدان بەو دۆخە نالەبارە بێ کە تێیدا دەتلێتەوە. لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٦ی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا ئاماژە بەوە کرابوو نایەکسانیی داهاتێک کە پێوەندیی بە هەڵاواردنی ژنان لە بواری وەک کار، داهات، دەسڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئابووری یا نەبوونی سەربەخۆییی ئابوورییەوە هەیە، تواناییی ژنان بۆ بڕیاردان و کردارێک کە لە ویستی خۆیانەوە سەرچاوە بگرێ، دادەبەزێنێ و لەگەڵ ئەوەشدا بوارێک خۆش دەکا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی چەندبارەیان لەگەڵ توندوتیژیی دیکە. ئەمە بێجگە لەوەی کاریگەریی لەو چەشنەی دەبێ لەسەر ژنان، بواری ئابووریی وڵاتیش بەرەو دارمان دەبا، بۆیە ئەو ڕێکخراوانەی وا خەمخۆری دۆخی ژنان و دۆخی ئابووریی وڵاتەکەیانن، ساڵانێکە تەرکیزیان خستووەتە سەر نەهێشتن و لانیکەم کەمکردنەوەی توندوتیژیی ئابووری.

کۆتایی و ئەنجام:

لە بەشی کۆتاییی باسەکەمدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم، کە ڕۆژ یا مانگی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژیی دژبەژنان، بەو واتایە نییە ئێمە لە ساڵدا یەک مانگ یا ڕۆژێک دیاری بکەین بۆ دەنگهەڵبڕین بە دژی ئەو هەموو هەڵاواردن و توندوتیژییانەی کە دژبە ژنان دەکرێ؛ بەڵکوو ئەمە ڕۆژێکە بۆ ئەوەی وەبیرمان بێنێتەوە ئێمە دەبێ هەنگاوێکی کرداری بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەیان هەڵێنین، هەتا دەیگەیەنینە ئەو ئاستەی کە هەر نەمێنێ.

هەروەک ئاگادارن جۆری توندوتیژییەکانی دژبە ژنان، زۆر زیاتر لەوەیە کە من لێرەدا باسم لێ کردن. ئەوەی من هەوڵم دا ڕوونی بکەمەوە، ئەوە بوو کە سەربەخۆییی ئابووری چەندە دەتوانێ ژنان لە ژیانێکی ناخۆش و پڕچەرمەسەری ڕزگار بکا. بۆمان دەرکەوت ژنان لە جیهان بەگشتی و لە ئێراندا بەتایبەتی لە بەرامبەر چ جۆرە توندوتیژیگەلێکی ڕۆژانە و بەردەوامدان و پێوەندیی نێوان سەربەخۆییی ئابووری و کەمتربوونی توندوتیژییەکان، چەندە پێوەندییەکی دیارە. لانیزۆری توێژینەوەکانی هەموو دنیا ئەم ڕاستییە پشڕاست دەکەنەوە کە سەربەخۆییی ئابووریی ژنان بە ڕادەیەکی بەرچاو توندوتیژی کەم دەکاتەوە. هەرچەند ڕەنگە نەتوانین بەدڵنیاییەکی تەواوەوە بڵێین پێوەندیی ئەم دوو بابەتە لە جۆری عیللەت و مەعلوولییە، بەڵام بەڕاشکاوییەوە لە هەر کوێیەک کە ژنان شوناسێکی ئابووریی سەربەخۆیان هەیە، توندوتیژی لەدژیان زۆر کەمترە؛ بەواتایەکی تر یەکێک لە بگۆڕە سەرەکی و کاریگەرەکانی کەمکردنەوەی توندوتیژی، نەهێشتنی توندوتیژیی ئابووری و سەربەخۆییی ئابووریی ژنانە. ڕاستە بەو ناسیاوییەی لە کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیمان هەیە، گەیشتنی ژنان بە سەربەخۆییی ئابوورییەکی گونجاو، ڕێگەیەکی دوورمەودا دەنوێنێ، بەڵام ئێمەی ژن، بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و توندوتیژییەکان هەرگیز نابێ بڵێین هەرگیز.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تەوارەکانی ناو بەندیخانە

# ژیان و چارەنووسی سوهەیلا حیجاب

سەلاح خزرپوور

که چاو به مێژووی مروڤایەتیدا دەخشێنین کەم نین ئەو ژنانەی شان بە شانی پیاوان بۆ بە دەستهێنانی مافە ئینسانییەکانی خۆیان تێکۆشاون، زۆر جاریش ئەوە ژنان بوونەتە پێش قەراوڵی ئەو خەبات و تێکۆشانە. بە درێژای ٤٢ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ژنان لە خەبات بە دژی دیکتاتوری و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و بەرابەری بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداریان لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا کردووە. ژنانی شۆڕشگێری کورد لە ڕێگای ئەندامەتی لە حیزبە کوردییەکان لە مەیدانی بە کردەوە جێ پەنجەیان لە نێو شۆڕشی کورددا دیارە و لەو مەیدانەشدا بە دەیان شەهید گیانی خۆیان بەخت کردووە، ژنان لە مەیدانەکانی دیکەش، وەک چالاکی مەدەنی، ژینگەپارێزی، مافی ژنان، مەیدانداری دەکەن و کەم نین ئەو شێرە ژنانەی کە بەو هۆکارە دەکەونە بەر پەلاماری هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەست بەسەر و زیندانی دەکرێن. لەو سەنگەرەشدا ژنان بە خۆڕاگری خۆیان وانەی خۆڕاگری و بەرخۆدان دەڵێنەوە و سروودی نەسرەوتن تا سەرکەوتن بە گوێی جیهاندا دەچرپێنن.

لە مەوبەدوا لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری ژنان، باس لە ژیان بەسەرهاتی یەکێک لە ژنانی بەندکراوی سیاسی کورد دەکەین. لە ژمارەی ئەمجارەی "ژنان"دا باس لە بەندکراوی سیاسی کورد سوهەیلا حیجاب پارێزەر و چالاکی بواری مافی ژنان دەکەین. بەندکراوی سیاسی کورد سوهەیلا حیجاب لە دایک بوویی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی خەڵکی شاری کرماشان، پارێزەر، چالاکی بواری مافی ژنان، ڕۆژی شەممە ٣ی جۆزەردانی١٣٩٨ی هەتاوی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی شاری تاران دەستبەسەر و ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەکانی شاری تاران کرا و پاش ماوەیەک بە دانانی ٣میلیارد تمەن بارمتە و بە شێوەی کاتی تا بەڕێوەچوونی دادگا ئازاد کرابوو.

ئەو هاووڵاتییە دواتر لە لایەن لقی ٢٨ی دادگای شۆڕشی شاری تاران بە سەرۆکایەتی دادوەر "محەممەد مەقیسە" لە ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەممەی ١٣٩٨ی هەتاوی بە تۆمەتی تێکدانی بیر و ڕای خەڵک بە مەبەستی دروست کردنی گرووپ و پڕۆپاگاندە بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران سزای ١٨ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپا. ئەوە لە حاڵێک دایە کە بە پێی مادەی ١٣٤ یاسای کۆماری ئیسلامی ئێران سەخت ترین سزا بۆ ئەو تۆمەتانە ٥ساڵ سزای بەندکران لە بەرچاو گیراوە. کە دواتر بە پێی هەواڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی نزیک لە کۆماری ئیسلامی لە ریکەوتی ١٧ی پووشپەڕ ١٤٠٠ی هەتاوی سزای بەندکرانی ئەو هاووڵاتییە ١٢ساڵ بەندکران ڕاگەیەندرا. سوهەیلا حیجاب لە ڕۆژی شەممە ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی لە کاتی ڕۆیشتن بۆ دادگا و سەردانی لقی ٣٦ی دادگای پێداچوونەوە لە شاری تاران بە سەرۆکایەتی "ئەحمەد بەرزگەر" دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندی ٨ واتە "بەندی ژنانی" بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین کرا.

سوهەیلا حیجاب هاوکات لەگەڵ هاوبەندێکی خۆی بە ناوی زەینەب جەلالیان لە نامەیەک بۆ ڕای گشتی بەم شێوەیە باس لە بارودۆخی خۆیان دەکەن: ئێمە بەندکراوانی سیاسی ساڵانێکە کە لە لایەن کۆماری ترس، تێرۆر، سەرەڕۆ و خۆسەپێن بە سەر خەڵکی برسی و چەوساوە لە هەموو مافێکی ئینسانی بێبەش کراوین و لە دادگای کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەبێ بوونی پارێزەر و بەبێ هەبوونی عەداڵەت بە بەند کران مەحکووم کراوین. لە بەرامبەرهەر جورە ئەشکەنجەی ڕۆحی و ڕوانی و جەستەیی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاوەستاوین و تا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بێبەش کراوین.

دەسەڵاتی دیکتاتوری کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین جار بە هۆکاری جۆراوجۆر بە درۆ و فێڵ و کەڵەک بە بیانوی لێپرسینەوە ئێمەیان ڕەوانەی شوێنی تایبەت بە ئەشکەنجە و لێپێچینەوە کردووە.

لێپرسینەوەیەک دوور لە هەموو ڕێسا و یاسایەکی مرۆڤایەتی و لەژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و بە کەڵک وەرگرتن لە پێ بەند و کەلەپچە و بە شێوەی دەورانی کۆیلایەتی و سەدەکانی ناوڕاست کە بەشێکە لە مەینەتی و چەوسانەوەی ئێمە. **بەڕاستی ڕەگەزی ژن و بوونی ئێمە ئەوندە ترسێنەرە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کە بۆ ڕاگوازتنی ئێمە بەم شێوەیە واتە بە چەندین پارێزەر و کەلەپچە و زنجیرمان بکەن؟**

"سوهەیلا حیجاب" و "زەینەب جەلالیان" لە نامەکەیاندا باس لەوە دەکەن کە ئێمە کۆماری ئیسلامی ئێران بە فەرمی ناناسین و بە گشتی ڕەتی دەکەینەوە. هەروەها بە هیچ شێوەیەک داوای مەرەخەسی و داوای لێبوردن لە کۆمار ئیسلامی ناکەین، چونکە کەسێک داوای لێبوردن دەکات کە هەڵەیەکی کردبێ. ئێمە دەنگی دلێری داواکارییەکانی خەڵکین و دەنگی پاراستنی مافی مەدەنی هاوڵاتیانی لە دەستچووی وڵاتەکەمانین.

لە بەشێکی تری نامەکەدا باس لە شوێنی ڕاگیرانی خۆیان دەکەن و دەڵێن لەگەڵ تۆمەتبارانی ئاسایی بەند کراون، بەرپرسانی بەندیخانە بە هیچ شێوەیەک یاسای جودا کردنەوەی بەندکراوانیان لە سەر ئەو تۆمەتانەی کە لەسەری بەندکراون ڕەچاو نەکردووە. کە ئەوە پێشێل کردنی ئاشکرای مافی بەندکراوانی سیاسییە. هەروەها ئیشارە بەوە دەکەن و دەڵێن سەیر ئەوەیە کە سەرۆکی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وتوێژێکدا لە گەڵ دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران قسە لە سەر ئەوە دەکات کە بەندکراوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سیاسی دەبێ لە شوێنی تایبەت و جیاواز ڕابگیرێن و بەندکراوانی سیاسی دەبێ بەڕێز و حورمەت هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکرێ، بەڵام ئەو قسانە تەنیا پڕۆپاگاندایە و لە کردەوەدا دیار نییە و بەڵکوو پێچەوانەکەی درووستە.

ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێی بەند کراوین شوێنی ڕاگرتنی ژنانی تووشبووی بە مادە هوشبەرەکان و ژنانی زیان دیتووی کۆمەڵگەن کە دەبێ لە شوێنی تایبەت دا چارەسەر بکرین و خولی فیرکاریان بۆ دابنێن و بگەرێندرێنەوە نێو کۆمەڵگە.

سوهەیلا حیجاب لە حالێکدا کە خەریکی تێپەڕاندنی سزاکەی بوو لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی لە لەلایەن بەرپرسانی بەندیخانە بانگهێشت کرا و تۆمەتێکی تازەی پێ ڕاگەیەندراکە بریتی بوولە پڕۆپاگاندەبە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی لقی ٢ی دادگای شورشی تاران کرا.

ئەو هاووڵاتییە بەردەوام لە چاوپێکەوتن و پێوەندی گرتن لەگەڵ بنەماڵەکەی کێشەی بۆ درووست کراوە وهەر جارە و بە بەهانەی جۆراجۆر تووشی تێکدانی دەروونی لەلایەن بەرپرسانی بەندیخانە و ناوەندە ئەمنییەکان بۆتەوە.

ڕۆژی دوشەممە١٠ی سەرماوەزی١٣٩٩ی هەتاوی دادگای "سوهەیلا حیجاب" لە پیوەندی لە گەڵ دوسییە تازەکەی بە سەرۆکایەتی "ئیمان ئەفشاری" بەرێوەچوو کە بە تۆمەتی پڕۆپاگاندە بە دژی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی ئیران و هەروەها قسەکردن لەگەڵ دەرەوەی بەندیخانە دادگایی و مەحکوم کرا.

"سوهەیلا حیجاب" لە گەڵ هاو بەندییەکی خۆیی بە ناوی "سەبا گردئەفشان" (کە لەسەر نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە حیجابی ئیجباری دەستبەسەر و محاکمە کرابوو) لە ڕاهرەوی بەندیخانە دەستیان دایەمانگرتن و نارەزایەتی دەربڕین بە هەڵسوکەوتی سەرۆکی بەندیخانە، کە مافی پێوەندی گرتنی لەگەڵ بنە ماڵەکەیان لێ زەوت کردبوون. کە دواتر بە قسە کردنی سەبا گردئەفشان لەگەڵ دایکی و بەڵێنی سەرۆکی بەندیخانە بە گەراندنەوەی مافەکانیان کوتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنا.

سوهەیلا حیجاب شەممە ٢٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی بە دانانی بارمتە بۆ ماوەی ٧ڕۆژ مەرەخەسی کاتی پێدرا و لە بەندیخانەی قەرچەکی ورامین ئازاد کرا و پاش کۆتایی مەرەخەسییەکەی گرایەوە بۆ بەندیخانە.

دوایی ماوەیەک لەبەر نەبوونی پاکوخاوێنی ئاو و پێداویستی دەرمانی تووشی نەخۆشی بەردی گورچیلە دەبێ و لە لایەن پزیشکی بەندیخانە ئەوە پشتڕاست کرایەوە کە بۆ چارەسەر، ناوبراو پێویستی بە پزیشک و نەخۆشخانە لە دەرەوەی بەندیخانە هەیە، بەڵام لە ئاکام دا هیچ وڵامێکی ڕوونی پێ نادرێتەوە و لە زیندانیش هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی نادرێ .

دواتر سوهەیلا حیجاب ٢٨ی خەرمانانی ١٤٠٠ی هەتاوی لە بە نەبوونی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکەی و ڕێگریەکانی(قازی چاوەدێر بەسەر زیندان) لەمەڕ نەناردنە دەرەوەی بۆ چارەسەر لە هەمان کاتدا دەست وەردان لە دۆسییە بەندکراوانی سیاسی، گوشار خستنە سەر بەندکراوانی سیاسی، بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژمانی لە خواردن گرت. کە ڕۆژی یەکشەممە ١١ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی لە سەر بەڵێنی دانی سەرۆکی بەندیخانەی ئێڤین کۆتای بە مانگرتنەکەی هێنا.

دواتر ئەو هاووڵاتییە بە شێوەی توندوتیژانە و زۆر بە بێڕێزی لە بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین دوور خرایەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندی شاری سنە کە تا ئێستا لەو بەندیخانەیە حوکمەکەی تێپەر دەکات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# توندوتیژی دژ بە ژنان لە قامووسی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



زانیار حوسێنی

زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوە هاوڕان کە توندوتیژی لە مرۆڤدا زاتییە. هەر لە لێکۆڵینەوەی باستانناسەکان ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە کە توندوتیژی و ئاشتی لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی مرۆڤ بووە, کەوایە هەر وەک ئاشتی کە بەشێک بووە لە خووی مرۆڤ، توندوتیژیش بەشێک بووە لەو دەروونیاتە و ڕوحیاتە، بەڵام مەسەلە ئەوەیە بۆچی مرۆڤ زیاتر توندوتیژی بەکار دەهێنن تا ئاشتی؟!

ئایا توندوتیژیان پێ ڕێگایەکی ئاسانترە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان یان پێیان وایە کە بە بەکار هێنانی, زۆرترین بەرژەوەندی بۆخۆی دەقۆزێتەوە؟!

بۆچی زیاتر لەوەی کە باس لە ئاشتی بکرێ، باس لەوە بکرێ کە مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئاشتی پێک بهێنێ و ڕێکار و پێشنیارەکان بێنێتە بەرباس، زیاتر باس لە جۆرەکانی توندوتیژی و هۆکارەکانی دەکا و باسەکە زیاتر لەسەر بنەمای توندوتیژی هەڵدەسوڕێنێ.

دیار و ڕوونە بۆ ئەوەی بمانهەوێ بابەتێک ڕوون کەینەوە و هەڵیسەنگێنین و پاشان هەوڵی چارەسەر کردنی بدەین، دەبێ هۆکارەکانی بزانین؛ مێژووی ئەو بابەتانە و چۆنییەتییان ئاشکرا بکەین و ئەوکات چارەسەری بکەین. پێموایە لە هەمان کاتیشدا لە بەرامبەر ئەو کارانە، ئەو لێکۆڵینەوانە و بەدواداچونەکان، دەبوایە بە هەمان ڕادە و ڕێژە و یان زیاتر نەک کەمتر، لەوەی تیشک خرابا سەر ئاشتی، کە خاڵی بەرانبەری توندوتیژییە، بە هەمان شێوە و بە هەمان ڕێسا و چوارچێوەکان شیکاری بۆ کرابا، ڕوون کرابایەوە و هۆکارەکانی و بوون و نەبوونی، لاوازی و پتەو بوونی باس کرابا، شی کرابایەوە و تێکەڵ بە گفتوگۆ و تەنانەت قوتابخانە و زانکۆکان کرابا.

ئەوەی کە ئەو مەسەلەیە تا ئەو ڕادەیە نەکراوە، بەڕاستی وشیارانە بووە یان ناوشیارانە؟ بەڕاستی توندوتیژی بۆ هێندێک کەس بەرژەوەندی تێدایە یان نا؟ خۆی جێی لێکۆڵینەوە و بەدوادچوونە.

هەر وەک باس کرا توندوتیژی دیاردەیەکی کۆنە و بە درێژایی مێژووی مرۆڤ هەیە و زیندوویە هەر وەک ئاشتی.

کاتێک توندوتیژی مانا پێیدا دەکا کە ئاشتی هەبێ و بەپێچەوانەش هەروا. بەداخەوە توندوتیژی دژ بە ژنانیش یەکێک لەو توندوتیژییانەیە کە ڕابردوو و مێژوویەکی کۆنی هەیە و تایبەت بە گەل و وڵات و بازنەیەکی زەمانی نییە.

زۆر پێشتر توندوتیژی وەک ئەوڕۆ کە ئاوا بەربڵاو نەبووە. هەڵبەت ئەو کردەوانە هەر هەبوون بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی زۆر سەخت بوو، تاریفەکانیش زۆر سەرەتایی بوون، هێندێک لەو بابەتانە نەدەچوونە قالبی توندوتیژییەوە. هەر دەکرێ ئەوە بکەینە یەکێک لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی باری سلامەتیی دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگەیەک، بەو جۆرە کە توندوتیژی لەو کۆمەڵگەیە چ کردەوەیەک دەگرێتەوە یان چ شتێک دەچنە خانەی توندوتیژییەوە؟ دیارە هەر بەو ڕادەیەی کە چەمکەکان زیاتر بن، بابەتەکان زیاتر بن، تاریفەکان ڕوونتر و دەقیقتر بن، بە هەمان ڕادەش ئەو کۆمەڵگەیە وشیارتر و سەلامەتترە. هەر وەک مافەکانی هەر کۆمەڵگەیەک مافەکان زیاتر و باشتر و ڕوون و دەقیقتر بناسێ، سنوورەکانی بزانێ، بە نیسبەت خۆی و کۆمەڵگە و دەسەڵات ئاگاتر و زاناتر بێ، بە هەمان ڕادەش ئەو کۆمەڵگەیە وشیارتر و ئاگاتر بۆ ئەو بابەتانە و بە پێچەوانە هەتاکوو ئەو بابەت و شتانە کەمتر بن ئەو کۆمەڵگەیە ناسلامەتتر و نائاگاترە.

کەوایە ئەو بابەتانە هەمیشەیین و هەمیشە بوون، مەبەست ئەو بابەتە زاتییانەیە، نەک ئەو حاڵەتانەی کە بە هۆی پێشکەوتنی پیشەیی و تێکنۆلۆژی بۆ کۆمەڵگەی ئینسانی هاتوونەتە پێش.

توندوتیژی کردەوەیەکە، قسەیەکە، ڕەفتارێکە کە کاریگەری خراپی جەستەیی و دەروونی لەسەر تاک هەبێ جا ئاگاهانە یان نائاگاهانە؛ یان بەپێچەوانە کردەوە و ڕەفتارێکە کە دەبا ئەنجام درابا و نەکراوە.

توندوتیژی دژ بە ژنانیش هەر ئەو شتانەی کە گوتمان دەگرێتەوە بەو جیاوازییە کە لە پرسی ژنان دا ئەو بابەتانە زیاتر و وردتر و بەربڵاوترن بە هۆی ئەوەی کە ژن لە سروشتی ژیانی دا هێندێک حاڵەتی تایبەتتری بە نیسبەت پیاو هەیە، وەک دوو گیان بوون، وەک سووڕی مانگانە و کۆمەڵێک حاڵەتی دیکە.

بەڵام توندوتیژی بۆچی ڕوو دەدات، زۆرن ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی توندوتیژی دژی ژنان، کە هێندێک هۆکار جیهانین و هێندێکیش ناوچەیی و کۆمەڵێکیش نێوخۆیی و تایبەت بەو وڵاتانە. حاڵەتە جیهانییەکانی جیاوازی ڕەگەزییە دابەشکردنی مرۆڤ بەسەر ژن و پیاوە نەک بە حاڵەتێکی ئاسایی و لە ڕووی چەمکەوە، بەڵکوو بە حاڵەتێکی ڕەگەزی و زەق کردنەوەی ئەو دوو سەرچاوە ئینسانییە، ئەوەش خۆی لە شتە جیهانییەکان دا دەردەخا، وەک کاری پیاوانە و سەخت یان کاری ئاسان و ژنانە، یان بە شێوە و جۆری کار، کاری ژنانە و کاری پیاوانە وەک کارە سەللیقەییەکان یان خوێندنی هێندێک زانست کە بە زانستی پیاوانە یان ژنانە ناسراوە، هونەر، مۆسیقا و یارییەکان، تەنانەت لە پیشەی کەرەستەی یاری، کوڕانە و کچانە و زۆر بابەت و مەسەلەی دیکە لەو جۆرە. هۆکارێکی تر خۆ بەزۆرزانی یان دەسەڵاتخوازی لە لایەن پیاوانەوە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جۆری پەروەردە لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیاندا و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی بەستێنی لاوازی کۆمەڵگە بە نیسبەت ئەو بابەتە. چونکە کاتێک ژن لە ئاستی پیاو دانەنرێ هەلەکان و دەرفەتەکان لە ڕەهەندی ژیاندا بۆ پیاوان زیاتر دەبێ و پیاوان لە ڕێژە و ڕادەیەکی کەمتر و بە هەوڵ وتێکۆشانێکی کەمتر دەگەنە ئامانجەکانیان وەک دیتنەوەی کار و خوێندن و بابەتی ئابووری وسەرکەوتنی ڕاحەتتر و ئاسانتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی ژیاندا، چۆن لەو حاڵەتە دا پیاوەکان لە ئاست و بازنەی خۆیاندا پێکەوە دەکەونە ڕکابەری -جیا لە سالم یان ناسالمبوونی ئەو ڕکابەرییانە – و زۆر بە ئاسانی نیوەی کۆمەڵگەی ئینسانی لەو ئاستەدا دەسڕنەوە یان لانیکەم زۆر لاوازیان دەکەن و بەردەوامیش هەوڵی لاواز کردنیان دەدەن. هۆکارێکی دیکە و گرینگ سیاسەتە کە ڕادەی بەشداری ژنان لە سیاسەت دا چەندە؟ دیارە هەرچەندی کە ڕێژەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژنان به تایبەت ژنانی وشیار زیاتر بێ لە جیهانی سیاسەتەدا بە هەمان ڕادە دەکرێ زیاتر و باشتر هەوڵ بدرێ لە ئاستی جیهانی و نێونەتەوەیی دا، کە وەک سەرچاوەیەک بۆ ئەو بابەتە چاو لێدەکرێ. چونکە ئەو جۆرە ژنانە هەم لە کۆمەڵگەکەیاندا دەژین وەک تاکێک، هەمیش بە کار کردن لە ڕێکخراوەکان وەک کۆمەڵێک کەس دەتوانن لە بواری کەلتووری و داب و نەریتی کاریگەری دانێن و هەوڵی گۆڕین و لاواز کردنی کەلتوور و داب و نەریتە هەڵە و نابەجێیەکان بدەن و لە لایەکی دیکەوە بە بەشدارییان لە جیهانی سیاسەتدا، بە حزووریان لە دام و دەزگا حکومییەکان و دەسەڵات، هەوڵی گۆڕین و لابردنی یاسا غەڵەتەکان بدەن، یان ئەو یاسایانەی کە پێویستە و دەبێ هەبن هەوڵی هەموار کردن و پەسند کردنیان بدەن.

هەر وەک ئاماژەم پێکرد حکوومەت و کەلتوور دوو ڕۆلگێڕی سەرەکی ئەو پرسەن، بەڵام ئەوەی کە بمانهەوێ بزانین کامیان لە پێش ئەوی دیکەیە و زەروورترە، وەک هێندێک بابەتی فەلسەفی تووشی دووپات کردنەوە دەبین. بەڵام بە ڕای من ڕۆڵی حکومەت زۆر گرینگترە لە ڕۆڵی کەلتوور، چونکە کەلتوور و عورف لە پرۆسەی یاسادانان لە وڵاتان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و لە کاتی دانانی یاسایەک تەنانەت یاسا بنەڕەتییەکانیش بەشێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانن. کەوایە حکومەت بە دانان و پەسند کردنی یاسای دروست و بەجێ، دەتوانێ هێندێک حاڵەت و ڕەفتار بکاتە تاوان و سزای بۆ دیاری بکات و لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی شارومەندان بە ڕێژەیەکی بەرچاو شوێندانەر بێ و بە دانانی دەزگاکانی چاوەدێری، هەوڵی هەرچی باشتر جێبەجێ کردنیان بدا. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوەی نەزم و چوارچێوە دەدا بە کۆمەڵگە بەشی هەرە زۆری یاسایە. ئەوە یاسایە کە دەبێ و نابێیەکان هەڵدەبژێرێ و ئەوەش کۆمەڵگەیە کە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەبێ و نابێیەکانی بەپێی یاسای وڵات ڕێکدەخات و لەبەرچاوی دەگرێ. بۆ نموونە ئەگەر یاسای هاتووچۆ نەبوایە، دۆخی هاتووچۆ هەروا دەبوو؟ یان ئەگەر لێ پرسینەوەی یاسایی و سزای دیاری کراو نەبا، کۆمەڵگەکان بەو شێوەیە دەبوون کە ئێستا هەن؟ زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم نا، ماکس وێبێر دەڵێ: حکومەت تەنیا دەسەڵاتێکە کە مەشروعییەتی پێ بەخشراوە کە توندوتیژی بۆ گەڕاندنەوەی نەزم و کەم بوونەوەی ڕێژەی تاوان بۆ کۆمەڵگە بەکار بهێنێ. مەبەست لەو ڕەستەیە ئەوەیە کە سزا یان باشتر بڵێم بەشێک لە نێوەرۆکی سزا توندوتیژییە. وەک زیندانی کردن، بێبەش کردن لە هێندێک ماف بۆ کاتی دیاری کراو و جەریمە کردن. بەڵام ئەو مەشرووعییەتە بۆ گەڕاندنەوەی نەزمە، بۆ پاراستنی گیان و ماڵ و ژیان و ئەمنییەتی کۆمەڵگەیە و بە ئیزنی یاسایەکی ڕوونە کە دەبێ بەپێی ئوسولی ئەخلاقی و بنەمای مافی مرۆڤ بێ. کەوایە یاسا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ هەم لە کورت ماوەدا، کە حاڵەتی دەستووری و قانوونی بە خۆیەوە دەگرێ، هەم لە درێژماوەدا بە هۆی ڕەچاو کردنی دەبێتە بەشێک لە کەلتوور و وردە وردە جێگای کەلتوورە خراپەکان دەگرێتەوە. بەڵام کەلتووریش بە ڕادەی خۆی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، لە بنەماڵە دا، لە قوتابخانە و لە کۆمەڵگە و شوێنی کار و ژیاندا. کە لێرەدا ڕۆڵی بنەماڵە وەک بەرچاوترین و سەرەکیترین و سەرەتاییترین مەسەلە دێتە بەرچاو. هەر بۆیەش بنەماڵەش بەو ڕادەیە بەرپرسە لە ڕاهێنان و پەروەردەی منداڵەکان کە لە داهاتوودا دەبنە ڕۆلگێڕی سەرەکیی کۆمەڵگە. بەڵام دیسان بە پشتیوانی دەسەڵات لە ڕێکخراوەکان، چ ئەوانەی سەربەخۆن و چ ئەوانەی کە دەستی دەسەڵاتی تا ڕادەیەکی بەرچاو تێدایە، دەکرێ بە شێوەیەکی زۆر باش کار لەسەر ئەو بابەتە بکردرێ و هەتا ئەو جێیەی کە پشتیوانی و لایەنگری دەوڵەت لە بواری ئابووری، سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و میدیایی زیاتر بێ بە هەمان ڕادەش دەکرێ کاری زیاتر و باشتر بەو پرسە بکردرێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕێکخراوە سەربەخۆیەکان، کەسانی سەربەخۆ هەرچەندیش هەوڵ بدەن بۆ پرسی ژنان بە تایبەت لە بواری توندوتیژییەوە، ئیمکانات و زەرفییەتێکی دیاری کراویان هەیە، بەڵام کاتێک پشتیوانی یاسا و دەسەڵاتیان لەگەڵ بێ و هاوکاری بکرێن بۆ ئەو پرسە و حکومەت هەوڵ بدا بۆخۆی ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چارەسەر کردنی ئەو پرسە هەم لە باری زەمانییەوە، هەم لە باری گشتگیربوونییەوە، هەم لە باری ئاستی شوێندانەرییەوە لە لووتکەدا دەبێ. چونکە حکومەت سەرچاوە و داهێنەری زۆربەی هەرە زۆری بابەت و پرسەکانە لە هەموو ڕەهەندەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگە و وڵات. هەر بۆیەش وڵاتانی ئازاد، وڵاتانێک کە باوەڕیان بە ڕۆحی دێموکراسی و ئازادی و یەکسانییەوە هەیە لە هەمبەر پرسی ژنان، لە هەمبەر بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنان باشترین ڕێگە چارەکانیان دەستنیشان کردوە و باشترین دەسکەوتیشیان هەبووە و ئەو دەسکەوتانەشیان هەر دیسان بە یاسا و ڕێسا پاراستووە و لە هەمان کاتیشدا بە مەیدان پێدانێکی بەربڵاو بە ڕێکخراوەکان و ئین جی ئۆیەکان باشترین هەلیان ڕەخساندوە کە ئەو یاسایانە ببنە کەلتوور و داب ونەریت، لە هەمان کاتیشدا ئەو دەزگایانە دەبنە چاوەدێرێکی سەربەخۆ لە هەمبەر کەسەکان و سکاڵاکانی پێوەندیدار بەو پرسە. کەوایە حکومەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە یاسا دەتوانێ ئەو پرسە تا ڕادەیەکی زۆربەرچاو چارەسەر بکات و لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لەسەر ئاڵوگۆڕی کەلتوورە خراپەکان شوێندانەر بێ. چونکە لەو سەردەمەدا ئەوە ڕاستییەکی حاشا لێ نەکراوە بە دروست بوونی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پتەوبوونی زیاتری ئەو پێوەندییانە، و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان و کۆنوانسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و زیاتر بوونی خاڵی هاوبەش لە قەوارەی یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و میدیایی وڵاتان و داپۆشینی زیاترین بابەتەکان و پرسەکانی ژیانی خەڵک بە یاسا و قانوونی نێوخۆیی و نێو دەوڵەتییە؛ دەوڵەتەکان لە زۆربەی چەمک و کردەوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. بۆ نموونە لە پرسی توندوتیژی دژ بە ژنان لە دوای ساڵی ١٩٨١ ی زایینی کە کۆنوانسیۆنی «سڕینەوەی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بە دژی ژنان» ئاسەواری باش و کاریگەری ئەو کردەوەیە لە ئاستی جیهانی و نێوخۆیی وڵاتان بە ڕوونی و ئاشکرا دیارە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەو پرسە گشتگیرترە، ژنان ئاگاتر و وریاتر دەبن و پیاوانیش لەگەڵ ئەو پرسە زیاتر ئاشنا دەبن. خودی ئەوەی کە کەیسەکان و سکاڵاکان زیاتر دەبن یان دەرسەدەکان ساڵانە دەچنە سەرێ، بەو مانایە نییە کە توندوتیژی زیاتر بووە یان نا، بەڵکوو یەکەم مەسەلە ئەوەیە کە ژنان وشیارتر بوون، ڕادەی بەشداری ژنان لەو پرسەدا زیاتر بووە، ژنان بوێرتر بوون و ڕێکخراو و شوێنە پێوەندیدارەکان بەو پرسە زیاتر بوون لە ئاستی جیهانیدا و ڕادەی هاوکاری و هاودەنگیش بەو پرسە چۆتە سەرێ.

**بەڵام دۆخی ژنان لە ئێران چۆنە یان باشترە بڵێم لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چۆنە؟**

هەموومان دەزانین کە نێوەرۆکی یاسایی و کەلتووری و سیاسیی کۆماری ئیسلامی بەپێی تیئۆری ویلایەتی فەقی داڕێژراوە.

ئەو دەسەڵاتە هەر بە نووسینی یاسای بنەڕەتی و پەسند کردنی، بە ڕوونی و ئاشکرا دژایەتی خۆی  بە دژی ژنانیش بە یاسا ڕایگەیاندوە، ئێمە ئەگەر چاو لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بکەین لەو پێوەندییەدا دەبینین کە بەڵگەیەکن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. ئەگەر چاوێک بەسەر یاسای بنەڕەتییەکەیدا بخشێنین ئەو ئەسڵانە دەردەکەون. بۆ نموونە ئەسڵی ١١٥ی یاسای بنەڕەتی لە ئێران وشەی «رجال»ی هێناوە، بە مانای پیاوان، لە دوای باسێکی زۆر لە کۆتاییدا لە لێکدانەوەکاندا ئەو بیانوویەیان هێناوەتەوە کە دۆخی ئێستا  هەڵگری ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتی ژن نییە، دەنا مەبەست لە هەر دووکیانە و هەرکات کۆمەڵگە ئامادە بێ و کەسی وا هەبێ دەتوانێ لەو ئاستەدا بەشداری بکات. بەڵام بەڕاستی وایە؟! بەپێی ئەو یاسایە و بەپێی کەلتووری سیاسیی ئەو بەشە تەنیا مەبەست و ئامانجێک کە تا ئێستا بۆ هەموو لایەنەکان دەرکەوتووە ئەوەیە کە ڕیجال هەمان پیاوانە نەک پیاو و ژن. هەر بۆیەش ژنان بەپێی یاسا بۆیان نییە ببنە سەرۆک کۆمار یان کەسی دووهەمی ئەو وڵاتە. کەوایە لە بەشی ژیانی سیاسیدا ڕادەی بەشداری ژنان لە ئاستی پیاواندا نییە و یاسای بنەڕەتی وەک دایکی یاساکانی دیکە ئەو مافەی بۆ ژنان پێناسە نەکردوون. یان ئەسڵی ٩١ی یاسای بنەڕەتی، کە باس لە شوڕای نیگابان و ڕێژەی ئەندامانی دەکا لە ١٢ کەس شەشیان فەقیهن و شەشی دیش حقوقدان. کە کاری چاوەدێری و تەفسیری یاسا و پرسەکانی هەڵبژاردن و کۆمەڵێک کەیس و بابەتی گرینگی پێیە، ژنان بۆیان نییە بەشدار بن لانیکەم لە باری فیقهیەوە ژن بۆی نییە ببێتە فەقیە، ئەگەریش وەک یاساناس بەشدار بن کە لە عورفی ئەو سازمانەدا نییە، دیسانیش کەمینەن و دەنگیان لەوێ بڕ ناکات. یان ئەسڵی ١٠٩ هەر لەو یاسایە کە باسی کەسی یەکەمی وڵات دەکات. لە بەند و خاڵەکانیدا دەڵی کە دەبێ فەقیە بێ و شارەزایی تەواوی زانستی هەبێ بۆ فتوادان و پرسە جۆراوجۆرەکانی، ژن کە ناتوانێ ببێتە فەقیە ڕاستەوخۆ حەزف دەکرێ و شتێک بە نێوی بوون بە ڕێبەر بۆ ژنان لە ئێران هەر وەک خەونێک دەمێنێتەوە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە. ئەسڵی ١٠٧یش هەر ئەسڵێکە بە دژی ژنان و ژنان بۆیان نییە بچنە نێو مەجلیسێک بە نێوی مەجلیسی «خبرگان» و تەنانەت وەک نوێنەری خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنی ڕێبەر و چاوەدێری بەسەر ئەرک و تەکلیفەکانی ڕێبەردا بکەن، یانی ژنان دەتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن و کۆمەڵێک پیاو کە زیاترینیان فەقهین هەڵبژێرێن بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەر و چاوەدێری ڕێبەر، بەڵام بۆخۆیان بۆیان نییە لەو مەجلیسە نوێنەرایەتیی خەڵک بکەن. یانی تا ئەو ئاستە دژایەتی ژنانیان کردوە کە لانیکەم نەیانهێشتووە کە وەک کەسێکی چاوەدێر بەسەر هەڵسووکەوت و کردەوەکانی ڕێبەر کە بەشێکی گرینگە لە دەسەڵات، بەشدار بن. ئەسڵی ١٥٧ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی کە باس لە سەرۆکی دەزگای داد (قوەی قەزائیە ) دەکات یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کە دەڵێ دەبێ  موجتەهیدێکی عادڵ و وشیار بێ، دەی دیارە ژن دیسان بەپێی کەلتوور و  عورفی شەرعی ناتوانێ ببێتە مووجتەهید کە وایە ناتوانێ ببێتە بەرپرس و سەرۆکی ئەو بەشەش، یانی ژن بۆی نییە ببێتە کەسی یەکەمی دەزگای قەزایی و ژن لە بواری توانایی و ئینسانیدا وەک کەسێکی هاوسەنگ چاو لێ ناکرێ کە بتوانێ بەرپرسایەتی ئەو بەشەی پێ بێت.ئەسڵی ١٦٢ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی دیسان هەڵاواردن بۆ ژنان دادەنێ و ژنان نە بۆیان هەیە ببنە ڕەئیس و بەرپرسی دیوانی باڵای وڵات و نە بۆیان هەیە ببنە دادستانی گشتی، چونکە هەر لەو ئەسڵەشدا دەڵێ کە دیسان ئەو کەسانە دەبێ موجتەهید بن؛ یانی بە گشتی لە پرۆسەی یاسایی و داد و قەزایی و حقووقیدا ژنی لە ئاستی سەرێدا حەزف کردووە، لە بواری حقووقییەوە وەک کەلتوورێک کەسێک کە توانای بەشداری لە شوێنێکی حقووقی و یاسایی نەبێ، لە زۆر مافیش بێبەشە. بۆ نموونە کەسێک کە لە بواری زێهنی و دەروونی کێشەی هەیە، یان لە باری لێکدانەوە و پێداچوونەوە هێندێک کێشەی هەیە لەو بەشانە بێبەش دەکرێ؛ مەبەست لەو یاسایانەش ئەو جۆرە تێڕوانینەیە بە نیسبەت ژنان. ئەسڵی ١٧٦ی ئەو یاسایە کە باس لە ئەرکەکان و ئەندامانی شوڕای باڵای ئەمنییەتی میللی دەکا دیسان دژ بە ژنان و هەڵاواردن بۆ نیوەی کۆمەڵە. ئەسڵی ١٧٦دەڵێ کە شوڕای باڵای ئەمنییەتی میللی سیاسەتی بەرگری و ئەمنییەتی وڵات، هەروەها دروستکردنی هەماهەنگی و هاودەنگی لە کار و چالاکییەکانی سیاسی، زانیاری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابووری لە پێوەندی لەگەڵ بازنەی گشتی بەرگری- ئەمنیی دەکات، کە ئەگەر چاو لە ئەندامانی ئەو شوڕایە بکەین دەبینین کە هیچ شوێنێکی بۆ ژنان دیاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکردووە. چونکە ژنان نە دەتوانن ببنە بەرپرسی گشتی سێ دامەزراوەی سەرەکی دەسەڵاتی پارڵەمان و دەزگای داد و دەوڵەت، نە دەتوانن ببنە سەرۆک کۆمار، نە رەئیسی ستادی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، نە دوو نوێنەری رێبەر و بەپێی کەلتوور و عورفی سیاسیی ئەو ڕێژیمە ناتوانن ببنە وەزیری وڵات ودەرەوەی وڵات و دەزگای زانیاری و بەرپرسی کار و باری بەرنامە و بوودجە. ئەو خاڵە باس لە پرسی ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی دەکا نەک هەر بازنەی سیاسی و ئەمنییەتی، یانی دەسەڵات لەو بەشانەشدا پێی وانییە کە ژنان دەبێ بەشداری بکەن و بەشداری ئەوان یان بە زەرەر و خەسارێکی زۆر دەبینێ، یان بەڕوانینی  پیاوسالارانە و بیر و باوەڕیان بە نیسبەت دوکتوورینی ویلایەتی فەقیە، لە بنەڕەتدا ئەو شتانە بە بەشێک لە ماف و حەقی ژن نازانن. ئەسڵی ٥یش کە پێوەند دەدرێتەوە بە ئەسڵی ١٠٧ دەڵێ کە تا «زهوور» و هاتنی «مۆعود»، ویلایەت و ئیمامەت و چۆخایەتی ئێران بە گشتی بە دەست فەقی و مووجتەهیدێکە و ژنیش لەو پرس و بابەتەدا بێبەشن. کەوایە ژن لە بواری تیئۆریی ویلایەتی فەقی لە ئاسمانەوە لەو بەشانە مەحروم کراوە و ئەوانە تەنانەت نوێنەران و بەڕێوەبەرانی ئەو تیئۆرییەن، چونکە ژن ناتوانێ ببێتە نەجاتیدەری بەڵێن پێدراو یان مێهدی مۆعود ، ئەسڵی٢٠ی یاسای بنەڕەتی ڕێژیم باس لە یەکسانی ژن و پیاو دەکا و دەڵێ هەموو  کەسەکانی کۆمەڵ لە ژن و پیاو لە ژێر باڵی یاسا دان و لە هەموو مافی ئینسانی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە ڕەچاوکردنی چوارچێوەی ئیسلامی بەهرەمەندن. ئەوەی کە جێی تێڕامانە ئەوەیە کە ژنی لە پێش پیاو هێناوە! لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە بەرپرسانی ئەو سیستەمە یان نازانن یاسا چیە یان گەمە بە یاسا دەکەن، یان بەڕاستی لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی و دەیڵێن ئاستی یەکسانی ژن و پیاوە لە ڕوانگەی ئەوانەوەیە. دەنا چۆن لێرە دا باسی یەکسانی لە هەموو ڕەهەندەکان و بوارەکانی ژیان دەکات وەک سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابووری و ئینسانی ؛ بەڵام ژن لە هیچ یەک لەو بەشانە بەپێی ئەو یاسایانەی تا ئێستا باسمان کرد ناتوانن دارێژەران و کەسانی بەرپرس و شوێندار بن و لانیکەم وەک ڕاوێژکار و موستەشاریش مەجالی نەزەر دانیان پێ نەدراوە و لە هەمان کاتیشدا پێوەری ئاییییان کردۆتە بنەما و ئەساسی هەموو بەشەکانی ژیانیان، بێ ئەوەی پرسیان پێبکەن؛ ئەساسەکانیش بەو شێوەیە کە نەک مافی ژن ڕەچاو نەکراوە بەڵکوو بەپێی بیر و باوەڕ و هەڵسەنگاندنی خۆیان مافیان بۆ دارشتون، کە لە جیات ئەوەی ببێتە دۆخێکی باش بۆ ژن و ساز کردنی دەرفەت و بۆ زیاتر کردنی ڕادەی بەشداریان لە هەموو یان زۆربەی بەشەکان، بۆتە هۆی پەراوێزخستنی ژنان و تەنانەت چکۆلە کردنەوەی قەوارەی مافەکانیان تا ئەوپەڕی نادادپەوەری. بە جورێک کە هێندێک بابەت و حاڵەت لە نێو چینەکانی کۆمەڵگە بۆتە داب و نەریت و ژنان بە هۆی ئەو داب و نەریتە تازەپێکهاتووانە لەو چوار دەیەدا، کە دەبێ لەگەڵ هێندێک کێشە هەڵبکەن کە تەنیا ئەوە بسەلمێنن کە ئەوانیش وەک پیاو مرۆڤن ، ئەوە یانی ئاستی توندوتیژی لە لایەن دەسەلاتەوە و بە ئاگاداری و وشیاری ئەوان گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە ژنان وەک مرۆڤێک لە هێندێک بوارەدا شەڕی مان و نەمانی بابەتە زاتییەکانی خۆیان دەکەن. ئەسڵی ٤ی ئەو یاسایە دەڵێ تەواوی یاسا و ڕێسای مەدەنی، سزایی، ئابووری، ئیداری، فەرهەنگی، نیزامی، سیاسی و لە غەیری ئەوانە دەبێ بە پێی چوارچێوەی ئیسلام بێ و ئەو ئەسڵە یان ئەو مادەیە بەسەر تەواو یان هەموو یاسای بنەڕەتی و یاسا و ڕێساکانی دیکەدا زاڵە و لێککردنەوە و لێکدانەوەکەشی لە ئەستۆی فیقیهەکانی شوڕای نیگابانە. یەکەم لەو ئەسڵەدا تەواوی ئەو بابەتانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵک دەگرێتەوە

لە چوارچێوەی ئیسلامدا دیاری کردوە، بەڵام لە هیچ کوێی ئەو یاسایەدا، ئیسلامی ڕوون نەکردۆتەوە، کە هەموومان دەزانین ئەو پێناسانە بە وڵات فەرق دەکات، تەنانەت لە نێو فیقهی ١٢ ئیمامیش دا باوەڕێک بە نێوی «ویلایەتی مووتڵەقەی فەقیی» لە بواری دەسەڵاتدارییەوە زۆرینەی لەگەڵ نییە. بۆیە پێموایە کۆماری ئیسلامی ، ئیسلامی لێرەدا کردۆتە سپەر، دەنا مەبەست لەو ئیسلامە، مەکتەبی ویلایەتی فەقیە. دووهەم ئەو چوارچێوەیەش بەدەست مووجتەهیدانی شوڕای نیگابانە؛ کەوایە لەو ئەسڵەدا ژن جارێک لە هەموو شت بێبەری و حەزف کراوە ،جارێکیش ڕێوشوێنی تایبەت و بە پێچەوانەی مەیل و هەڵبژاردەی خۆی بۆ دیاری کراوە، کە ژن ناتوانێ ببێتە «مووجتەهید» کەوایە بۆی نییە بتوانێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شوڕای نیگابان شوێندانەر بێ. بەپێی ئەو یاسایانەی باسم کردن لە ئاستی سەرێدا لە هیچ بەرپرسایەتییەک و لە زۆر شوێنی گرینگی دەسەڵاتیش ناتوانێ بەشداری بکات و کەوایە ئەو چوارچێوە ئایینییە کە تاریفی تایبەتی خۆیانیان بۆی هەیە، هیچ مافێکی گشتی و گرینگیان پێ نەدراوە و پێموایە ئەوە گەورەترین توندوتیژی دژ بە ژنانە کە نە مافی بەشداری کردنیان بدەیەی وەک تاکێک و بەشێکی کۆمەڵگە، نە مافی هەڵبژاردنی مافەکانیان وەک مرۆڤ و نە لە بواری یاساییەوە وەک کەسێکی ئاسایی چاوی لێبکەی. لە لایەکیشەوە بە پێی ئوسول و چوارچێوەی ئایینی تەواوی بوارەکانی ژیانی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بۆ دیاری دەکرێ. پێموایە ئەو ئەسڵە کە ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکان بۆخۆشیان دەڵێن زاڵترین ئەسڵی یاسای بنەڕەتییە، یەکلا کردنەوەی خۆیانە لەگەڵ هەموو پرس و بابەتەکان و تەنانەت پرسی ژنانیش. بەڵام هەروەک دیتمان لە نزیک بە ١٢ خاڵدا توندوتیژی نە تەنیا بەرامبەر بە مافی ژن بەڵکوو بە خودی ژن و سروشتی ژن بەکار هێنراوە؛ هەر ئەو ڕەچاوی چوارچێوەی نادیار و بەربڵاو و بێ سنوور و لێڵە، خۆی مەجالی هەموو کەڵک وەرگرتنێکی خراپی دابین کردوە بۆ دەسەڵات، کاتێک ژن بەپێی ئەسڵی ٤ی ئەو یاسایە ناتوانێ ببێتە فەقی و هەم وەک مافناس ناتوانێ بچێتە ئەو شوڕایە کە لەگەڵ کەلتووری سازمانی و دیاری کراوی ئەو شوێنە نایخوێنێتەوە و ناتوانێ بە بوونی لەو شوێنە لێکدانەوە و لێککردنەوەی بۆ هەموو ڕەهەندەکان و بابەتەکانی ژیانی هەبێ تەنانەت ئەگەر بەپێی ئیدئۆلۆژیکی ئەو دەسەڵاتەش بێ، ئەو یەکسانییە هەر بەپێی ئەو پێناسە و مانیفێستانە و چوارچێوە یاساییانە  چۆن وەدی دێ؟! خۆ بە فەرزی مەحاڵ کە فەرزی مەحاڵ مەحاڵ نییە، ئەگە وەک مافناسیش بچێ دیسان بە نیسبەت فەقێکان و مافناسەکانی دیکە لە کەمینە دایە و دەنگی بڕ ناکا، ئەسڵی ٢١ کە ڕێک بە نێوی مافی ژنان هاتووە دەڵێ: دەوڵەت تەکلیفی لەسەرە، ئەرکیەتی مافی ژن لە هەموو ڕەهەندەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی ئیسلامی مسەوگەر بکا و وەئەستۆی بگرێ و بیکا. دیارە بەپێی ئەسڵەکانی پێشوو کە باسم کردن لێککردنەوەی ئەو مافانە و لە هێلەکدانیان بە پێوەری ئایینی بە دەست شوڕای نیگابان و کەسانی وەک ئاغای جەنەتییە. بەڕاستی چۆن دەکرێ بەپێی یاسای بنەڕەتیی وڵات کە سەرچاوەی هەموو یاساکان و ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕی دەسەڵاتدارانە و ئەرک و وەزیفەی دیاری کردنی مافی خەڵک و گەل و ڕادەی دەسەڵات و ئیختیارات و ئەرکەکانی دەوڵەتە، تۆ هیچ مافێکی سیاسی بۆ ژن قایل نەبی لە بەشداری کردن لە دەسەڵاتدا، لە لایەکی دیکەشەوە مافی ئەوەی پێ نەدەی کە لە دارشتنەوەی پلان و بەرنامە لە بواری کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، حقووقی، نیزامی و غەیرە دا بەشدار بێ، هاوکات چۆنییەتی یەکسانییەکەی لەگەڵ پیاو بۆخۆت بۆی هەڵدەبژێری و ئەتۆ مافەکانی بۆ دیاری دەکەی و گوێت لە مافە سروشتیەکانیشی وەک مرۆڤ نییە، ئەو یەکسانی و بەرگری کردنە لە مافەکانی و بەرەنگاربوونەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توندوتیژییە چۆن پێکدێت؟!

گەورە پیاوێک دەڵێ، یاسای خراپ لە بێ یاسایی باشترە، بەڵام ئەگەر چاو لە ئێستای ئێران بکەین، پێموایە بێ یاسایی باشترە تا ئەو یاسا دژە مرۆیی و دژە ژن و دژە عەدالەتە. لانیکەم کۆمەڵگە ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستە تێفکرینە کە خۆی لە فریای خۆی بێت و ڕوحیەی هاوکاری و تەعامووڵ و جۆری بەڕێوەبەری بەڕێتە سەرێ..

زۆربەی هەرە زۆری یاساکانی دیکە بەپێی ئەو ڕێوشوێنانە و بە هەڵسەنگاندنیان لەسەر تەرازووی ئەو یاسا بنەڕەتییانەی باسمان کردن داڕێژراون و نووسراون و پەسند کراون. کە نموونە دیارەکانی زیاتر باس دەکەین.

ئەگەر چاوێک لە قانوونی مەدەنی بکەین نموونەکانی خوارێ دەبینین.

لە قانوونی مەدەنیدا بۆ نموونە لە مادەی ١١٠٥ دا دەڵێ،دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ماڵێ لە تایبەتمەندییەکانی پیاوە. مادەی ١١١٧ کە دەڵێ مێرد دەتوانێ ژنەکەی لە کار و پیشەی کە پێیوایە بە قازانجی بنەماڵە و ئابڕوی خۆی یان ژنەکەی نییە، قەدەغە بکا. مادەی ١١١٤ی ئەو یاسایە دەڵێ کە ژن دەبێ لە ماڵێک بێت کە مێرد هەڵیدەبژێرێ مەگەر ئەوەی کە لە پێشدا ئەو ئیختیارە درابێ بەو ژنە. مادەی ١١٣٣ لەو یاسایە کە دەڵێ پیاو بە پێدانی مارەیی دەتوانێ ژنەکەی تەڵاق بدا، کە لە هەمانکاتدا ئەو مافە بە ژن نەدراوە و تەڵاق وەرگرتن لە لایەن ژنەوە زۆر ڕاحەت و ئاسان نییە.

ئەوانە چەند نموونەی زەق و بەرچاو بوون لە یاسای مەدەنیی ئێراندا کە مافی هەڵبژاردنی لە سەرەتاییترین ئاستەکانیشی نەداوە بە ژنان. لە ڕاستیدا دەسەڵات هەوڵی داوە کە ژن و پیاو لە بەشی یاسای مەدەنی دا ڕووبەڕووی یەک بکاتەوە. بەو جۆرە کە لە داڕشتنی نابەجێی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو مافانەی کە دەسەڵات لە ژنی وەرگرتوونەتەوە، بە مافەکانی پیاوی زیاد کردوە و بە میکانیزمی یاسایی ژن دەبێ بۆ کەڵک وەرگرتن لەو مافانە ڕاستەوخۆ داوا لە هاوژینەکەی، باب یان براکەی بکات. دەسەڵاتیش لە ڕێگەی دەزگای داد ڕۆڵی ڕیش سپی و برا گەورە و پیاوچاک بگێڕێ بۆ حەل کردنی کێشەکان؛ ئەو کێشانە کە بەپێی یاسای ئەو وڵاتەی پێک هاتووە و زۆریشی لە دوای چوار دەیە دابەزاندن و ڕیکلام کردنی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە زۆربەی بۆنەکان بۆتە بەشێک لە کەلتووری خەڵک.

بەڵام لە یاسای سزادانی گشتیدا چۆنە؟

لە یاسای سزادانی گشتیدا دیسان لەگەڵ ئەو حاڵەتانە ڕووبەڕوو دەبینە کە دەسەڵات ئاستی مافەکان دێنێتە خوارێ و ژن و پیاو لە بەرامبەر یەک دادەنێ و بەو شێوەیە هەوڵ دەدا بەرپرسایەتی خۆی بە نیسبەت ماف لە نێو شەپۆلی کێشە و توندوتیژییەکانی نێو کۆمەڵگە بشارێتەوە و کۆمەڵگە بەرپرسیار بکات لەو یاسایانەی کە بۆخۆیان دایانڕشتوون و هەوڵی بە کەلتووری کردنیشان بۆ داون. بۆ نموونە لە مادەی ٥٥٠ دا دەڵێ: خوێنبیایی کوشتنی ژن نیوەی خوێنبایی پیاوە، مادەی ٣٣٦ هەر لەو یاسایە دەڵێ ڕێژەی سوێند خواردن بۆ شاهیدیدان لە کەیسی کوشتن دا باس لە سوێندخواردنی پیاو دەکا و ژنی تێدا نییە. یان لە فەسڵی ٢ی ئەو یاسایە دەڵێ، کەسانێک کە بە تەمەنی بلوغ نەگەیشتوون بەرپرسایەتی جەزایی نییە کە ئەو تەمەنەی بۆ کچان نۆ ساڵ دیاری کردووە، یانی ئەرکدار کردنی ژن بە ڕادەیەکی زۆر بەرچاو لە بواری ڕوحی و ڕەوانی و فکرییەوە بە هۆی ئەو تەمەنەوە کە ئامادەگی نییە. بەڕاستی جێی تێفکرینە کە چۆن لە لایەکەوە هیچ مافێک لە ئاستی مرۆڤدا، تەنانەت لە ئاستی پیاوانی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ ژن دیاری نەکەی، بەڵام ئاستی لێپرسینەوەی یاسایی بە نیسبەت کردەوەکان و بەرپرسایەتی لە بەرامبەر کردەوەکاندا بۆ ژن تا ئەو ڕادەیە بەریە سەرێ. مادەی ١٩٩ ئەو یاسایە کە دەڵێت ڕێژەی شاهیدیی لە هەموو تاوانەکاندا، شاهیدی ٢ پیاوە. یان لە باسی کوشتندا کە باب یان جەدی باب هەر کات منداڵەکەی بکوژێ، ئێعدام لە جۆری قساس نایگرێتەوە. یاسای سزادانی گشتی لە خاڵەکانی ٣٠١ و ٣٠٩ی ئەو یاسایە باس لەوە دەکات و جگە لەوەش باسی ئەوەش دەکات کە کاتێک لە کەیسی کوشتندا، بکوژ موسوڵمان بێ و کوژراو موسوڵمان نەبێ دیسان قساس لە ئیعتبار دەکەوێ. ئەو یاسایە لە پێشدا دژە ئینسانییە کە جیاوازی لە بەینی دوو باوەڕمەند بۆ دوو ئایینی جیاواز دادەنێ، و تەنیا باوەڕمەند بوون بە ئایینێک یان نەبوون دەکاتە هۆی بەخشین یان لێستاندنی مافی ژیان، هەڵبەت ئەوە هەم بۆ پیاوە هەم بۆ ژن. لە دواییدا دژە ژنە چونکە بۆ ژن ئەو حاڵەتە زۆر زیاترە، بەو هۆیەوە کە کۆمەڵگە بە نیسبەت هێندێک کەلتوور سەبارەت بە باسی ئابڕوو و نامووس بە نیسبەت ژن هەستیارترە. ئەو یاسایە ڕێگە خۆشکەرە بۆ کوشتنی ژن، بێ ئەوەی باب و جەدی بابی نیگەرانی قساس ببێت. لە ڕاستیدا لە جیات ئەوەی یاسا ڕۆڵی پاشەگەز کردنەوە بگێڕێ و تێجووی تاوان بەرێتە سەرێ، لەو بابەتە دا بوێری دەدات بە بکوژ و هاندەری دەبێت.

یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە و خێزان کە لە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی پەسندکرا، لە مادەی ٢٣ دا دەڵێ پیاو بۆ ژن هێنانی دیکە تەنیا پێویستە کە توانایی ماڵی خۆی بە دادگا بسەلمێنێ و ئەوە یانی هیچ پێویستی بە ڕەزایەتی ژنەکەی پێشێی نییە. لە مادەی ٢ لەو قانوونەدا دەڵێ لە دادگای بنەماڵەدا لانیکەم و «حتی المقدور» دەبێ یەکدانە لە موستەشارەکان ژن بێ، بەڵام لە یاسای پێشوو ئەوە پێویست و زەروور بوو یانی قانوون و یاسا خراپتر بووە لە جیات ئەوە باشتر بێ.

ئەوانە تەنیا بەشێکن لە یاساکانی دژ بە ژنانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەمووی نموونەیەکن لە توندوتیژی یاسایی و پەسندکراو لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە.

لە لایەکی دیکەوە پەسندکراوێک بە نێوی لایحەی «حفظ كرامت و حمايت از زنان در برابر خشونت» بە هۆی نەبوونی هیچ یاسایەکی ڕوون و دیاری کراو بە نیسبەت توندوتیژی دژ بە ژنان لە مەجلیسی ئێران ئەو ساڵ لە دوای زیاتر لە ٩ ساڵ و ئاڵوگۆڕێکی زۆر بەسەر نێوەرۆک و هێندێک جاریش سەر دێرەکەیدا، پەسند کرا؛ ئەو یاسایە کە لەپێشدا لە ٩٢ خاڵ پێک هاتبوو لە کۆتاییدا بە ٥٨ خاڵ پەسند کرا. بەچاو لێکردن لەو پەسند کراوە ئەوەی زیاتر دەردەکەوێ بەتاڵ کردنی دێشارڕژی ژنانە بە نیسبەت توندوتیژییەکان و زیاتر لە پشتیوانی مەعنەوی و ڕۆحی یان وەک دڵسۆزییەکی کاتی دەسەڵاتداران دەچێ تا حەل کردنی پرسی توندوتیژی دژ بە ژنان. چونکە هیچ پێناسەیەکی ڕوونی تێدا نییە لە جۆرەکانی توندوتیژی، شیکاری نەکردوون و زۆربەی زۆری وەک خۆی ماوەتەوە. یان ئەو ڕێگایانەی باسی دەکات لە ئێستا دا بۆ ئەو دۆخە ئابوورییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەگونجاوە و بە کردەیی کردنی زۆر ئاستەمە. یەکێک لە پەیامەکانی ئەو لایحەیە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا کۆماری ئیسلامی ئەو بابەت و مەسەلانەی پێ توندوتیژی نییە، یان ژن لەو ئاستە شارۆمەندییەدا نابینێ کە زۆر شتی بۆ ئەو پێ توندوتیژی بێ. کاتێک لە زۆر بابەتدا ژن بە نیوە دادەندرێ، یان بۆ زۆر پرس و بابەت مافی بەشداری نییە، کەوایە توندوتیژی دژ بەو ژنانەش بۆ کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە نامۆیە. بۆ نموونە لە باسی دییە یان خوێنبەهادا لەجیات ئەوەی بچێتە نێو یاسای سزادانی گشتی و ئەو خاڵانە بگۆڕێ و ئیسلاح و پێداچوونەوەیان پێدا بکا، لەو گەڵاڵەدا باس لە دانانی سندووقێک دەکا کە ئەگەر بکوژەکە پیاو بوو و بنەماڵەی ژنەکە لە باری ماڵییەوە توانای قساس کردنی بکوژیان نەبوو، ئەوە لەو سندووقەڕا دابین دەکرێ و تێچووەکەی دەدرێ، یانی زیاتر ئاڵۆزی لە یاسا دا ساز دەکات. بۆ نموونە لە ماددەی ٥١ی ئەو لایەحەیەدا دەڵێ: هەر کات کەسێک، بە هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جۆرێک هەڕەشە لە ژنێک بکات جا ئەو هەڕەشەیە چ کوشتن یان زەرەری گیانی یان ئابڕوو یان ماڵی یان بڵاو کردنەوەی نهێنییەکانی بێت بە نیسبەت ئەو یان کەسوکاری و گومانی ئەوە هەبێت کە بەڕاستی ئەو کەسە ئەو تاوانە ئەنجام بدات، یان کەسێک کە بە هۆی تاوانێک دژ بە ژنان مەحکوم کراوە و بە ئاشکرا ڕای خۆی بۆ دووپات کردنەوەی تاوان دەرببڕێ و هەروەها لە کاتێک دا پێش ئەوەی حوکمی کۆتایی بدرێ، گومانێکی بەهێز و قەوی هەبێ بۆ دووپات بوونەوەی زەرەر و زیان بە نیسبەت قوربانی یان منداڵەکانی یان گوشار خستنە سەر ئەو تاوانلێکراوە بۆ ئەوەی لە سکاڵاکەی پەشیمان بێتەوە. یان تۆمەتبار خۆی بە ڕوونی باس لەو کارانە بکا، بەپێی ویستی ئەو ژنە هەڕەشە لێکراوە یان زەرەر دیتووە لە تاوان و بەپێی جۆر و ڕادەی خەتەر، کەیفییەتی تاوان و ڕابردوو و دۆخی ئەو ژنە یەک یان چەند دەستووری پاراستن و پشتیوانی بە شێوەی خوارێ دەدرێ و دەستبەجێش جێبەجێ دەکرێ:

١-وەرگرتنی بەڵێنی بۆ دووپات نەکردنەوە تاوانی ئاماژە پێکراو.

٢-قەدەغە کردنی چوونی تۆمەتبار بۆ شوێنی مانەوەی تاوانلێکراو ئەوپەڕی تا ماوەی ٣ مانگ.

٣- قەدەغە کردنی چوونی مێرد بۆ شوێنی مانەوەی هاوبەش ئەوپەڕی تا ماوەی ٣ مانگ.

٤- قەدەغە کردنی چوونی تۆمەتباربۆ شوێنی کاری تاوانلێکراو ئەوپەڕی تا ماوەی ٣ مانگ.

٥-دابینکردنی شوێنی مانەوەی جیا بۆ ژن لە لایەن مێردەوە، کە لەگەڵ شەڕایەتی ئابووری مێرد بیخوێنێتەوە و لەگەڵ دۆخی ژنیش هەروا، ئەوپەڕی بۆ ماوەی سێ مانگ.

٦-ناردنی تۆمەتبار بۆ ڕاوێژکار و چارەسەرە زەرووریيەکان و بردنی سەنەدی ئەو شوێنانە.

٧-ناساندنی تاوانلێکراو بۆ شوێنی ڕاگرتنی پێوەندیدار بەو بابەتە، ئەو یاسایە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە لە دەستووردا بە ڕوونی دەگوترێ.

خاڵی ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ و ١٢شی هەیە کە بۆ کورتکردنەوەی ئاماژەیان پێ ناکەم بەڵام هەر حاڵەتی پشتیوانی هەیە و حەوت تێبینیش جیا لەوانە لەخۆی دەگرێ.

ئەوەی گرینگە لەو یاسایەدا یەکەم؛ جۆری تاوانەکەیە کە باس لە هەڕەشەی گیانی، ماڵی و ئابووری دەکات و باس لە گومانی جێبەجێ کردنیان لە لایەن تاوانبار، یان گووتن و پێداگری زارەکی تاوانبار بە دووپات کردنەوەیان؛ لە لایەکی دیکەشەوە تێبینی ئاخر یان ژمارە حەوتە کە دەڵێ: هەر کات ئەو ژنەی کە هەڕەشەی لێکراوە یان تاوانەکەی لەسەر جێبەجێ کراوە بە نیسبەت مەسەلەکە لێبووردەیی هەبێ و تاوانبار ببەخشێ، دەستوورە یاساییەکان یان باشتر بڵێم حوکمە قەزائیەکانی پێوەندیدار بەو مادەیە هەڵدەوەشێتەوە.

ئەوەی کە لە زۆر تاوان‌دا ئەو بابەتە هەیە کە کاتێک تاوانلێکراو تاوانبار دەبەخشێ یان لێی خۆش‌دەبێ کۆتایی بە مەسەلەکە دێ. بەڵام لە هەموو تاوانێک دا وا نییە. لەو جۆرە تاوانانەی کە قورس یان زۆر قێزەونن تەنیا تاوانلێکراو سێحەبی حەق و ماف نییە و کۆمەڵگە و مەسەلەی بەرپرسایەتی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگەش دێتە گۆڕێ. دەی چۆن کەسێک هەڕەشەی کوشتن یان زەرەر و زیانی نەفسی یان ئابووریی بکات، یان مەحکوومیش بێ ئەو هەڕەشانە دووپات بکاتەوە و گومانی کوشتن و زەرەر گەیاندنێکی قورسی هەبێ، تەنیا بە لێخۆشبوونی ژنەکە هەموو حوکم و دەستوورەکان هەڵوەشێتەوە؟ ئەویش لە حاڵێک دا کە ئەو ژنە ئێستا هیچ پشتگیرییەکی باشی یاسایی نییە. ئایا پێتان وانییە کە پیاوێک زۆر ئاسان هەڕەشەی کوشتنی ژنێک بکات و دووپاتی بکاتەوە و بە کردەوەش تا ڕادەیەک بیسەلمێنێ کە ئەوەی لە دەست دێت، ناتوانێ زۆر ڕاحەت ئەو ژنەش لە پرۆسەی سکاڵاکەدا پەشیمان کاتەوە و بیکشێنێتەوە لە سکاڵاکەی. کێشەکە ئەوەیە ئەو مادەیە یان ئەو ماددانەی کە لەو چەشنەن بوونەکەیان زەرەی زیاترە تا نەبوونی. چونکە هەم تاوانلێکراو سارد و بێ هومێد دەکا لەو پشتگیرییە لاواز و بێهێزانە، هەم ڕێگەی خۆ دزینەوەکان لە یاسادا فێری تۆمەتبار یان تاوانبار دەکات، هەم بە دیاریکردن سزای کەم و ئاسان، تۆمەتبار تووشی هەڵسەنگاندن دەکات لە کاتی ئەنجامی تاواندا و لێکدانەوەی بۆ ساز دەکات بە نیسبەت تاوان و سزای دیاری کراو بۆ ئەو تاوانە. لە ڕاستی دا ئەو جۆرە یاسایانە جێی مەترسین. مەترسییەکەش ئەوەیە سزاکە لەگەڵ تاوانەکە نە یەکتر دەخوێننەوە، نە هاوسەنگی و بەرابەرییەکیان هەیە، نە بەڕاستی چارە و کێشەکە بە باشی و یەکجاری چارە دەکات. ئەویش لە کات و حاڵەتێک دایە کە توندوتیژی بە دژی ژنان لە ئێران گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار و لە جیهانیشدا بۆتە کەیسێکی تایبەت و هەستیار. کەوایە لە جیات ئەوەی بە لایەحە و پەسندکراوێکی ئاوا لاواز؛ باشتر وایە کە پێداچوونەوە بە یاسا بنەڕەتیدا بکرێ و لە دوای ئەو یاساکانی دیکە و ئەوجار دانانی یاسایەکی تایبەت و گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە دژی ژنان.

مەسەلەی زۆر گرینگ ئەوەیە کە ئێران یەک نەتەوە نییە، ئێران چەند نەتەوەیە، کە کەلتوور و داب و نەریتی ژنی هەر نەتەوەش بە هەموو خاڵە هاوبەشەکانەوە جا چ ئەوانەی بە زۆرەملی و ئاسمیلاسیۆن ساز کراوە و چ ئەوانەی کە بە لە پەنا یەک ژیان پێکهاتوون، لە زۆر بوارەوە جیاوازییەکی یەکجار زۆریان هەیە.

کەوایە ئەگەر بەڕاستی نییەتی چارەسەری ئەو پرسەش هەبێ، یەک یاسا و یەک ڕەوتی یاسایی وڵامدەری توندوتیژی دژ بە ژنان نییە و کێشەیەکی هاوبەش لە نێو چەند نەتەوە بەو مانایە نییە کە یاسایەکی هاوبەش و یەک جۆریش چارەسەری پرسەکە بێ. کەوایە لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێ نەتەوەکان بناسرێن، جیاوازییەکانیان بناسرێن، جا ئەوجار بۆ کێشە کۆمەڵایەتی وکەلتوورییەکان بە پێی دۆخ و ڕادە و جۆری کێشەکان یاسا و ڕێسای تایبەت جێبەجێ بکرێ. هەر وەک بۆ نموونە کە دەبینین شتێک کە لەنێو نەتەوەیەکی نێو ئێران عورفە، لە نێو نەتەوەیەکی دیکە ڕەنگە قێزەون بێ و بە پێچەوانە.

کاتێک لە نووسراوەکانی ویلایەتی فەقی قێزەونی بە نیسبەت ژن و مافەکانی دەبارێ، کاتێک یاسای بنەڕەتی ئەو ڕێژیمە هیچ مافێکی ئینسانی بەرچاو بۆ ژن قایل نییە، مەگەر ئەوانەی بۆخۆی بە مافی دابنێ. پێموانییە لایحەیەک و چەند یاسای نوێ لە پەنا دەریای یاسا توندوتیژییەکان بە نیسبەت ژنان کارێکی لە دەست بێ. کاتێک چاو لە نووسراوەکان، کتێبەکان و ئەو بابەتانەی کە ویلایەتی فەقییان پێکهێناوە دەکەین لەگەڵ شتی سەیر و سەمەرە ڕووبەڕوو دەبین بۆ نموونە؛ بە پێی فیتوا و قسەکانی خومەینی دەکرێ منداڵی سەر لانکە مارە بکردرێ، تەنانەت چێژیشی لێ وەربگیردرێ.

لە ڕاستیدا داڕێژەڕانی کۆماری ئیسلامی ژن وەک ئامراز دەبینن لە هەموو پرسەکاندا. بۆ نموونە لە زەمانی پەهلەوی لەگەڵ مافی دەنگدانی ژنان هەڵڵا سازکرا لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی ئێستادا بەڵام بۆخۆیان دوایی هەر بۆ قایم کردنی جێگەوپێگەیان و بردنە سەرێی ڕێژەی بەشداران لە گشتپرسییەکان دا ئەو مافەیان دا بە ژن. ( هەڵبەت دەبێ ئاماژە بە ئەوەش بکەین کە دۆخی ژنان لە کاتی دەسەڵاتداری پەهلەویشدا زۆر باش نەبوو، بەڵام هەردووک دەسەڵات لە بواری سیاسی و بەرژەوەندی دەسەڵاتداری خۆیانەوە چاویان لەو پرسە کردوە. )

بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە جیا لەو حاڵەتانەی کە باسمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کردن توندوتیژی بەرامبەر بە ژنی کورد توندتر و زیاترە.

بەڵام بۆچی دۆخی ژنی کورد بە نیسبەت ژنانی دیکەی ئێران خرابتر و نالەبارترە؟

ژنی کورد جارێک بە هۆی شارومەند بوونییەوە شارومەندی پلە ٢یە، جارێکیش بە هۆی کورد بوونییەوە شارومەندی پلە ٣یە. چونکە ژنی کورد بە حاڵەتی یەکەم ژنە، کە شامیلی هەموو توندوتیژییەکی یاسایی کۆماری ئیسلامی و توندوتیژی کەلتوورییەکان دەبێ ، بە حاڵەتی دووەم کوردە. کە تەواوی ئەو پێشێلکارییانەی بە دژی کورد بەکار دێ ژنانی ئەو نەتەوەیەش دەگرێتەوە و لەو بەشەش بێبەری نین، لە لایەکی دیکەوە ئێمەش وەک هەموو نەتەوەکان کەم وکووڕیمان هەیە بە نیسبەت مافی ژنان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژییەکان. کەوایە توندوتیژی نیسبەت بە ژنانی کورد لە بەرامبەر ژنی نەتەوەی فارس و تورک زۆر زیاترە لە هەموو بوارەکانی ژیان و ئاستەکاندا. بەڵام مەسەلەیەک کە هەیە ئەوەیە کە ژنی کورد بە نیسبەت ژنی گەلانی دیکەی نێو ئەو وڵاتە ئاگاتر و وشیارتر و بەرپرسیارترن، ئەوەش بە لەسەر خەت بوونیان دەبینین، یانی لە هەمان کاتدا کە کۆمەڵێک کەلتووری خراپمان بە نیسبەت ژنان هەیە، کۆمەڵێک کەلتووری زۆر باشمان بەو نیسبەت و ڕادەیە هەیە. بۆ نموونە تەنیا لەنێو کوردە کە ژن ئاوا شان بە شانی پیاوان لە جەرگە و بازنەی خەباتدا بووە و هەیە، وێڕای پیاو هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی گرتۆتەبەر و ئەزموونیشیان لێی هەیە، ڕێژەی بەشداریان بۆ کار و چالاکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و مەدەنی زۆر زیاترە و تەنانەت لە جۆری جلو بەرگ پۆشینیش و ئازادییە کەلتورییەکان لە نەتەوەکانی دیکە باشترن. ئەگەر بەڵگەی مێژوویی بێنینەوە، کۆماری کوردستان باشترین بەڵگەیە، چ بە چاو لێکردن لە یاساکانی بۆ بەرژەوەندی و مافی ژنان، چ بە کردەوە و پراکتیک، زۆربەی ئەو کارانەش لە ماوەیەکی کەمی یەکساڵەدا و لەو دۆخە ئاڵۆزەدا کراوە. چونکە کورد هەمیشە باوەڕی بە مافی ژن و هاوسەنگی هەبووە. ئەوەش بە چاو لێکردن لە مێژوو کورد دەردەکەوێ. ئەگەر ئەو دەرفەتانە نەبا کەسی وەک خاتوو مەستوورە ئەردەڵان لە سەردەمی خۆی دا نەدەبوو، یان ئەدەبیاتی کورد کە کەسایەتییەکانی ئەو گەلە دەڵێن ئافرەت، یانی خوڵقێنەر، یان خودی وشەی ژن کە لە ژین، ژیان دێت. خوڵقێنەری ژیان. یان لە مەڕاسمات و بۆنە مێژووییەکاندا، بەرابەری و یەکسانی ژن و پیاو دیارە و لە زۆر بابەتی دیکەدا ئەو یەکسانی و بەرابەرییە تەنانەت لە کار و باری ڕۆژانەشدا هاتوە. ئێستاش کە ژنی کورد لە

نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ڕادەیەکی بەرچاو لە پێشتر و لەسەر خەتترە، هی ئەو داب و نەریت و ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ لەبیری بکەین کە ئێمەش بەشی ناباشمان هەیە لە کەلتوورماندا کە بە جۆرێک توندوتیژی دژ بە ژنانە و بۆ پێشکەوتنی کورد بە تایبەت لە بازنەی خەباتدا و بۆ بەدەستهێنانی تەواوی ماف و حقووقی گەل و دیاری کردنی مافی چارەنووسمان و هەموو بابەتە پێوەندیدارەکان بە نەتەوەکەمان هەوڵی زیاتر بدەین. بە ئاڵوگۆڕ بەسەر بەشە ناباشەکاندا و نەهێڵین کە بەشە نەباشەکانی کەلتووری کە دەسەڵات سازی کردوە یان لە هێندێک لە گەلانی ئێران دا باوە ڕەخنە بکاتە نێو کەلتوور و ژیانمان. چونکە ئەوە حاشا لێنەکراوە زۆر داب و نەریت هەن کە هی ئێمە نین و بەسەرماندا سەپێندراون یان بەپێی تێپەڕ بوونی کات بە شێوەیەکی لاواز و جێنەگرتوو هاتوونەتە نێومان، بە تایبەت کە حکومەتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامیش بەردەوام هەوڵی زیاتر کردنی ئەو جۆرە کەلتوور و ڕەفتارانە دەدات. هەر بۆیە دەبێ هەوڵ و تێکۆشانمان زیاتر بکەین و زیاتر لەسەر ئەو پرسە لەسەر خەت بین و زیاد بوونی ڕۆژانەی ژنان بۆ بەشداری لە پرسی خۆیان و پرسی نەتەوەکەشمان نە تەنیا دڵخۆشکەرە و هومێدەکان زیاتر دەکات، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێرانێشی وەلەرزە خەستووە و دەستبەسەر کردنی ژنێکی دوو گیان لە ڕۆژهەڵات خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە یان تا ئەو ڕێژەیە ژنانی دەستبەسەر نەدەکرد و لە نەهادە ئەمنییەتییەکان هەڕەشەی لێ نەدەکردن. ئەوە ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی ژنی کوردی پێ مەترسییە بۆ دەسەڵاتەکەی ، چونکە ژنی کورد نە تەنیا وەدوای پرسی خۆی دەکەوێ بەڵکوو وەدوای پرسی نەتەوەکەشی دەکەوێ و لە هەمان کاتدا ڕەفتار و کردەوەکانی بوونەتە هۆی فێربوونی ژنی گەلانی دیکەی نێو ئێران لەوان. بۆ نموونە ئەو بوێرییەی کە ژنی کورد لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران هەیبوە تا ئێستا، ئەوە ماوەیەکی چەند ساڵەیە بۆتە کەلتوور و ڕەفتاری ژنانی گەلانی دیکەی ئێران و لە ڕاستی دا ئەو ئاستە لە بوێرییە لەو ڕێژەیە دا، لە بوێری و ڕوانین و بیرۆکەکانی ژنی کورد وەرگیراوە.

هەر بۆیەش ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەنا ئەوەی کە دایکن، خوشکن، هاوژینی کەسێکن، لە هەمان کاتدا چالاک و تێکۆشەرێکن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و هاوکات شۆڕشگێڕێکن بەپێی توانای خۆیان بۆ خەباتی ڕەوای کورد و بوونەتە کۆڵەکەی ئازادی و یەکسانی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئاستی توندوتیژی و جۆری توندوتیژی به شێوازگەلێکی جۆراوجۆر

شـەهێن بایزیـدی پـوور

من زۆر ناچمە نێو بەحسی توندوتیژی و پێناسە کردنییەوە، تەنیا دەتوانم ئەوندە بڵێم هەر جۆرە ڕەفتارێک کە ببێتە هۆی ڕەنجاندن و دڵگرانی ژن، چ بە زمان و چ جەستەیی و چ جنسی بە توندوتیژی دێتە ئەژمار.

هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە ژن دەڕەنجێنێ لە منداڵییەوە دەست پێدەکا، یانی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە قەرارادە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ژندا دەسەپێن و گرێدراوە بەوەیکە ئەو ژنە لە چ کۆمەڵگەیەکدا لە دایک دەبێ و گەورە دەبێ ئەو قرارادە کۆمەڵایەتیانە جیاواز دەکا. بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە بەپێی ئەوەیکە لە ناوچەیەکی زۆر تایبەتی جوغرافیایی جیهاندا هەڵکەوتووە و چوار ئایینیی گەورە لە شوێنی ژێنگەی ئێمە هەڵکەوتووە و بۆیە بوونی ئایین لە هەر وڵاتێکدا بەربەستێکی زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی ژن هەست بە بختەوەری نەکا، یانی ئەو قەراردادانەی ئەدیان دروستی دەکەن بۆ ژنان و وەک قەراردادی کۆمەڵایەتی لە بنەماڵەوە دەسەپێ و قەراردادەکان لە بنەڕەتدا پڕن لە توندوتیژی یانی سەرچاوەی یەکەمی ئایینەکان کە ئێمە پێی دەڵێن ئەدیانی ئاسمانی و بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ئێمەی تێدا دەژین سەرچاوەی گرتووە، بەپێی ئەوە ژن لە وڵاتی ئێمەدا بێ موراد لە دایک دەبێ و بە بێ ئەوی بگا بە ئاواتەکانی لە جیهان دەڕوات یانی گرینگترین هەستی ژن، هەست بە خۆشی کردن، هەست بە چێژ وەرگرتن، کە لە وڵاتی ئێمەدا بەپێی جوغرافیا و کولتوورەکەمان ئەو هەستە لە منداڵیەوە لە ژن دەستێندرێتەوە و یا ئەوەی کە زۆر کەمڕەنگ دەبێ.

هەست بە بختەوەری کردن، هەست بە خۆشبەختی کردن، هەست بە سەرکەوتوویی کردن بۆخۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن باوەر بەخۆبوونی لە سەرێ بێ، بەو ڕادەیە کە ژنانی ئێمە هەست بە بەختەوری دەکەن ئەوە کاریگری هەیە لەسەر هەستی منداڵەکەیان چ کچ و چ کوڕ.

هەر وەک دەزانن منداڵ لە ئامێزی دایکدا پەروەردە دەبێ هەرچەندە ژن هەست بە خوشبەختی و بختەوەری بکا بەپێی ئەوە ئەو هەستانە بۆ منداڵەکەی ڕادەگوێزرێ، توندوتیژیش لە ئامێزی دایکدا دروست دەبێتەوە، و خۆشەویستی و ئەویندارییش هەروا و ئەوە ئامیزی دایکە دەبێتە هۆی بەرفراوانکردنی هەستی منداڵ. بە واتایەکی دیکە منداڵ لە دایکەوە فێری ڕامووسین دەبێ لە دایکەوە فێری خۆشەویستی دەبێ لە دایکەوە فێری گوفتمان دەبێ و لە دایکەوە فێر دەبێ چۆن هەستە خۆشەکان و ناخۆشەکانی دەربڕێ و ئەو دایکە دەبێ بزانێ چۆن هەستەکانی خۆی بەو ڕادەیە کاریگەری لە سەر منداڵەکەی دەبێ.

زۆربەی دایکەکان هەست دەکەن کە توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێ هەست دەکەن زوڵمیان لێ دەکرێ. هەڵوێستی ئەو دایکە لە بەرانبەر ئەو زوڵمەدا کاریگەری هەیە یانی نەخشی سەرەکیی هەیە لە پەروەردەی منداڵەکەیدا، ئەگەر دایک لاواز بێ لە بەرانبەریدا و هەست بە قوربانی بوون بکا، کە بەداخەوە زۆربەی دایکەکان وان زۆربەیان هەست دەکەن کە قوربانین، ڕۆڵی قوربانی دەگێڕن، ئەگەر هەر چەنە حەقیشیان پێ نەبێ.

زۆر جار هەیە تەوهومێکی چکولە بۆتە توندوتیژی لە ماڵێ، ئەو توندووتیژیە شەرت نییە حەتمەن لە پیاوە بۆ ژن بێ، زۆر جار کە ژنەکە باوەڕبەخۆیی نییە و بە هۆکاری ئەوەی باوەربەخۆیی کەمە و هەست بە خۆشی و بەختەوەری ناکا، تووشی هێندێک ڕەفتار دەبێ کە دەبێتە هۆی ئەو توندوتیژیانە. ئەو دەقیژێنێ

ئەو جۆرە ژنانە تۆمەت لێ دەدن، بوختان ساز دەکەن، هاوسەرەکەیان دەبەنە ژێر پرسیار و لەبەر ئەوەی کە پاساوێک بۆ ڕەفتارەکەی خۆیان بێننەوە ڕۆڵی ستەم لێکراو لە ماڵێدا دەگێڕن. خودی ئەو درامایە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هەست بە قوربانی بوون بکا، منداڵ لەو حاڵەتەدا گۆشەگیرە و هەمیشە حاڵەتێکی بەرگریکارانەی هەیە هەمیشە هەست دەکا دەبێ بەرگری لە خۆی بکا، لە حاڵێکدا ڕەفتارەکەی پڕ لە توندوتیژییە. بەڵام وا دەنوێنێ کە مەترسییەک هەیە و دەبێ بەرگری لە خۆی بکا زۆربەی منداڵەکان وان و زۆربەی منداڵەکانی ئێمە بەو تراژێدیەوە دەژین کە لە خەیاڵی خۆیاندا خەریکن قوربانی دەبن ئەوەش لە دایکەکانەوە دەگاتە منداڵەکان.

بەداخەوە شتێکی دیکەی دایکەکان کە زۆر گرینگە، پێوەندییە سێکسییەکان لەگەڵ هاوسەرەکانیانە، ئەوان بە هۆکاری ئەوەی کە لەو پێوەندییەی خۆیان وەک کارتێکی براوە کەڵک وەردەگرن. ئەوەش دەگەرێتەوە سەر ئەوەی کە چێژ لە پێوەندییەکەیان نابینن برداشتێکی نێگەتیڤیان هەیە یانی پێیان وایە بۆخۆیان ئەمراز و کەرستەیەکن بۆ چێژبردنی پیاوکە و بە گشتی چێژ لە پێوەندییە سێکسییەکانیان نابینن و لە منداڵەکان وەک ئەمراز و قەڵغانێک کەڵک وەردەگرن.

زۆربەی دایکەکان بەبێ ئەوەی بزانن منداڵەکان لەلای خۆیان دەخەوێنن و ئیزن نادەن ئەو منداڵە لە تەمەنی چوکەیی و کاتێک پێویستە بە تەنیا بخەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و کاتێک پێویستە زۆر شت نەبینێ و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ دەیبەنە لای خۆیان دەیخەوێنن.

ئەو دایکانەی کە وەک سپەر و قەڵانێک کەڵک لە منداڵەکانیان وەردەگرن بە بێ ئەویکە هەست پێ بکەن ترسێک لە منداڵەکەیاندا دروست دەکەن وەکوو ترس لە تاریکی، ترس لە دەنگ، ترس لە ئاژەڵ و هێندێک ترسی دیکە کە منداڵ هیچ پێناسەیەکی بۆ ئەو ترسانە نییە و دایکەکە بەهۆی ئەوەیکە دەڵێ دڵم نایە منداڵەکەم لە ژوورێکی دیکە بخەوێنم، ترسێک بۆ منداڵەکە ساز دەکات کە تا کاتی گەورەبوونی ئەوە منداڵە ترسەکەش لەگەڵ منداڵەکە گەورە دەبێ و بە بێ ئەویکە منداڵە بزانێ بۆ دەترسێ و بێ ئاگایە لەوەیکە دایکی ئەو ترسانەی بۆ دروست کردووە و ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە و یەکێکە لەو توندوتیژییانەی کە بەسەر ژنیدا دێ و لەو پێوەندییەدا لەگەڵ مێردەکەی چێژ نابینێ هۆکارەکەشی تەنیا ئەوەیکە کە منداڵەکەی لەلای خۆی دەخەوێنێ.

توندوتیژی لە بنەماڵەدا دژ بە ژنان کاریگەری و کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر منداڵ دەبێ بۆیە ناچارم زۆر ڕاشکاوانە بڵێم یەکێک لەو شتانەی کە کێشەبۆ منداڵەکان ساز دەکا ئەوەیە کە بەو پێیەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پێناسەی توندوتیژی پێناسەیەکی تاکەکەسییە و بەپێی پەروەردەی، کەلتوور و ئایین لە هەر بنەماڵەیەک توندوتیژیەکان پێناسەی تایبەتیان هەیە و زۆر جیاوازن و گەورەترین کێشەیە بۆ منداڵان بۆ نموونە شێوازێک لە قسەکردن یان یان شۆخی کردنی ڕۆژانە کە نە بۆ ژنەکە و نە بۆ پیاوەکە توندوتیژی نییە بەڵکوو تەنیا شۆخی و قسە کردنێکی ڕۆژانەیە لە نێوان خۆیاندا ئەوەی کە ژن و مێرد شتێک بە ئاسایی لە نێوان خۆیاندا دەزانن لە منداڵەکەدا کاردانەوەی خراپ و نێگەتیڤی دەبێ و یەکێک لە باوترین شۆخییەکانی بنەماڵە کە پیاو بە ژنەکەی دەڵێ ژنی دووهەم و مافی خۆمە و ئایین ئیزنی پێداوم چوار ژن بێنم و یان یەکتر شکاندنەوەیەک کە بۆ ئەوان تەنیا شۆخییەکی ئاساییە و بەس ونازانم کە بە وتنی ئەم جۆرە قسانە ڕۆحی منداڵەکە ئازار دەدەن و تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن.

شتێکی دیکە کە زۆر گرینگە و دەبێ دایکان ئاگایان لێ بێ ئەوەیکە کە ڕووداوەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر منداڵان بۆ نموونە لە دەستدانی هەر ئەندامێک لە بنەماڵەدا و چۆنیەتی دەربڕینی هەست و هەڵوێستی گەورەکان لە سەر منداڵ کاریگەری نەرێنی دەبێ.

دایک و باوک هەموو ڕۆژێک لە دەستدانی دایک و باوکی خۆیان وەک تراژیدیایەک بۆ منداڵەکانیان دەگێڕنەوە و ئەو دەبێتە هۆکارێک کە ئەو منداڵە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لەگەڵ مردن و نەمان ئاشنا بێتەوە و ڕاستەوخۆ بە بێ ئەوەیکە باوک و دایک بزانن ترسێکان لە منداڵەکەیاندا دروست کردووە کە خودی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە جۆرێکە لە توندوتیژی و تووی بێ هیوایی لە ناخی منداڵێکی چووکەدا دەچێنێ.

یەکێک لەو بابەتانەی کە دەتوانم بڵێم کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر منداڵ هەیە شێوەی قسەکردن و ئاخاوتنی باوک و دایکە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر منداڵ دەبێ، منداڵ قسەکردن و ئاخاوتن لە بنەماڵەوە فێر دەبێ و بەپێی ئەوەیکە ئەو ئاخاوتن و قسەکردنە چەندە بەهێز بێ، چەندە خۆشەویستانە بێ و چەندە نەرم و لە سەرەخۆ بێ منداڵ ئەو جۆرە قسەکردن و لێدوانە هەڵدەبژێرێ و لەگەڵ هاورێکانیدا بەکاری دێنێ.

ئێمە منداڵەکانمان فێر ناکەین دەردەدڵ بکەن فێریان دەکەین دەردەکانیان بشارنەوە لە بەر ئەوەیکە ئێمە بۆ خۆمان دەردەکانمان لای خۆمان دەشارینەوە، دایک و باوک زۆر کەم وایە لە پێش چاوی منداڵەکانیانەوە تەنانەت هەستی خۆیان بۆ یەکتر دەربڕن و ئەگەر بیانهەوێت ئەو کارەش بکەن حتمەن دەڵێن منداڵەکەمان دانیشتووە نابێ ئەو کارە بکەین و ئەوە دەبێتە هۆکارێک کە هەمیشە منداڵ هەستەکانی دەشارێتەوە و ناتوانێ هەستە خۆشەکانی دەربڕێ.

دەبێ منداڵەکانمان فێر بکەین کە کێشەکانیان لەگەڵ خۆیان گەورە نەکەن، ئەوەیکە دایکان و باوکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کێشەیان هەیە و گوفتمانێکی هاوبەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



زۆر بەکەمی لە نێوانی بنەماڵە و جیرانەکاندا دەبینین ئەوەیکە ئێمە فێر بووین کێشەکانمان لە خۆمان و خەڵک بشارینەوە و لە گەڵمان گەورە بێ و کاتێک ئەو کێشانە لەگەڵمان گەورە بوون ئیتر کێشەکان بە جۆرێک بەهێز و زاڵ دەبن کە چارەسەر ناکرێ و

لە کاتێکدا کێشەکەش ئۆغدە و ترسێکی بچوکی منداڵییە کە لە منداڵییەوە لەگەڵت گەورە بووە و بێ ئەوەی خۆت بزانی ئەو کێشەیە و ئەو برینە وەک میراتێک بۆ منداڵەکەت بە جێماوە جا ئەو کێشەیە دەتوانێ وەک ژنێک لە کۆمەڵگەدا زوڵمی لێ کرابێ، دەتوانێ وەک زلەیەک بێ دەتوانێ وەک قەزاوەتێکی ناشایست بێ کە ئەودەم لە سەرت کراوە بە خاتری ئەوە فێربووی دردەدڵ نەکەی، کە دردە دڵ نەکەی کێشەکە ون دەبێ لە خۆت و هەزار کێشەی تر دروست دەبێ کە هیچ پێوەندییەکی بە کێشەی پێشوترەوە نییە، شەڕەنگێزی، بەدبینی، بێتاقەتی، بێهێزی، ئەویکە مرۆڤ خەیاڵی نەبێ ئەوەی کە قەناعەت بکا بە هەموو شتێک، ئەوانە تەواوی دەتوانێ دووبارەبوونەوەی توندوتیژی بێ کە لە منداڵییەوە وەک کچ بە دایکەکە کراوە یا وەک کوڕ تەنانت بە باوکەکە کراوە و ئەوە لەگەڵی گەورە بووە و بۆ منداڵەکەی ڕاگوێزراوە.

مندالەکانمان فێر کەین گوفتمانێکی ڕاحەتمان پێکەوە هەبێ. ئەگەر دەستی دێشێ ئەگەر دڵی لە منداڵێکی تر هێشاوە ڕاحت بتوانێ دەردەدڵەکەی بڵێ کە ئەو کێشەیە هەر لە منداڵیدا چارەسەر بکا و کۆی نەکاتەوە. سور سور منداڵە دەزانی دایکی لەگەڵ نەنکی کێشەی هەیە بەڵام کە نەنکی دێ بە جۆرێک ڕەفتار دەکات کە ئەو کێشەیە دەشارێتەوە، ئەوە منداڵەکە فێر دەکا کە ڕووڕاست نەبێ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری تەنانەت ئەگەر دایکی خۆی بێ بەخاتری ئەوە دەبێ ژنەکان لەوەدا زۆر وریا بن کە کێشەکانیان کە لە منداڵییەوە لەگەڵیانە بە شێوەیەک نەدەنەوە بە منداڵەکانیان کە دیسان ئەوە بۆ منداڵەکە بێتە کێشە و نەتوانێ گوفتمانێکی ڕاحت لەگەڵ خۆیان و هاوڕێکانی بکا.

ئەوە زۆر گرینگە کە دایکەکە بزانێ، چ کچەکەی چ کوڕەکەی ئاوا منداڵ نامێنێ ئەویش دەبێ بە باب و ئەویش دەبێ بە دایک لە ئێستاوە وای ببینێ کە خەریکە دایک و باوکێک بۆ داهاتوو پەروەردە دەکا. هەتا کوڕەکەی فێر بکا گوفتمانێکی باش و دروستی لەگەڵ کچەکەی و لەگەڵ خۆی بێ. تۆ بنەماڵەیەک دەدەی بە کۆمەڵگە دەتوانێ زۆر بەختەوەر و زۆر سەرکەوتوو بێ.

ئەو تەورە ئاو زۆر دەبا قسەی زۆر لەسەرە و دڵنیام زۆری کتێب لە سەر نووسراوە، زۆری موتالعە لە سەر کراوە، زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و بڵاو بۆتەوە و هەر کەس دەتوانێ ئەو تەورە لە گوگل سێرچ کات و بە هەر زمانێک تێدا شارەزایە زیاتر بخوێننەوە.

یەکێک لەو شتانەی کە کێشەیە بۆ ژنی ئێمە مافی بڕیاردانە مافی هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنی خانوو، هەڵبژردنی جلوبەرگ، هەڵبژاردنی خواردن، هەڵبژاردنی خۆشەویستی، کە بەداخەوە ژنی ئێمە لە کاتی لەدایک بوونەوە هەتا مردن لەسەر ئەو هەڵبژاردن و بڕیاردانانە هەمیشە کێشەی هەیە. چونکە یاسا مافی نیشتەجێبوون نادا بە ژن یاسا مافی هەڵبژاردنی هاوسەر نادا بە ژن و دەبێ چاوەڕوان بێ تا هەڵدەبژێردرێ.

خودی لاواز بوونی ژن لە بڕیارداندا، ژنی ئێمە زۆر کەم وایە بە دڵنیایەوە بڕیار بدەن هەمووکات بڕیارەکان بە ئێزن وەرگرتن لە کەسێکی دیکە کە یان برایە یان باوکە یان هاوسەر یان کەسانی دیکەی نیزیکی و تەنانەت لە کۆتاییدا دەبێ ئێزن لە کوڕەکانیان وەرگرێ.

هەر ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە منداڵەکانیان هێزی بڕیاردانیان نەبێ، چ کوڕ و چ کچ ئێمە منداڵەکانمان بڕیاردانەکانیان زۆر ئاستەمە زۆر لە منداڵەکانمان چاو لە یەک دەکەن و دوایە بڕیار دەدەن یانی بڕیاری تاکەکەسی لە منداڵەکاندا زۆر نادیار و کەمڕەنگە، تەنانەت ئەگە بۆ هەڵبژاردنی جۆرێک خواردن بێ کە لەبەردەستیاندایە و ئەوە بۆخۆی کێشەیەکە لە داهاتوودا ئەو منداڵە هەمووکات لەگەڵی ڕووبەڕوویە یانی قەت بە دڵنیایەوە بڕیار نادا و بە دڵنیایەوە شۆڕش بکا بۆ ئەو خواستەی هەیەتی هەموو کات بە دوودڵی بڕیار دەدا و هەمووکاتیش بە دوودڵی وەدوای خواستی خۆی دەکەوێ و هەمیشەش بە دوودڵی چێژی لێ وەردەگرێ ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵە لەو بڕیاردانەی خۆیدا هەست بە بەختەوەری بکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



جەمیل سەرمەستی

# جیاوازیی لە تواناییەکاندایە نەک ڕەگەز

لەو کاتەوە کە مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی و خاوەن ئاوەز لە دەوری یەکدا و بە کۆمەڵ دەژین و بەرژەوەندییەکانیان لێکیانی گرێداوە، بەپێی هەندێک پێوەرگەلی تایبەت بە خۆیان یاسا وڕێساگەلێکیان بۆ ژیان پیکهێناوە و وەکوو نەریت و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان جیل بە جیل و بەرەبەرە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و لە گەڵ تێکەڵبوونی زیاتری مرۆڤەکان و شەڕ و ئاڵۆزییەکان و داگیرکارییەکان جێگۆڕکێ بە فەرهەنگ و داب ونەریتی گەلان کراوە و بەردەوام ئەم ئاڵوگۆڕانە بەپێی دەسەڵات و یاساگەلی داسەپاوەوە، دواکەوتوویی و لە هەندێ بواریشدا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە و تا ئەمڕۆ هاتووە.

بە سەرنجدان بە لێکەوتەکانی ئەو ڕەوتە مێژووییە و دابەشکارییە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ و پارادایمە هزری و فەلسەفییەکان، کۆمەڵیک قەیران و کێشەی مرۆیی و ڕوانینی دروستکراوی ئاڵۆز کە خودی مرۆڤەکان و دەسەڵاتەکان لە ڕێگای ئایین و هێز و پەروەردەوە بەپێی بەرژەوەندی و قازانجی تایبەت بەرهەمهێنەری بوون و هەن. بەرۆکی تاک و کۆمەڵگەکانی گرتووە و بە پێوەر و بارستایی جیاوازەوە خۆیان ئاڵاندۆتە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤەوە.

یەکێک لەو کێشە کێشدارگەلەی مرۆڤ کە بەردەوام لە گەڵ ڕەوتی ژیان و بەسەرهاتە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگە و وڵاتەکاندا لە ئاڵوگۆڕدا بووە، کێشە و پرسی ڕوانین بۆ مافی ژنان بووە کە سەرەکیترین بنەمای فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگەیەک لەو ڕوانینەوە دەستپێیدەکا و خۆی دەهاوێژێ بۆ لق و پۆکانی دیکە، بە تایبەت ئاستی تێگەیشتنی خودی ژن و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر سەرکەوتن و شکان، پێشکەوتن و دواکەوتوویی،پەروەردە یان پەرواری کۆمەڵگە تا دەگاتە شۆڕش و سەرهەڵدان و هاوکێشە سیاسییەکان.

لێرەدا باس لەسەر ئەوەیە کە پێناسەکەمان بۆ ژن وەکوو مرۆڤێک بێ و بە تاک بۆ ماف و داخوازی و توانایی و ئەرکەکانی بڕوانین یان وەکوو کۆمەڵێکی لێکگرێدراو و بەشێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بە کۆمەڵ چاو لە ژن و مافەکانی بکرێ.

کۆمەڵگە و تاک زۆر لە پیتەکانی ئەلفوبێ دەچن، هەموو پیتەکانی ئەلفوبێ پێکەوە دەتوانن ببنە بنەما وداڕێژەری ڕێزمان و ڕێنووسێکی تایبەت بە زمان و زاراوەی جیاواز بەڵام ئەوە تەنیا پیتە دەنگدارەکانن کە بزوێنەری کۆمەڵگەی ئەلفوبێن و ئەوان دەتوانن پیتەکانی دیکەش بە جووڵە بخەن و وشە و ڕستەی واتادار بەرهەم بێنن، تەنانەت ئەگەر بزۆکەیەکیش بێ و لاواز و بچووکیش بێ بەڵام هەر بزوێنەرە و دەتوانێ لەسەر هەموو پیتەکانی دیکە کاریگەریی هەبێ و بیانکاتە وشە و بزوێنەر وبارمەتیدەری کۆمەڵگەی خۆی بێ، بەڵام هەر ئەلفوبێ و ڕێنووسێک بۆ زمانێکی تایبەت دەبێ و بە کەڵکی زمانێکی دیکە نایە و ناتواندرێ کۆپی بکرێ بۆ زمانێکی تر، مەبەست لەم شوبهاندنە لێکچوونی تاک لە گەڵ پیتەکانی ئەلفوبێدایە،هەرچەند لەوانەیە بەشێکی کەم لە تاکی هەر کۆمەڵگەیەک



دەنگدار و بزوێنەر بن بەڵام هەر ئەوانن کە بەپێی بارستایی ئەرکەکانیان و تێکۆشان و دەنگیان ئاراستەی کۆمەڵگەی خۆیان دەگۆڕن و دەتوانن بە پێی جیاوازیی کۆمەڵگەی خۆیان واتای پێبدەن نەک ڕێنووسی ژیانی کۆمەڵگەیەکی دیکە بخەنە سەر ڕێنووسی ژیانی خۆیان.

مەبەست ئەوەیە کە ژن بە جێگای ئەوەیکە پێناسەی جیا و وەکوو کۆمەڵێکی دژبە پیاو بۆ خۆی بکا لە پێشدا دەبێ وەکوو تاکێکی کۆمەڵگەی خۆی بە بێ ئەوەیکە خۆی بە ژنێک و لە پیاو جیا بکاتەوە سەرنجی ماف و ئەرکەکانیشی بدا و هێز و وزەی خۆی و بەشەکەی دیکەی کۆمەڵگەکەش بە لاریدا نەبا.

بە کوردی و بە کورتی بۆ ژنی کورد لەم قۆناغەدا پێویستە کە لە پێشدا وەکوو کوردێک بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کە وەکوو سەرەکیترین ئەرکی سەرشانییەتی وبە بێ ئەوەیکە بەرەیەکی دیکە جیا بکاتەوە کە هێزی کۆمەڵگە دابەش بکا تێبکۆشێ و کاتێک کە دەسەڵات و سەروەرییەکی سیاسیی هەبوو ئەو کات دەتواندرێ بەپێی ئەو دۆخی مرۆیی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگە و بۆ بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵ و یەک لەوان ژن داخوازیی مافگەلیک بکرێ کە بە کۆمەڵ لەو وڵاتەدا نادیار و بزرن.

ئەوەیکە ئەمڕۆ و لە کوردستاندا دەبیندرێ بازدانیکە بەسەر مافە سەرەکییەکانماندا و ڕاکێشانی هێز و وزەی هزری و بیری و جەستەیی بەشیکی بەرچاو لە ژنانی کۆمەڵگەن کە لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی ژنانەوە بە تایبەت چەپەکان و تەنیا وەکوو چاولێکەری لە ڕێکخراوەی دیکەی ژنان لە وڵاتگەلی تردا کراونەتە سەرچاوەی داخوازییەکانیان کە ئەوەش بۆتە دیاردەیەک و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و بە تایبەت پەروەردەی جیلی داهاتوودا داناوە و بە بێ خەسارناسی و کۆمەڵناسییەکی کۆمەڵگەی کوردستان ناکرێ و نابێ هیچ دیارییەکی هزری بخرێتە بازنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیی ئەم وڵاتە و هیچ وڵاتێکی دیکەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بەربەستەکانی ژنان لە ئێران

وەنەوشە کەریمزدە

بارودۆخی ژنان لە ئێران مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بووە، مێژوویەک کە ئەو هەوراز و نشێوەی بە مانای باشتر بوونی دۆخی ژنان لەو وڵاتە نەبووە و زیاتر ئاسایی کردنەوەی سەرکوت کردن و زەبروزەنگی ئەوان ئەژمار دەکرێ، هەڵبەت ئەوە لەبیر نەکەین کە ئەو بارودۆخە تەنیا ژنانی ئێران ناگرێتەوە و بە درێژایی مێژوو ژنانی تەواوی دنیا لەگەڵ ئەو دۆخە دەست و پەنجەیان نەرم کردوو. چ لە وڵاتانی پێشکەوتوو و چ لە وڵاتانی دواکەوتوو و ژنان هەردەم هەوڵی خۆیان داوە کە لەسەر مافەکانیان دەنگ هەڵبرن و تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون، بەڵام ژنانی ئێران جیاوازن و تاکوو ئێستا بەردەوام لە هەوڵ دابوون بەڵام بە بچووکترین مافی خۆیان نەگەیشتوون، ژنانێک کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامی و تەواو دیکتاتۆریدان کە هەر لە سەردەمی هاتنەسەرکاریەوە بەشێک لە هێزی خۆی خستۆتە خزمەت سەرکوتکردنی ژنان و تاکوو ئێستا واتە زیاتر لە ٤٠ ساڵە بەردەوام ژنانی خستۆتە ژێر گۆشارەوە و بە بەهێزکردنی پیاوسالاری لەو وڵاتە چ وەک حکومەت و چ شێوازی پیاوسالاری بە سەر ژناندا لە دوو لایەنەوە زەختیان خستۆتە سەر ژنان و کچان. بەڵام ژنانی ئێرانیش وەکوو ژنانی وڵاتانی تر بە بوونی ئەو هەموو زوڵمە هیچکات بێدەنگ نەبوون و بەربەرەکانیان لەگەڵ ئەو دوو دەسەڵاتە واتە حکوومەت و پیاوسالاری کردووە.

لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەک بە مێژووی ژنان لە ئێران دەکەین. بارودۆخی ژنان هەر لەسەردەمی هاتنە سەرکاری ئەو حکوومەتە تاکوو ئێستا، بێ گومان لە دۆخ یان جێگە و پێگەی ژنان سەرچاوە دەگرێ، لە چەشنی حکوومەتەوە دەبێ. حکوومەتەکان لە ئێران ئاسەوارێکی ڕاستەوخۆیان لەسەر دۆخی ژنان هەبووە. بۆوەش دۆخی ژنان لە ئێران پێش شۆڕشی ١٣٥٧ و پاش ئەو دەبێ تاوتوێ بکرێ.

شایەکانی پەهلەوی لە ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٧٩ حاکمی ئێران بوون و گۆڕانکارییەکی زۆریان لەبواری مافی ژنان ئەنجامدا. یەکێک لەو گۆڕانکاریانە کە لەلایەن ڕەزاشا کرا، لابردنی ڕووپۆش بوو کە بە بڕیارێکی تایبەتی لە ساڵی ١٩٣٦ دەرکرا، ڕەوتی دەستێوەردانی پرسی ژنان لە کۆمەڵگە زۆر بوو و ژنان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بواری ئابووری، فێرکاری و ڕاهێنان و هێزی کار بەشداریان بوو، ئاستی خوێندەواری باش بوو، ڕەزاشا بە ڕێکخراوە ڕاهێنەرەکانی ڕاگەیاند بە تایبەت زانکۆکان کە دەبێ کچان لەم شوێنانە نێونووسی بکەن، لە دەورانی مەحەممەدڕەزا شا هێندێک گۆڕانکاری دیکە سەبارەت بە مافی ژنان ئەنجامدرا بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٣ پەسەندکراوێک بوو کە ژنان مافی دەنگدانیان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن و ماوەیەک دوای ئەو بڕیارە یەکەمین پارێزەرانی ژن لە مەجلیسی شۆڕای نەتەوەیی لە هەڵبژاردەکانی سەرانسەری دەنگیان هێناوە و توانیان بچنە مەجلیسەوە و وەکوو دادوەر و وەزیر لە دەفتەری هەڵبژاردن بن. نموونەیەکی تر کە دۆخی ژنانی ئەوکات تا ڕادەیەک بەرەو باشی برد یاسایەک بوو کە لە نێو یاسای مەدەنی جێبەجێ کرابوو کە بۆ لایەنگری کردن لە هاوسەران، منداڵان و ژنانی تەڵاق دراو دارێژابوو و ئامانجی ئەو یاسایە بۆ چوونەسەرێی پلەی بەرامبەری ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵگە بوو. لە کۆتایی دەورانی پەهلەوی هەروەها یاسای لایەنگری بنەماڵە لە ساڵی ١٣٥٤ پەسندکرا کە ئەرکی ئەوە بوو سەبارەت بە تەڵاق بەجێگای ڕاگەیاندنی تەڵاقی ناڕوونی شەرعی ئیسلام کە دەڵێ: «ئەمن تۆ تەڵاق دەدەم» بۆ دادگا بڕوات ئێزن بە هاوسەرەکەی دەدا ژنەکەی تەڵاق دا و ئێزنی هاوسەری ئەوەڵ بۆ مێرد بۆ ئەوەی داخوازی ژنی دووهەم بێ، سەرپەرستی منداڵ پێش ئەوەی بە بابی بدرێ بکەوێتە بەر دادگاکانی لایەنگری لە بنەماڵە، تەمەنی هاوسەرگیری کچان لە ١٣ بە ١٥ ساڵ و ١٨ ساڵ گەیشت و پێش شۆڕشی ١٣٥٧، ٥١٠٠ ژن لە پۆستی گەورەی بەڕێوەبەری لە سەرانسەری وڵات، ٢٢ ژن لە مەجلیسی شۆڕای میللی ٥ ژن شارەدار و ٣٣ کاری ڕاهێنانی بەرزی ئێران لە سەر ژنان بوو و هەروەها دوو ژن بە ناوەکانی «فەڕوخڕور پارسا»و «مەهناز ئەفخەمی» لە پۆستی وەزارت خزمەتیان دەکرد. هەروەها ژنانێکی زۆر لە نێو گرووپە سیاسییەکان چالاکیان دەکرد کە ناسراوترینیان «ئەشرەفی دێهقان» بوو.

بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٣٥٧ دەورانێکی نوێی بۆ ژنان لە ئێران دەستی پێکرد، قۆناغێک کە زۆربەی پەسندکراوانێک کە بۆ ژنان دیاری کرابوو لە دەورانی پەهلەوی خەتی سووری بەسەردا کێشرا. هەرچەند ژنانێکی زۆر کە ئاستی خوێندەواریان لەسەرێ بوو و لە شۆڕشی ١٣٥٧ بەشداریان کرد، بەڵام ڕێبەرایەتی خومەینی بابەتی نەسازراوی بۆ، ژنان بەدواوە بوو. لە ڕاستیدا لە دەورانی پاش شۆڕش ژنان لەگەڵ گرفتی سیاسیی زۆر سەبارەت بە بەرامبەری لەگەڵ پیاوان بەڕەوڕوو بوون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٩١ حیجاب بۆ ژنان بوو بە زۆرەملی و بەرهەمی کەلوپەلی جوانکاری ژنان حەرام و قەدەغە کرا و جەوازی دروست کردنیان پووچەڵ کرا و سزای زۆر قورسی لە لایەن پۆلیسی ئەخلاق بۆ لابردنی سووراوی لێو بە تیغ بەکاربردرا.

دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران یاسای لایەنگری لە بنەماڵە کە ژمارەی چەند هاوسەری سنووردار دەکرد و مافی تەڵاقی بە ژنان دەدا و تەمەنی هاوسەرگیری کە پەسەندکرابوو، هەڵوەشاندەوە. کۆماری ئیسلامی پێشگیری لە دووگیانی قەدەغە و تەمەنی هاوسەرگیری کچانی لە ١٥ ساڵ هێنا سەر ٩ ساڵ و هەروەها ژنانی لە خوێندەواری لە هێندێک ڕشتەی جۆراوجۆری خوێندن و کار بێبەش کرد.

بە مردنی خومەینی سەرکۆماری ئەوکات تاڕادەیەک جێگە و پێگەی ژنانی بەهێزتر بوو بەڵام دیسان ژنان لە ئێران لە مافی بەرامبەری لەگەڵ پیاوان بێبەش بوون. زۆربەی کێشە و گرفتەکانیان بێ چارەسەر مابووە هەرچەند کە ژنان هاتنە نێو کابینەی دەوڵەتی بەڵام هیچ جیاوازیەک نەبوو سەبارەت بە بارودۆخی ژنان، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٩ «فاتیمە بوداغی» کە بوو بەجێگر و ڕاوێژکاری ئەحمەدی‌نەژاد تا ڕادەیەک وا بیر دەکراوە کە چوونی ئەو ڕاوێژکارە ژنە بەڵکوو لە سەر دۆخی ژنان گۆڕانکاری دروست بکا. بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە کەشەکە بۆ ژنان کراوەتر دەبێ، چۆنکە ژنان لە زۆربەی چالاکی کۆمەڵایەتییەکان بێبەش بوون و لەو ڕێگایە لەگەڵ بەرهەڵستی زۆر ڕووبەڕوو بوون. یەکێک لەو بەرهەڵستانە ڕێگری ئامادەبوونی ژنان لە یاریگاکان بوو بۆ بینینی کێبەرکێی تۆپی پێ هەرچەند کە لە مانگی یاسای لایەنگری لە بنەماڵە کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ژمارەی چەندهاوسەری سنووردار دەکرد و مافی تەڵاقی بە ژنان دەدا و تەمەنی هاوسەرگیری کە چووبووە سەرێی هەڵوەشاندەوە، کۆماری ئیسلامی بابەتی بەرهەڵستانەی دیکەی بۆ چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران حیجاب بوو، نارەزایەتی دژی حیجابی زۆرەملی بوو بە هێمای خۆراگری لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر هەڵمەتیان دژ بە حیجاب و دژ بە کردەوەی کۆماری ئیسلامی وەرێخست، بۆ نموونە هەڵمەتی «ئازادی بە نەهێنی» کە لەلایەن رۆژنامەوانێکی ژن بە ناوی مەسیح عەلینەژاد وەرێکەوت کە ژنانی ئێرانی هان دەدا کە بە بێ حیجاب وێنەی خۆیان بڵاوکەنەوە کە دوای ئەو زیاتر لە ٥٣ نارازی تەنیا لە تاران دەستبەسەرکران ژنانێک کە بەتاوانی خۆپێشاندانی دژی حیجابی زۆرەملی دەستبەسەر دەکرێن کە کەوتنە بەر ئەشکەنجە و لێدان و راگرتن لە ژووری تاکەکەسی، ئەو نارەزایەتیانە دژ بە حیجاب بە تێپەربوونی کات گەورەتر بۆوە و لە دێسامبری ٢٠١٧ و ژانویە ٢٠١٨ هەر سەبارەت بە حیجابی زۆرەملی لەچکی خۆیان هەڵگرت کە ئەو ژنانە بە «کچانی شەقامی ئینقیلاب» ناسران و لە زۆربەی شارەکان ژنان و کچانێکی زۆر ئەو کارەیان کرد و بەرامبەر بە ئەو حکومەتە دیکتاتۆرە وەستان کە ئێستاکەش بە تاوانی دژی حکومەت لە بەندیخانەکانی ژێر دەستی دەسەڵاتداری زاڵم و دژی مرۆڤایەتی کات و ساتی ژیانیان لە بارودۆخی خراپ و ژێر ئەشکەنجە تێپەڕ دەکەن. ئەو حکومەتە نەشیاوە نەتەنیا تاوان بۆ کەسانێک کە نارەزایەتی دەردەبرن دابین دەکا بەڵکوو بۆ کەسانێک کە لایەنگریش دەکەن دەردەکا، یەکێک لە لایەنگرانە «نەسرین ستوودە» پارێزەری مافی مرۆڤی ئێران کە لایەنگری لە ژنانێک دەکرد کە بەتاوانی حیجابی زۆرەملی کە دەوڵەتیان بەدواە بوو، و بە ٨٣ ساڵ بەند و ٨٤١ زەربە شەلاق مەحکووم کرا ئەو بەتاوانی پێکهێنان و کۆکردنەوەی خەڵک دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی، بانگەشە دژبە حکومەت، بەشداربوون لە گرووپە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ و تێکدانی ئاسایشی گشتی وبڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسەی بە نیازی خراپییەوە لە دادگا بێ دادگایی کردن، کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرا، یانی تاوانێک کە بۆ دانە دانەی ئەو کەسانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر دژ بە حکومەت دەستبەسەر دەکرێن دەردەکرێ، و یەکێک لە ٧ پارێزەری مافی مرۆڤە کە لە ساڵی ٢٠١٨ لە ئێران دەستبەسەر کرا، کاردانەوەی دەوڵەت سەبارەت بە ئەو بابەتەی خۆپێشاندانی دژی حیجابی زۆرەملی توند بوو و ئاوا بڕیار درابوو کە هەرکەس لە خۆپێشاندانی دژی حیجابی زۆرەملی بەشداری بکا تا ١٠ ساڵ بەندکرانی بۆ دەبڕنەوە و بارودۆخی ژنان لەوماوەیەدا زۆر کەوتبووە ژێر تەوژمی ئەندامانی ژنی گشتی ڕێنوێنی ژنان لەژێر ناوی (امر بەمعروف و نهی از منکر) واتا «هاندان بۆ چاکە و دووری لە خراپە» کە لە شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان ژنانێک کە بە دڵخوازی حکومەت حیجابیان نەبوو ئازار دەدا و ژنانیان دەخستە ژێر لێدان و زلە و فەرمانیان پێ دەدان و بە بیانووی ڕێنوێنی کردن ژنان هەر جۆرە هەڵسوکەوتیان دەکرد کە تاکوو ئێستاش درێژەی هەیە و توندترین توندوتیژی دژی ژن بوو کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی بڕیار درابوو و گەشتی ڕێنوێنی هەڵبژاردەی ڕاستەوخۆ لەلای حکومەتە کە ئێزن پێدراون کە ژنان تەمبێ و تەنانەت دەستبەسەریشیان بکەن و تاکوو ئەمڕۆکە ئەو گرفتە چارەسەر نەکراوە و ژنان بەترس و نیگەرانی لە شوێنە گشتییەکان ئامادە دەبن.

هەر ئەوجۆرە کە ئاماژەی پێکرا بارودۆخی ژنان پاش شۆڕشی ١٣٥٧ نەتەنیا باش نەبوو بەڵکوو بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی زۆر خراپتر بووە و ئەو گۆڕانکاریانەی بۆ ژنان لە دەورانی پێش شۆڕش بۆ ژنان دەرکرابوو بۆ جێگە و پێگەی ژنان، لەلایەن کۆماری ئیسلامی هەڵوەشاوە، زۆر جێگای خەم و خەفەتە کە لە دنیا ژنان پێ بە پێی پیاوان و لە پانتایی زانست و فەرهەنگ دەڕۆنە پێشێ، ژنانی ئێرانی لە ژێر سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامی دژەژن دەبێ زووم بخەنە سەر حیجاب و ئەوەیکە لە یاریگاکاندا ئامادە بن یا نەبن، کە سەرەتاییترین مافی تاکە.

مانای وەها بارودۆخێک بۆ ژنانی ئێرانی زاراوەی ژنانی مودێرنی نەریتیە یانی ژنێک لە ئێران دەتوانێ هاوکات هەم نەریتی بێ و هەم مۆدێرن، بەومانایە کە حکوومەت ڕۆڵێکی کە بۆ ژنانی بە وێنە کێشاوەتەوە ماڵداری و ئاگاداری لە منداڵ و بنەماڵەیە، لە حاڵێک کە ئەوان لە دونیایەکی مۆدێرندا دەژین، ڕوون نییە کە هەوڵی بزووتنەوەی ژنان لە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بەرەو، کوێ دەکێشرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی ئەرکی هەموو کۆمەڵگەیە

کۆمار



کاتێک سەیری بابەتی توندوتیژی دەکەین لەوانەیە پرسیارێک کە لەخۆمانی بپرسین ئەوەیە کە من وەک بەشێک لەم کۆمەڵگەیە چۆن دەتوانم ڕۆڵێکم لە بنبڕ کردنی توندوتیژیدا هەبێ؟

هەرکام لە ئێمە لەهەر ڕەگەز و لەهەر چین و توێژ و کار و پیشەیەک دابین بەشێک لەم کۆمەڵگەیەین و لە گۆڕانکاری و مانەوەی بارودۆخەکان لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکمان هەیە. هێندێک جار بە بێدەنگ بوونێک ئیزن دەدەین بارودۆخێکی باش یان خراپ یان تەنانەت قەیرانێک توندووتیژی درێژەی هەبێت و هێندێک جاریش بە هەڵوێست و هەنگاو و قسە و کردەوەیەکی بە جێ و بەکەڵک دەتوانین بارودۆخەکە بگۆڕین.

بۆهەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگەدا پێویستمان بە هەڵمەت و هیممەتێکی هەمەلایەنە و گشتییە. بەڵام ئەم هیممەتە هەمەلایەنە چۆن دروست دەبێ؟ ئایا بە یەکەوە هەموو ئەم خەڵکە هەڵوێستیان دەبێ؟

لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگە فەرهەنگ و کەلتوور گەلێک جێ بکەوێ کە مافی ڕەگەزێک، نەتەوەیەک یان چین و توێژێکی دیکە بە شێوەیەکی نهێنی یان ڕوون پێشێل بکا و دژی مافەکانیان بێ. لەم کاتەدا خودی کۆمەڵگەیە کە دەتوانێ بە هاوکاری و ڕۆشنگەری و ڕوونکردنەوە لەسەر مافی پێشێل کراو، بنبڕی بکا و کۆتایی پێ بێنێ.

توندوتیژی دژی ژنان کە بریتییە لە توندوتیژی زارەکی، جەستەیی، سێکسی، دەروونی و ڕەوانی، نموونەیەکە لەم شێوە هەڵسوکەوتانە نەرێنیەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەنگە جێ کەوتبێ و بە شێوەیەکی ئاسایی سەیر بکرێ و بگوترێ کۆمەڵگەی ئێمە چیتر توندوتیژی تێدا نەماوە بەڵام کە دێین لێکۆڵینەوە دەکەین دەزانین توندوتیژی تا ئاستێک جێ کەوتووە کە ئیتر ئێمە عادەتمان پێکردوە و نایبینین:

ژنە ئیتر هەر ئەوندەی عەقڵ هەیە!

زەعیفەیە دەبێ ئاگات لێی بێ دەنا دەیقەومێنێ!

ژنیان نەگوتووە شۆفیر بێ بچۆ چێشتەکەت لێنێ !

زۆر جار دەڵێن ژن جا عەقڵی کوا من بە گوێی بکەم!

زۆر جار لە شوێنێکی قەرەباڵغدا دەبینین پیاوێک دەست بۆ ژنێک دەبات و دەستدرێژی دەکاتە سەر جا بە هەرجۆرێک یان بۆ سەر جەستەی خۆی و بێدەنگ دەبن! بۆوەی بە قەولی خۆتان دەڵێن حەیاتان نەچێ یان حورمەتی ئەو ژنە یان حەیای خۆمان نەچێ.!

یان هەواڵی دەستدرێژی دەبیستن و دەڵێن کوڕە مەعلووم نییە خۆی چی کردوە وا چۆن بووە و ...

ئەمانە چەند کورتە نموونە بوون لە توندوتیژییەک کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە و جێ کەوتوە و لەوانەیە بە ئاسایی بیانبیستین و بیانبینین و هیچ نەڵێین و بێدەنگ تێپەڕ بین چونکە بەلامانەوە ئاسایی بۆتەوە.

توندوتیژی دژی ژنان نموونەیەکە کە کۆمەڵگە بە دەست خستنە نێو دەستی یەک و بە هەڵمەتێکی گشتی و هەمەلایەنە بنبڕ دەکرێ. بێدەنگ نەبوون لە بەرانبەر توندوتیژیدا وەک کەسێک لەو کۆمەڵگە یەکێک لە گەورەترین هەنگاوەکانە کە هەرکام لە ئێمە بۆ بنبڕکردن و لەنێو بردنی دەتوانین هەڵیگرین.

بە ئیحتماڵی زۆر ئەگەر پیاو بین ئەو توندوتیژیانەمان بینیوە و شاهیدی ڕوودانی بووین و ئەگەریش ژن بین، بەرانبەر بەخۆمان چێشتوومانە. ئێستا ئەگەر من وەک پیاوێک یان ژنێک لە شوێنی کارەکەم شاهیدی ڕوودانی هەرکام لە جۆرەکانی توندوتیژی (زارەکی، جەستەیی، سێکسی، و ڕەوانی) بێدەنگ نەبووم و هەڵوێستێکم ببێت و بەرەنگاری ئەو کەسە ببمەوە کە توندوتیژی دەکات و پێی بسەلمێنم کە کارەکەت بە تەواو مانا ناشیرین و نامرۆڤانەیە و نابێ دووپات ببێتەوە، یارمەتییەکی زۆرم لە بنبڕ کردن و لە لابردنی هەڵسووکەوتی توندوتیژانە لە کۆمەڵگەدا داوە و بەم کارە پشتیوانیم لە قوربانیانی ئەو دیاردەیە کردوە. من ئەگەر لە بازاڕ و کۆڵان و نێو تاکسی و نانەواخانە و ... دا توندوتیژییەکم بینی و بێدەنگ بووم، ئەگەر لە میوانی و لەنێو خزم و کەس و بنەماڵەکەمدا بە چەندین جۆر توندوتیژی کرایە سەر ژن و بێڕێزیان بە کەرامەتی ئینسانیی ژن کرد و ئاسایی تێپەڕ بووم، ئەوە وەک مرۆڤێک، ئەرکی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی خۆم بە جێ نەهێناوە و وەک بەشێک لە کۆمەڵگە ئەرکی خۆم لە بنبڕکردنی کەلتورە خراپەکەدا بەجێ نەهێناوە و بگرە ئەو بێدەنگییە پەرەپێدانی توندوتیژی بە دواوە دەبێ.

بێدەنگ نەبوون تەنیا ئەرکی دەوروبەرییەکان و کۆمەڵگە نییە بەڵکوو خودی ئەو کەسەش کە قوربانیی توندتیژییە کە دەبێ پێش هەموو کەس دەنگ هەڵبڕێ و بەرەنگاری ئەو کارە ناپەسەندە ببێتەوە و کۆمەڵگەش لەوێدا دەبێ پشتیوانی لێبکا و هەرکاممان لەجێی خۆمان هەڵوێستمان هەبێ و بە ئاسایی وەری‌نەگرین. ئەگەر هەرکەس لە شوێنی خۆی هەنگاوێک بەرەو باشی بنێین و ئەو هەنگاوە بێدەنگ نەبوونە لە بەرابەر ئەو ئاکارە ناشیرینەدا بێدەنگ نەبن، دواتر دەبینین کە کۆمەڵگەیەک و خەڵکانێکی زۆر بەرەو باشی ڕۆیشتوون و کەلتوری نەرێنی بەزۆری کەم بۆتەوە یان بنبڕ بووە.

گرینگ ئەوەیە خەڵک و کۆمەڵگە ئیرادە و هەڵسوکەوت و ڕۆڵی خۆیان بە کەم بزانن. زۆرجار دەبینین کەسانێک گلەیی لە بارودۆخی کۆمەڵگە دەکەن و دەڵێن گۆڕانکاریمان لەو بارودۆخەدا پێناکرێ و لەو کاتەشدا خۆیشیان هیچ هەنگاوێک نانێن. لەبیرمان نەچێت ئەگەر کەلتورێکی جوان لە کۆمەڵگە و نەتەوەیەکدا جێ کەوتبێ ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان بووە و ئەگەریش کەلتورێکی خراپ و نەرێنی جێ‌کەوتبێ هەر دیسان دەسکردی خۆیانە یان خۆیان ئیزنیان داوە دزە بکاتە نێویان و هەر بە هیممەتی خودی ئەو کۆمەڵگە و پاڵپشتی یەک، بنبڕ دەبێ و لەنێو دەچێ.

ئەوە ڕەواڵی گۆڕانکاری یان مانەوەی کەلتوور و هەنجارێک لە کۆمەڵگە دایە و لەو ڕەواڵەدا هەرکام لە ئێمە ڕۆڵی تایبەتمان هەیە و بێ کاریگەر نین. هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێن هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی بەتەنیا ئەرکی ژنان نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو کۆمەڵگەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆبوونەوەی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر گۆڕانکاریی کەشوهەوا (cop٢٦)

**نەمام**



پلەی گەرمیی زەوی بە هۆی جوولەی مرۆڤ بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوا و گۆڕانی کەش و هەوا لە ئێستادا هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی خستۆتە مەترسییەوە کە ئەگەر ڕەچاوی ئەم دۆخە نەکرێ، مرۆڤ و سروشت لەگەڵ بەرزبوونەوەی مەترسیداری پلەی گەرمیی زەوی و لەگەڵ وشکەساڵی، کەم بوونەوەی پلەی گەرمی ئاوی دەریاکان ولەبەینچوونی بە کۆمەڵی جۆرەکانی ئاژەڵ و گیا و هتد، ڕووبەڕوو دەبنەوە.

گۆڕانی کەش و هەوا چییە؟

بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی زەوی کە بەرهەمی زۆربوونی گازی گوڵخانەییە لە جەوی هەوای دەوری زەویە یەکێک لە گرینگترین گرفتەکانی مرۆڤ لە گەرم بوونی زەوی دێتە ئەژمار.

گۆڕانکاری کەشوهەوا بریتییە لە هەر جۆرە گۆڕانێک لە کەش و هەوا کە درێژتر لە هەر جۆرە ڕووداوێکی تاک کەوتووی ئاو و هەوا بمێنێتەوە، لە حاڵێکدا گۆڕینی کەش و هەوا تەنیا بۆ ئاماژە بە ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بۆ پرۆسەی کاتی درێژخایەنتر، کە بە جۆرێک چەند دەیە یا زۆرتر درێژەی هەبێ. کەش و هەوا بە نێوەنجی درێژ خایەنی ئاو و هەوای ناوچەیەک دەگوترێ. کەش و هەوا دەتوانێ گەرمتر یا ساردتر ببێ، یا نێوەنجی هەر یەک لە بەشەکانی بە تێپەڕ بوونی کات زۆر یا کەم ببێتەوە. گۆڕانی کەش و هەوا، گۆڕانێکی بێ گەڕانەوە لە نێوەنجی هەلومەرجی کەش و هەوا لە ناوچەیەک دایە. بەدەسپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی لە ساڵی ١٨٥٠ زایینی و دەور هەڵگرتنی تاکوو ئێستا و بەکار هێنانی سووتەمەنیە فۆسیلی بە دەستی مرۆڤ دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی " دی ئۆکسیدی کەربۆن" لە سەردەمی نوێ. بەرزبوونەوەی ئاستی دی ئۆکسیدی کەربۆن وەک هۆکاری سەرەکی دێتە ئەژمار، کە دبێتە هۆی گەرم بوونی پلەی گەرمی جیهان. لە مێژووی زەویدا کەش و هەوا بێ پسانەوە و بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ لە دەیان و سەدان ساڵدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام گۆڕانی کەش و هەوا ئێستا لە ژێر کاریگەری چالاکییەکانی مرۆڤ بەخێرایی زۆرتر لە حاڵی ڕوودانە.

کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا چییە؟

گۆڕانی کەش و هەوا لە ئێستاشدا ڕووی داوە و ژیان و بژیوی خستۆتە مەترسییەوە. بە بەرز بوونەوەی زۆرتری پلەی گەرمی برێک ناوچە ئەگەری ئەوەیان هەیە کە چۆڵ ببن چونکە زەویە کشت و کاڵییەکانیان دەبێتە بیابان. لە بەرێک ناوچەی دیکە پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدا واتا بارینی زۆری باران دەبێتە هۆی هەڵسانی لافاو وەک ئەوە کە لە ئێستەدا لە چین، هۆڵەند، ئاڵمان و بلژیک ڕووی دا. خەڵکی وڵاتە هەژارکان زۆرترین زیانیان بەر دەکەوێ چونکە ئەو پوڵەی کە بۆ سازگار بوونەوە لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوا پێویستە نیانە. زۆرێک لە زەویە کشتوکاڵیەکانی وەڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتن لە ئێستەش دا ناچار بە ڕاگرتنی ئاو و هەوای گەرمن کە ئەمە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خرابتر دەبێ.

زۆر کەس ئەم سەدەیەی کە تێیدا دەژین وەک "سەدەی چارەنووس ساز" بۆ هەوڵەکانی کەش و هەوا دەزانن. بە دەسپێکردنی باش بوونەوەی ڕێژەیی جیهان لە نەخۆشیی کۆویدی ١٩، کات بە توندی بەرەو گۆڕانی کەش و هەوا دەڕواتە پێش. لە سەرتای ئەم ساڵەدا لێژنەی چەند دەوڵەتی گۆڕانی کەشوهەوا(IPCC) ڕایدەگەیەنێ کە پلەی گەرمی توندتر لە ئەوەی کە چاوەڕووان دەکرا بەرەو بەرز بوون دەڕوا و ڕاپۆرتێک کە لە سەرتایی ئۆکتۆبر بڵاو کرایەوە ئاماژە بەوە دەکا کە وڵاتەکان هێشترا بە پێ پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوا هەوڵیان نەداوە.

ئەمساڵ کۆنفرانسی گۆڕانی کەش و هەوای ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووکان (COP ٢٦) بە میوانداری بریتانیا و هاوکاری ئیتالیا، لە ٣١ی ئۆکتۆبر تا ١٢ی نوامبری ٢٠٢١ لە ئیڤانت سکاتلەند (SEC) لە گلاسکۆی، بریتانیا بەڕێوە چوو. ئامانجی ئەم کۆنفرانسە بەرز کردنەوەی سەرنجی وڵاتان بە گۆڕانی کەش و هەوا، دروست کردنی سازگاری و کەم کردنەوەی بڵاوبوونی گازە گۆڵخانەیەکانە. هەروەها

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵی گرینگ دەبێ لە لایەن COP ٢٦ پێک بهێنرێ تا دڵنیایی دروست بێ کە ئێمە بە شێوەیەک دەڕوینە نێو ئەم سەدە چارەنووس سازە کە لە خەڵک، ئەستێرەی زەوی و ئاسایشی خۆمان پارێزگاری دەکردرێ.

حەوتوویەک پێش ئەم کۆنفرانسە لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان (UNGA) بوارێکی گرینگ بۆ ڕێکەوتنی بنەڕەتییە کەش و هەوا کۆپ ٢٦ هێنایە پێش چاو کە بریتیە لە: دارایی و سەرمایە گوزاری

بایدن سەرۆک کۆماری ئامریکا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوکان بریاری دا کە یارمەتی دارایی ئامریکا بۆ وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتن دوو هێندە بکا و بیگەیەنێ بە ١١،٤مێلیارد دۆلار لە ساڵدا. قەیرانی کەش و هەوا پرسێکی جیهانییە و پێویستی بە کاردانەوەی هەموو وڵاتانی جیهانە و وڵاتە هەژارەکان بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوا کەمتر پۆشتە و پەرداخن و لە بەرانبەری ئەو قەیرانە زۆرتر زیانیان بەردەکەوێ.

یەکێک لە ئاکامە سەرکەوتووەکانی کۆپ ٢٦ لە بواری دارایی بەدەستی هێناوە ئەوەیە کە بڕیارە وڵاتانی وەک ئۆستورالیا، کانادا، ژاپۆن، ئیتالیا و بریتانیا ساڵانە ٢ تا ٤ مێلیارد دۆلار زۆرتر بۆ ئەنجامی بەشی دادپەروەرانە بگرنە ئەستۆ. لە COP ١٥ لە کۆپنهاگ لە ساڵی ٢٠٠٩ و دووبارە لە COP ٢١ لە پاریس لە ساڵی ٢٠١٥،وڵاتانی خاوەن دارایی بڕیاریان داوە تا ساڵی ٢٠٢٠، ١٠٠ مێلیارد دۆلار بۆ یارمەتی لە بواری کەش و هەوا ڕادەستی وڵاتانی هەژار کەن.

گرینگترین بابەتەکانی ژینگەیی لە کۆنفرانسی گۆڕانی کەش و هەوای ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە؟

١_وزە لە دانیشتنی UNGA چین بڕیاری دا چیتر وەزەخانەی بەرکەمرە لە دەرەوەی وڵات دروست نەکا. ئەمە لە درێژەی چالاکیەکانی ژاپۆن و کۆڕەی باشوور لە سەرتای ئەم ساڵەیە و ئاماژەدەری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تەرخان کردنی سەرمایەی چین لە ژێرخانی وزەیی لە دەرەوی ئەو وڵاتەیە. وزە نزیکەی ٦٥ لە سەدی تەواوی بڵاوبوونەوەی گازی گوڵخانەیی(GHG) جیهانی پێک دێنێ. فەرانسە، ئاڵمان، بریتانیا، شیلی و... هەموو بڕیاریان داوە کە دروست کردنی وزەخانەی بەرکەمرەی نوێ بوەستێنن. بەڵام هێشترا ٢ لە ٣ی برقی جیهان لە سووتەمەنی فۆسیلی دێتە ئارا و بەرکەمرە بەردەوام سەرەکیترین بەکارهێنەری دروست کردنی وزە لە جیهان دایە. چوونە پێشی جوڵانەوە حاشاهەڵنەگری بەرەو وزەی پاک و خاوێن چون بوونی هەیە، بەڵام پێویستی بە پاڵپشتی دارایی و پسپۆڕانە بە پێی پێویست بۆ ئەو ناوچانەی کە هێشترا بە بەرکەمرە گرێدراون وەک هێند، ئافریقای باشوور و ئاسیای باشووری ڕۆژئاوا بۆ تێپەڕ بوون بە وزەی پاک و خاوێن پێشان بدرێ.

٢_گواستنەوە

سەدا ٢٤ی لە بڵاوبوونەوەی گازی گوڵخانەیی هۆکاری سووتانی سوتەمەنی بۆ گواستنەوەیە. کەرەستەی گواستنەوەی جادەیی نزیکەی ٣ لە ٤ی بڵاوبوونەوەی دی ئۆکسیدی کەربۆن پێکدەهێنێ. کەوابوو بەکارهێنانی کەرەستەی گواستنەوە بە پیسکەری سفر بۆ وڵاتەکان پێویستە. لە سەرەتای ئەم ساڵدا بازاڕی ماشێنە وەشیارکان وەک بریتانیا و یەکیەتیی ئۆروپا بڕیاریان داوە کە تەواوی ئۆتۆمبیلە نوێیوکانی خۆیان تا ساڵی ٢٠٣٥ ڕێژەی پیسکردنیان سفر بێ. بەڵام گەورەترین بازاڕی ئۆتۆمۆبێل وەک ئامریکا، چین و هێند هێشترا ئەم بڕیارەیان نەداوە.

٣_سەنعەتی قوورس

سەنعەتی قوورس وەک سیمان، پۆڵا، مادە کیمیایەکان، لەگەڵ گواستنەوەی قوورس وەک کەشتی ڕانی، فڕۆکەوانی، بەگشتی ٣٠ لە سەدی بڵاوبوونەوەی گازی گوڵخانەیی پێکدێنێ. و پێشبینی کراوە کە ئەم بەشە تا ساڵی ٢٠٥٠، ١٦ گیگا تۆن گاز بڵاوو کاتەوە.

لابردنی کەربۆن لە ئەم بەشە پێویستی بە کەم کردنی مافی بیمەی سەوز، تێچوویی زۆرتری هەڵبژاردنی تێکنۆلۆژی پاک و خاوێن کە ڕێژەی بڵاوکردنی گازی کەمتر لە تێکنۆلەژی کە بڵاوکردنی گازی گوڵخانەیی زۆرتر بێ. ئەمە دەتوانێ لە لایەن شەریکە گرینگەکانی لایەنی داواکاری وەک شەریکەکانی وردەفرۆشی، ئۆتۆمبێل سازی و دروست کردن کە زنجیرەیی مسۆگەر کردنیان بریتیە لە سەنعەتی قوورس و گواستنەوە قوورس بۆ سەرمایە گوزاریی لە تکنۆلۆژی سفری تەواو (بێ پیسکەر) دەستەبەر ببێ.

وڵاتانی جیهان هاوڕان لەگەڵ ئەمە کە گۆڕانی کەش و هەوا تەنیا لە ڕێگەی هاوکارییە کە پێشی پێ دەگیرێ. زۆرینەی وڵاتەکان بڕیاریان داوە تا ساڵی ٢٠٥٠ کەربۆنی پاڵاوتەی خۆیان بگەیەنن بە سفر، ئەمە بە واتای کەم کردنەوەی بڵاوبوونەوەی گازەکانی گوڵخانەیی تا ئەو جێگە کە دەکرێ و هاوسەنگ کردنی بڵاوبوونەوەی ئەوە بەشەی کە ماوەتەوە و بە ڕاکێشانی لە لایەن جەوی زەوی. کارناسان هاوڕان کە ئەم چالاکیانە شیاوی دەسڕەسین گەر وڵاتان شوێنی پیشەسازییەکان، شوغڵەکان و تاک ناچار بکەن کە گۆڕانکاری گەورە دروست کەن.

گۆڕانکاری سەرکی دەبێ لە لایەن دەوڵەت، کارخانەکان، پێشە سازی و ئیشەکان بەدیبێت بەڵام زانیاران دەڵێن بڕێک گۆڕانکاری ورد لە ژیانی ئێمە دەتوانێ کاریگەری ئێمە لە سەر کەش و هەوا کەم کاتەوە:

_سەفەر کردن بە فڕۆکە کەم کەینەوە.

_بێ ئۆتۆمبێل ژیان کەین یا ئۆتۆمبێلی برقی بەکار بێنین.

_گەر پێویستە ئامێرەکانی خۆمان بگۆڕینەوە ئامێرێک بە کار بێنین کە کارکردنی برقی کەم بێ.

_دەزگای گەرمکەرەوەی گازی پێویستە بگۆڕێت بە برقی.

ڕاپۆرتێکی نوێ ڕوونی دەکاتەوە لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی کە لە دانیشتنی کەش و هەوای ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گلاسکۆ (cop٢٦) دراوە بەس جیهان لەگەڵ ئامارەکانی کەم کردنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جیهان مەودایەکی زۆریان هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوە دەریخستووە کە دونیا بەرەو ٢،٤ دەرەجەی سانتیگراد بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەڕواتە پێش کە زۆر زۆرترە لە ١،٥ دەرەجەیک کە وڵاتان بڕیاریان داوە.

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوە "لێپرسینەوەی کاروبار سەبارەت بە کەش و هەوا" دانیشتنی کۆپ ٢٦ لە بواری جێی متمانە بوون، کار و بار و دەروەستی، لەگەڵ بۆشاییەکی زۆر گەورە ڕووبەڕووە.

دانیشتنی cop ٢٦ لە گلاسکۆ وەک ڕووداوێکی زۆر گرینگ بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوا چاو لێدەکرێ بەڵام پێش بینی ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ خۆشبینی جەوی ئێستەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژایەتی هەیە.

کۆنفرانسی گۆڕانی کەش و هەوا کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە پاریس بەڕێوە چوو پلانێکی بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ گۆڕانی مەترسی داری کەش و هەوا پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە" درێژەی هەوڵ" بۆ ڕاگرتنی درێژەی هەوڵ" بۆ ڕاگرتنی پلەی گەرمی لە ١،٥ دەرجە بووە. بەڵام " لێپرسینەوەی کاروبار سەبارەت بە کەش و هەوا" بەیان دەکا کاتێک کە سیاسەتی وڵاتان و بڕیاری ئەوان شی دەکرێتەوە ڕێژەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جیهان تا ساڵی ٢١٠٠ لە ڕاستیدا ڕووبە ٢،٧ دەرەجە دەڕوا. ئەم لێکۆڵینەوە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕیکخراوە گرینگەکان وەک "بنکەی بڕواپێکراوی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کاریگەری کەش و هەوای پۆستدام" لە ئاڵمانە.

لەم لێکۆڵینەوە هاتووە کە وادە و بڕیاری ئامریکا و چین لەبارەی دەستپێ گەیشتن بە سفری تەواو تا ڕادەیک پێش بینی سەبارەت بە بەرزبوونی پلەی گەرمی باش کردووە بەڵام بەیان دەکا کە پلانی زۆربەی وڵاتان سەبارەت بە کەش و هەوا لە ئاستێکی زۆر خوار دایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نەسرین یوسفزادە

# لێمگەڕێن با بەدڵ بگریم

هەموو ڕۆژێ نەرم نەرم هەنگاو دەنێ و بەرەو مەزارگەی پیرۆزی شەهیدان دەچێ، دەچی چی کوڵی دڵە چی دەردی دڵە و چی وشەی ئەویندارانەیە لەسەر مەزارێکی پیرۆز هەڵیرێژی. مەزاری خۆشەویستێک کە ماوەیەکی زۆر کەم بوو بناغەی ژیانیان لە ماڵێکی خنجیلانەدا پێکهێناوە و لە یەک چرکەساتدا ئەو ژیانە بوو بە قوربانی مووشەکباران و ناخۆشتر لەویش ئەوەیە کە ئیزنی گریانی نییە.

دوکتور پێی گوتووە ئەگەر بگری ئیتر نابێ بە هیوا بێ چاوەکانی چاک بێتەوە و لەوانەیە هەتاهەتایە چاوی لەدەست بدا.

بەدەم ڕێگەوە قسە لەگەڵ وەنەوشە دەکا. وەنەوشە کچیەتی یادگاری هاوڕێ، هاوڕێ و هاوژین و خۆشەویستی کە ئێستا ماڵی لێ جودا کردۆتەوە و هاتووە بۆتە هاوسا و جیرانی شەهیدەکانی دیکە.

وردە وردە دەگەنێ و چەپکە گوڵەکانیان کە بۆیان هێناون لە سەر گۆڕەکە دادەنێن و ماچێکی گەرم لە ڕوخساری کێشراوەی سەر کێلە ساردەکەی دەکەن، هەردووکیان بەشێوەیەک بێدەنگ و بێ فرمێسک هاوار دەکەن و دەگرین. تەنیا خۆیان دەزانن کە چەندە سەختە، بەیانی هەستی و لە ماڵ بەیەکەوە دەرکەوی و ئیتر هەتاهەتایە هاوڕێی ژیانی دەبێتە کێلێکی سارد و دەردی دڵ و سکاڵاکانی بۆ ئەوە کێلە دەکا.

لە مەزارگەوە بەرە ماڵێ دەڕواتەوە و لە ڕێگا وا دەستی وەنەوشە دەگوشێ کە وەک ئەوەی کە ترسی ئەوەی بێ وەنەشە دەستی بەردا و دووبارە بەرەو باوکی ڕاکات و لەگەڵی نەیەتەوە. وەنەوشەی کچە شەهید و شەوبۆی کچە پێشمەرگە و ژنە شەهید هەموو ڕۆژێ بە باران و با و گەرما و سەرما و هەر شێوەیەک بێ بەرەو مەزارگەی شەهیدان دەچن و نوێژی عەشق و ئەوین بۆ خۆشەویستەکەیان دەخوێنن.

بە دەم ڕێگاوە بیرەوەرییەکانی وەبیر دێتەوە، ئەو ڕۆژەی کە وەڵامی خۆشەویستی هاوڕێی دابۆوە و بۆ یەکەم ژوان دەچوو تا چی وشەی جوانە و چی قسەی خۆشە لە کەسێکی ببیستێ و بە کەسێکی بڵێ کە دڵی پێداوە.

هاوڕێ گیان، گیانی گیانان من خۆشم دەوێی بەڵام ناکرێ ئاوا بە دزی و بێخەبەری دایک و بابم یەکتر ببینین.

شەوبۆی جوان و لەبەردڵانم تۆ دڵنیا بە منیش زۆرم خۆش دەوێی و دڵنیابە بە زووترین کات دێمە ماڵتان و لە باوکت داوات دەکەم. شەوبۆی خۆشەویستم من هەتا ئەوکات بە هیوای ئەوە ڕۆژە دەبم کە بێی و هەنگاو بنێیە ماڵی ساردمەوە و بە ماڵی سارد و شەوەزەنگم ڕووناک بکەی.

هاورێ گیان ئازیزی دڵم، دڵنیا بە هەتا تۆ بێ ماڵی من و دڵی منیش ڕووناکە....

لە پڕ بە زمانی دادێ و دەڵێ ئەی تۆ بەڵێنت نەدا هەتاهەتایە ماڵمان پڕ لە ڕووناکی بێ ئەی بۆ ژیانت کردمە شەوەزەنگ.

ئیتر فرمێسک ئەمانی نادا و تک تک بەسەر گۆنایدا دێنە خوارێ. دوکتوور پێی گوتووە گریان بۆ چاوەکانی باش نییە و لەوانەیە چاوەکانی لەدەست بدا، بەڵام چۆن دەتوانێ ئەو ئازارە تەحەموڵ کات؟

کە چاوی بە دنیا هەڵێنا لە نێو بنەماڵەیەکی پێشمەرگانەدا بوو باوکی پێشمەرگە و دایکی هەموو پێشمەرگەکان و غەمخۆر و دڵسۆزیان بوو. بەڵێ شەوبۆ ماڵێکی پێشمەرگانەی بە هاتنی بۆ سەر دنیا ئاوەدان و ڕووناک کرد و دوای ساڵانێک ئەو ڕووناکییەی بە ماڵێکی پێشمەرگانەی دیکە بەخشی و بەختەوەری کردە هەوێنی




ژیانی خۆی و هاوڕێ و هاوڕێباز و خۆشەویست و هاوسەری.

وەک شەوبۆ خۆی باس لە کارەساتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ دەکا و دەڵێ لە بنکەی یەکیەتیی ژنان لەگەڵ هاوڕێکانی دانیشتووە و سەرقاڵی قسە وکاری ڕۆژانەن و چاوەڕوانی ئەوەن کە پشوو بێ و دادە سوهەیلا بۆ ئیستراحەت بچێتەوە ئەوێ کە لە پڕ زرمەیەکی سامناک دێ و بۆ چرکەساتێک لەهۆش دەچێ و کاتێک کە دێتەوە هۆش چاوێکی بریندارە و زۆر بە خراپی دەبینێ بەڵام بەو حاڵەش وێرانی و ڕووخانەکە دەبینێ تا دێ کارێک بکا یان بۆ شوێنێک بچێ بۆ جاری دووهەم و جاری سێهەم دووپات دەبێتەوە. ئەو کات زۆر ترساوە و تەنیا شتێک کە لە یادێتی باوکی و هاوڕێیە و وەک دەڵێ هۆشی برینی خۆی نەبووە و تەنیا هاواری باوکی و هاوڕێی کردووە، بەڵام خەڵک ناهێڵن لەوێ بمێنێ و بە زووترین کات بەرەو نەخۆشخانەی ڕادەگوێزن.

چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە بوو هاوڕێکان و ئەو کەسانەی لە دەوروبەری بوون هەموو دەیانزانی ئیتر هاوڕێ نەماوە و ئەو دوو خۆشەویستە ئیتر هەرگیز یەک نابیننەوە و ماڵی شەوبۆ بۆ هەمیشە بۆتە تاریکستان، بەڵام کەس توانای گوتنی ڕاستی نییە.

شەوبۆ تەنیا یەک قسە دەکا ئەویش ئەوەیە: باوکم و هاوڕێ کوان؟

هەر ئەو ڕۆژە باوکی لە تلفزیون قسەی کردووە و لە سلامەتی ئەو دڵنیا بووە بەڵام جێگای خاڵی هاوڕێ هەر ئازاری دەدا ناتوانێ بیر لە نەمانی بکاتەوە لای خۆی بیر لە بێوەفایی دەکاتەوە و خۆی ئامادە دەکا کە کاتێک دەیبینێ لەسەر ئەو درەنگ هاتنەی و لێ نەپرسینەی لەگەڵی بەشەڕ بێ. بەڵام نازانێ ئیتر تازە هەرگیز هاوڕێ نابینێتەوە و هەموو ڕۆژێ دەبێ بێت و بە جێگای ئامێزی گەرمی ئەویندارانەی هەست پێ بکا ئەوە دەبێ دەردی دڵ بۆ کێلێکی سارد لە مەزارگەی شەهیدان بکا.

سێ ڕۆژ دوایی باوکی بە دڵێکی پڕ لە پەژارەوە ناخۆشترین هەواڵی ژیانی پێ دەدا و....

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی فەوزیە سوڵتانبەگی, شاعیر، چیرۆکنووس و توێژەر



ئامادەکردنی:تریفەفاتیحی



خانمە شاعیری هاوچەرخ خاتوو فەوزیە سوڵتانبەگی, شاعیر ، چیرۆکنووس، توێژەر کەلە دایک بووی هاوینی ١٩٧٣ زایینی لە گوندی دووکچی سەر بە شاری بوکانە.

گوندی دووکچی یەکەم پارچەیەکی ئەم سەر زەوییە بوو باوەشی بۆ هەست و ڕوانینی شاعیرانەی گرتەوە. هەر لەو گوندە چۆتە قوتابخانە و خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێ تەواو کردووە.

بۆ تەواو کردنی خوێندن ڕێگای شاری بۆکان دەگرێتە بەر و لەوێ دیپلۆم وەردەگرێ.

دوای ئەوەی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا، جارێکی دیکە درێژە بە خوێندن دەدات و لە زانکۆی پەیامی نووری بۆکان لیسانسی ماف وەردەگرێ.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە ئەزموونەکانی خوێندنەوە و ڕوانینی بۆ جیهان و دەور و بەری بوو بە هۆی ئەوە لە گەڵ پێنووس ببێتە هاواڵ و خەون و تاسەکانی بکا بە کۆد و لە دوو توێی شێعر و چیرۆکدا واتایەکی دیکەیان پێ ببەخشێ. یەکەم کۆمەڵە شێعری ساڵی ٢٠٠٤ بە ناوی « ئێوارە ئاشقەکانی تەمەن» بڵاو کردەوە.

پێشتر و دواتریش بەردەوام وتار و چیرۆک و شێعری لە بۆنە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە. لە گەڵ زۆربەی گۆڤارەکانی سەردەم وەک ئاوێنە، سروە، گەلاوێژی نوێ ، رامان، مهاباد،سیروان، کاروان و وشە و ..... هاوکاری هەبووە و هاوکات لە کۆڕو کۆبوونەوە و فستیواڵە ئەدەبی و فەرهەنگیەکاندا بەشداری چالاک و بەرچاوی هەبووە.

کۆمەڵە شێعرێکی تری کە بەرهەمی ساڵەکانی ٢٠٠٤ تا ئێستایە، ئامادەی چاپ و بڵاو بوونەوەیە.

سەرجەمی چیرۆکەکانی ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەیە..

جیا لە بەشداری و ڕێزلێنانی لە کۆڕ و فێستیواڵە ئەدەبییەکاندا لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم خەڵاتانەی پێ بەخشراوە:

- خەڵاتی شێعری پێنجەمین فستیواڵی گەلاوێژ
- خەڵاتی چیرۆکی حەوتەمین فستیواڵی چیرۆکی بانە
- خەڵاتی شێعری دووهەمین فستیواڵی شێعری کوردی پیرانشار
- خەڵاتی شێعری یەکەم فستیواڵی هەورامان

لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تاوەکوو ئێستا وەک مامۆستای ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی خەریکی وانە وتنەوەیە و ئێستاش بەردەوامە.

بە دڵنیاییەوە فەوزییە سوڵتانبەگی یەک لە چالاکترین ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بێ ماندوو بوون و وەستان بە شێعر و چیرۆک و وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و چالاکی مەدەنی بەردەوام لە جەرگەی کار و تێکۆشان_دا بووە.

«عاشقم کەوە خودایە»

بیری ئەشقم کردووە
ئەشقێک لە شێوی ئەو ئەشقەی
سوجدەی پێ بردم و
سەرم لەژێر پێیدا
بەرز بەرز وەک شەهید

دەترسم لەم هەرێمە کۆچی کردبێ ئەشق
ئیتر پەنجەیک لە قژەکانمدا هیلاکی دەرنەکات
خونچەیەک نەڕوێت بەسەر لێوەکانمەوە
بەهار پڕ بێت لە خیانەتی گوڵ و
ئیتر هیچ ، هیچ دوعایەک دادم نەدات

چەند گوناهبارن ئێوە ئەی منارەی مزگەوتەکان
نەتان هێشت جارێک لە جاران
دڵ بسپێرم بە جریوەی ماچێک و
کاکشانەکان لێوڕێژ بن لە ئاوازی «I live you»

چەند گوناهبارن ئێوە
ئەی منارەی مزگەوتەکان
پێنج فەرزە نەتان چیاند بە گوێچکەمدا

انا خلقناکم من العشق»
تا بەرماڵەکان
سپی سپی سپی
پڕ بن لە من

ئاشقم کەوە خودایە!
با چی دی بەخیلی بە کۆترەکانی بەر هەیوان نەبەم
با چی دی لە گەڵ پاکیزەیی
کچە سەهۆڵینەکانی ناو مەعبەدەکاندا هەڵنەوەرێم
گوێ مەدە دڵشکاویم خودایە!
فەرامۆشی کە ئەو سوێندانەی
لەشەوهەڵاتی بەختمەوە هەڵیان کرد و
تابەر دەمم بریان نەکرد

خودایە!!
بەر لەوەی شەو بەسەر دابێ
بەر لەوەی تووک و نزای
دار هەنارێکی تەنیا داوێنی دڵم بگرێ و
شەقامەکان سینگ لەخوێنم وەردەن
ئاشقم کەوە خودایە!!!

فەوزیە سوڵتانبەگی_بۆکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە ژنە شۆڕشگێڕەکانی کورد (قەدەم خێر)



ڕەزا شوان

قەدەم خێر ئەی خوشکی پۆڵایین .... کۆشکی پەهلەویت هێنایە لەرزین"

کورد لە زووەوە وتوویەتی:" شێر لە لانە دەرچێ چ نێر چ مێ " مێژووی دێرین و نوێی پڕ لە شانازی و شکۆداری گەلەکەمان، لاپەڕە زێڕینەکانی بە ناوی دەیان ژنی هەڵکەوتووی کوردمان لەهەموو بوارەکاندا ڕازاندۆتەوە، کە هەریەکەیان لە بوارێکدا ڕۆڵێکی بەرز و گرنگی بینیوە لە خزمەتکردن و بەرگریکردن لە کورد و کوردستان، لە زانست و زانیاری، لە بنیاتنانی شارستانیدا. لە ناویاندا شازادە و میرزادە و سەرکردە و شۆڕە سواری ئازا و دلێر و شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە و شەرڤان و گەریلا و فەرمانڕەوا و زانا و سیاسەتمەدار و شاعیر و نووسەر و ئەفسەر و پارێزەر و میدیاکار و چالاکوان هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ و.. تا دەگاتە پەرلەمانتار و وەزیر.

ئەگەر گەشتنامە و یادداشتنامە و کتێب و نووسینەکانی ئەو گەشتیار و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناس و بازرگانە بیانییانە بخوێنینەوە، کە هاتوونەتە کوردستان و بە چاوی خۆیان ڕۆڵ و هەڵس و کەوتی کچان و ژنانی کوردیان بینوە، بە ویژدانەوە لە سەریان نووسیون. هەموویان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەن، کە کچان وژنانی و کورد، نموونەی کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. لە ژنانی تورک و فارس و عەرەب ئازادتر و سەربەسترن. لە هەموو بوارەکاندا شان بەشانی پیاوان تێدەکۆشن و خزمەت دەکەن. لە بەرگری و شەڕیشدا لە جیهاندا بێوێنەن و بوونەتە نموونەی شۆڕشگێڕی و قارەمانێتی بۆ ژنانی جیهان. چەندین داستانی قارەمانێتی و نەبەردیان تۆمارکردوون. نەیارانی گەلەکەمان لەپێش دۆستەکانماندا، دان بەم ڕاستییەدا دەنێن.

یەکێک لەو ژنە ناودارانەمان، میرزادە ( قەدەم خێر)ی نەمرە، کەڵە ژنێکی قارەمان و شۆڕەسوار و سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی دلێر و چاونەترس و بەجەرگی کورد بوو، کورد و کوردستانپەروەرێکی کەم وێنە بوو، کوردستانی لە گیانی و ژیانی لەلا شیرینتر و لە پێشتر بوو. قەدەم خێر شۆڕشگێڕێکی نەتەوەییمان بوو. هیوا و ئاواتی ئەوەبوو کە هەموو بستێکی خاکی کوردستان لە داگیرکەرانی ڕەگەزپەرست و بێویژدان ڕزگار بکات. بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە پیرۆزەش، لە گیانبازی و لە مردن سڵی نەکردەوە. چیتر جەور و زوڵم و ناڕەوایی و چەوسانەوەی کوردی، لەلایەن شای ئێران ڕەزا شا پەهلەوییەوە، پێ قبووڵ نەکرا "کەم بژی و کەڵ بژی"ی لە لای لە ژیانی ژێردەستی و دیلێتی پێ خۆشتر بوو. بۆیە چەکی کوردایەتی و مەردایەتی کردە شانی و لە ناوچەی (پشتکۆ) لە چیاکانی زاگرۆس، لە لوڕستانی بچووک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جاڕی ڕاپەڕین و شۆڕشی ڕاگەیاند. ویستی سەربەخۆیی لوڕستان ڕابگەیەنێت. بکات بە دەروازەیەک بۆ ڕزگارکردنی هەموو کوردستان. ناوچەی لوڕستان لە زۆربەی سەردەمەکاندا، لە سەردەمی عەباسییەکان تا دەگاتە سەفەوییەکان لە ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، میرنشینە کوردە فەیلییەکان فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان دەکرد، نیمچە سەربەخۆبوون.

قەدەم خێر لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کورد و کوردستان پەروەر، لە ساڵی (١٨٨٩) دا، لە باکووری شاری (ئەندیمەشک) لەناو چیا سەرکەشەکانی لوڕستان لەدایک بوو. کچی میر (قەندی قەلاوەندی) یە، کە سەرکردەی ناسراوی هۆزی قەلاوەندی فەیلی بوو. قەدەم خێر تەنیا خوشکی (٩) برا بوو. کچێکی زیرەک و جوان و شۆخ و شەنگ و باڵا بەرز و بەژن ڕێک بوو . شووی بە میرزادەیەکی قەلاوەندی کرد. کوڕێکیان هەبوو. وشەی (قەدەم خێر) یش بە واتا (پێ بەخێر)ە.

قەدەم خێر هێشتا نیوچە کچ بوو، بەشداری لە هەموو ئەو شەڕانەدا کرد، کە براکانیان لە دژی سوپای ئێران کردیان. ئازا و چاونەترس و نیشان شکێنێکی لێهاتوو بوو.

ڕەزا شای ئێران، بە بیانووی چاکسازییەوە، سوپایەکی گەورە و دڕندەی ڕەوانەی ناوچەی لوڕستان کرد. ویستی بە سەرکوتکردن و کوشتن و تۆقاندن و بە زۆرداری دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو دەڤەرەدا بسەپێنێت. ئەم نیازە گڵاوەشی بە ئاسانی بۆی نەچووە سەر. سوپاکەی ڕووبەڕووی بەرگری و شەڕێکی سەخت بۆوە. شۆڕشگێڕانی لوڕستان بە سەرکردایەتی میر (شامراد خان) جوامێرانە بەرگرییان لە ناوچەکەیان کرد و زەبر و زیانێکی زۆریان لە سوپاکەی ئێران گەیاند.

دوای ئەوەی کە (شامراد خان) ی برای، کە سەرکردەی شۆڕشگێڕان بوو، لە ساڵی (١٩٢٥) لەگەڵ برایەکی تری و هاوژینەکەشی لە شەڕێکی سەختی دەستەویەخەدا، لە بەرزاییەکانی (گاوازین) دا، فرۆفێڵیان لێیان کرد و شەهید بوون. قەدەم خێر بە کوشتنی نامەردانەی دوو براکەی و هاوژینەکەی زۆر تووڕە و ڕق ئەستوور بوو. ئەم نامەردی و ناهەقییەی شای پێ قبووڵ نەکرا. شوێنی شامراد خانی برای گرتەوە و بڵێسەی شۆڕشی گەشتر کرد و ئاڵای بەرگری لە لوڕستان بەرزکردەوە و درێژەی بە خەبات و شۆڕش دا. بەڵێنی دا کە زۆرداری و ژێردەستی و مل کەچی قبووڵ نەکات و نەهێڵێت وڵاتەکەی ببێت بە پاروویەکی ئاسان و شای ئێران قووتی بدات. لە ماوەیەکی کەمدا توانی هێزێکی باش لە فەیلییەکان پێکبهێنێت. جاڕی ڕاپەڕین و شۆڕشی دا. خۆشی بوو بە سەرکردەی شۆڕشەکە. بارەگای شۆڕشەکە لە (پشتکۆ ) لە شاخەکانی زاگرۆس لە ناوچەی لوڕستان بوو. ویستی سەربەخۆیی لوڕستان رابکەیەنێت.

شۆڕشەکەی قەدم خێر هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشەکەی سەرکردەی گەلەکەمان سمکۆی شوکاک و شۆڕشی ئەزەرییەکان لە ئێران. بەراوردکردنی قەدەمخێری کورد لەگەڵ کچە سەرکردەی شۆڕشی فەرەنسا «ژاندارک» کە لە دژی ئینگلیزەکانی داگیرکەری وڵاتەکەی بوو. قەدەم خێر و ژاندارک تا رادەیەک لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووی ئامانجەکانیانەوە لەیەک دەچوون، هەردووکیان نیشتمان پەروەر و ئازادیخواز و رزگاریخواز بوون. بەڵام قەدەم خێر لە ژاندارک ئازاتر بوو. هەردووکیان زۆر بە نامەردی شەهید کران.

میرزادە "قەدەم خێر" کچی میر" قەندی قەلاوەندی"یە کە یەکێک بوو لە میرەکانی میرنشینی لورستانی بچووک. لە هۆزی لوڕی فەیلییە، کە بە قارەمانی و جوامێری و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوبەستەبوونیان بۆ کورد و کوردستان ناسراون.

مێژووی جیاواز دەربارەی ساڵی شەهیدبوونی قەدەم خێر هەیە. لە هەندێ سەرچاوەدا ساڵی (١٩٢٩) ز، بە ساڵی کۆچکردنی دانراوە. لە هەندێ سەرچاوەی تردا ساڵی (١٩٣٣) ز دانراوە. پێموایە کەیەکەمیان لە راستییەوە نزیکترە. بە تەلەفۆن پەیوەندیم لەگەڵ چەند خوشک و برایەکی ڕۆشنبیری فەیلیمان کرد. ئەوانیش نەیان زانی.

شۆڕشگێڕانی لوڕستان بە سەرکردایەتی قەدم خێر، چەندین جار و لە چەندن لاوە، شێرانە پەلاماری سوپاکەی رەزا شایان دا، لە شەڕی" بیرانوو" دا بە سەرکردایەتی قەدەم خێر، زەبرێکی گەورە و زیانێکی زۆریان بە سوپای ئێران گەیاند و و زەخیرە و چەک و جبەخانەیەکی زۆریشیان لەو شەڕەدا دەستکەوت. شای ئێران ویستی سەرۆکەکانی هۆزەکانی کورد بە پارە و پایە بخەڵەتێنێ و بیان کات بە جاش و بیان کات بە گژی شۆڕشگێڕەکاندا. شەڕی کورد بە کورد بکات. بەڵام کەسیان ئەم ناپاکییەیان قبوڵ نەکرد و ڕازی نەبوون کە دەست بخەنە خوێنی براکانیانەوە.

سوپای شاە چەند هێرشێکی تری کردە سەر شۆڕشگێڕەکان. بەڵام لە بەردەم بڕوای پۆڵایین و هەڵمەت و لێدانی گورچکبڕی شۆڕشگێڕەکاندا، خۆیان ڕانەگرت و تووشی شکستی و زیانێکی زیاتر بوون. شۆڕشگێڕەکان لە ماوەیەکی کەمدا توانیان زۆربەی ناوچەکانی لوڕستان لە سوپای داگیرکەری ئێرانی پاک بکەنەوە.

قەدەم خێر نامەیەکی بۆ شێخ مەحموودی حەفید نارد. لە نامەکەیدا باسی ئەو ستەم و زۆردارییەی کردبوو کە لێیان دەکرێ. باسی لەوەش کردووە کە چۆن رەزا شا پەهلەوی بە ناڕەوا و بە نامەردی میر (شامراد خان) ی کاکی کوشتووە. هەر لەو نامەیەدا، داوای لە شێخی نەمر کردووە، کە هێزەکانیان، بکەن بە یەک و بە یەک هێزەوە پەلاماری داگیرکەران لە ڕۆژهەڵات و لە باشووری کوردستاندا بدەن. چونکە دەیزانی کە هێز لە یەکێتی و لە یەکڕیزی دایە. ئەوەشی بۆ نووسیوە من ئامادەم هەموو شۆڕشگێڕەکانمان، بخەمە ژێر فەرماندەی بەڕێزتان، لەگەڵ هەموو ئەو چەک و جبەخانەیەش کە هەمانە، کە بەشی دوو ساڵی شەڕکردن دەکەن. بەڵام شێخ مەحموود گوێی بە نامەکەی نەدا بە هەندی نەزانی و بە دەنگی داخوازییەکەیەوە نەهات. گوایە شێخ لەوە ترساوە، ئەگەر ڕێکەوتنێکی وا بکات سوارەکانی لێی دووردەکەونەوە. چونکە لەوانەیە ئەوان بە هەڵە لێکیبدەنەوە و وابزانن کە شێخ لە پێناوی سەروەت و سامانی میرزادەیەکی دەوڵەمەندا، ئەم ڕێکەوتن و یەکگرتنەی کردووە.

رەزا شای پەهلەوی، دوای ئەوەی کە چەند جارێک سوپاکەی شکستی هێنا، پەنای بۆ فڕوفێڵ و درۆ و پیلان برد. شاندێکی بە کۆمەڵێک دیاریی بە نرخەوە، بۆ لای قەدەم خێر نارد، بەڵێنی ئەوەیان دایێ کە شا بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ هەموو چەکهەڵگرتووەکان دەرکردووە و بڕیاری ئەوەشی داوە، کە کۆمەڵێک چاکسازی و ئاوەدانی لە لوڕستاندا جێبەجێ بکات و باری گوزەران و ژیانی دانیشتوانیشی خۆشتر دەکات، داواشی کردووە کە قەدەم خێر شووی پێ بکات. قەدەم خێر زۆر لە شاندە نێراوەکەی شا تووڕە بوو. وتی: چی دیارییەکتان هێناوە هەرهەمووی لەگەڵ خۆتاندا بیان بەرنەوە، دەقی ئەم قسەیەی منیش کە وەڵامی داخوازییەکەی شایەکەتانە، پێی ڕابگەیەنن کە قەدەم خێر وتی:"من ژن نیم تاکو شوو بکەم، بەڵکو تۆ ژنیت". قەدەم خێر بە باشی لە نیاز و مەبەستی گڵاوی شای بێڕەوشت تێ گەیشتبوو کە چییە.

کە ئەو وەڵامەی قەدەم خێریان بە شا ڕاگەیاند"من ژن نیم و تۆ ژنیت" زۆرگرژ و تووڕە بوو. سوپایەکی زەبەلاحی بە بەهێزترین چەکی قورسەوە بەرەو لوڕستان بەڕێکرد. دەستیان لە هیچ کەسێک نە دەپاراست و بە سەدان منداڵ و ئافرەت و پیری بێ گوناهیان کوشت، بە دەیان ئاوایی لوڕستانیان کاولکرد و تەر و وشکیان سوتاند، تالان و دزییان کرد و سیاسەتی قێزەوەنی، سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە و زەوی سوتماکیان جێبەجێکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا و نەیان توانی شاخەکانی دەڤەری لورستان بگرن. شۆڕشگێڕەکان لە دیوی گەرمیانی باشووری کوردستاندا ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە و دووبارە هاتنەوە بۆ دیوی لورستان و لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر سۆپاکەی شای ئێرانی داگیرکەر و زەبرێکی کاریگەر و زیانێکی زۆریان بە سوپا بەزیوەکەی ئیران گەیاند. شای ئێران کە زانی ئەستەمە کە بتوانێت بە زەبری هێز و لەشکرکێشی بەسەر شۆڕشگێڕاندا زاڵ بێت و کۆتایی بە شۆڕشەکەی لوڕستان بهێنێت. کە شەڕی پارتیزانییان دەکرد. شای درۆزن دووبارە کەوتە فڕوفێڵ کردن و سوێندخواردن و بەڵێنی درۆ و پیلانێکی چەپەڵ و گڵاوتر. ئەمجارەیان ویستی لە ڕێی ئایین و دڵپاکی و خۆشبڕوایی قەدەم خێر و فەرماندەکانی شۆڕشەکە بخەڵەتێنێت. شا شاندێکی تری بۆ لای قەدەم خێر نارد، کە پێکهاتبوون لە چەند مەلایەک و چەند سەرۆک هۆزێکی کورد، کە نامەیەکی تری بۆێ پێیاندا ناردبوو، هەر بە ئەم شاندەدا، نوسخەیەکی قورئانی بە دیاری بۆ قەدەم خێر ناردبوو، کە لەسەر بەرگی یەکەمی قورئانەکەدا، شای درۆزن مۆری شوێن دەستی خۆی لەسەر مۆرکردبوو، تا بڕوای پێبکەن و دڵنیابن، گوایە شا مۆسوڵمانێکی لە خواترسە و دەستی بە ئەم قورئانەدا داوە و نیێتی پاکە و قورئانەکەش شاهیدە. ئەوەشی بۆ نووسیبوو، کە دووبارە بڕیاری لێبووردنی گشتی دەرکردووە، کە بەبێ مەرجێک هەموو چەک هەڵگرێک دەگرێتەوە. لێپێچینەوەش لەگەڵ هیچ چەکدارێکدا ناکرێت. هەمووشتان دەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆتان. و لورستانیش لە جاران ئاوەدانتر دەکەینەوە.

زۆربەی شۆڕشگێڕەکان کە قورئانەکەیان بینی و دەستەمۆری شایان لەسەر بینی، بڕوایان بە بەڵێن و بڕیار و بە درۆکەی شا کرد، بە چەکەکانیانەوە خۆیان بە دەست سوپای ئێرانەوە دا. تەنها قەدەم خێر و چەند شۆڕشگێڕێکی زۆر کەم نەبێت، ئەوانیش کە زانیان هیچ دەرەتانیان نییە، بە ناچاری لەگەڵ سەد سواری شۆڕشگێڕدا کە زۆربەیان فەرماندە بوون، خۆیان بەدەستەوە دا و بەرەو تارانی پایتەخت بەڕێ کەوتن. ئەگەرچی بڕواشیان بە لێبووردن و بە سوێند و پەیمان و بەڵێنەکەی شا نەبوو. لە پێشا بۆ چەواشەکاری بە گەرمی پێشوازیان لێکردن. ئەمەش یەکەمین جار و دووەمین جار نییە، کە سەرکردەکانی کوردمان بە بەڵین و سوێند و بە فڕوفێڵ و بڕیارە درۆکانی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانی کوردستان، لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا بخەڵەتێن و تێبکەون. پێشتر و دواتریش چەندین سەرکردەی شۆڕشگێڕی کوردمان، پەند و وانەیان لە سوێند و بەڵێن و بڕیارە درۆکانی داگیرکەرانی کوردستان وەرنەگرت، بە هەمان پیلان و سوێند و بەڵێن هەڵخەتان. گەلەکەشمان باجێکی زۆری ئەم نابەڵەدی و هەڵانەی سەرکردەکانی داوەتەوە. داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان، دڵپاکی و خۆشبڕوایی، کە خاڵێکی لاواز و نەرێنی سەرکردەکانی کوردمانە قۆستوونەتەوە. چەندین جاری تر بە هەمان پیلان و بەڵێن و پەیمان و فڕوفێڵ، سەرکردەکانی کوردیان هەڵخەڵەتاندوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سوپای دڕندەی و ڕەگەزپەرستی ئێران، هەر لە یەکەم شەوی خۆبەدەستەوەداندا، بە نامەردی زۆربەی شۆڕشگێڕەکانیان کوشت. قەدەم خێر و" ١٧" لە سەرکردەکانی شۆڕشەکەشیان ناردن بۆ تاران، لە دوای ڕۆژێک هەر (١٧) سەرکردەکەیان لە سێدارە دا. هەندێک دەڵێن نامەردانە پرچی قەدەم خێریشیان بەست بە کلکی هێسترێکی چەمووشەوە، رایکرد و قەدم خێری ڕاکێشا. هەموو گیانی شکا و خوێنی لێ دەچۆڕایەوە. ئینجا خستیانە زیندانی تارانەوە. ڕۆژانە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیان دەدا. بەڵام قەدەم خێر زۆر ئازا و خۆڕاگربوو. داوای لێبووردن و بەزەیی لێ نەکردن. لە بەندیخانەدا، نەخۆش کەوت و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، ئەم شێرەژنە شۆڕشگێرە سەرکردەیەمان، لە زیندانی تاراندا، بە سەربەرزی و بە مەردی لە ساڵی (١٩٢٩) ز کۆچی دوایی کرد. شانازی و سەروەریی و شکۆداری بۆ کورد و کوردستان و نەمریشی بۆ خۆی تۆمارکرد. تەرمەکەشیان لە گۆڕستانی شاری (کەربەلا) ناشت. تا ئەمڕۆ هیچ زانیارییەک لە بارەی شوێنی مەزارەکەیەوە نازانین.

شۆڕشەکەی قەدەم خێر (٣) ساڵی خایاند. لەو ماوە کورتەدا، چەندین داستانی قارەمانێتییان تۆمارکرد. شکستهێنانی شۆڕشەکەی قەدەم خێر بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

١ـ نابەرانبەری هێز و چەک. چەکەکانی شۆڕشگێران کۆن و ساکار بوون. بەڵام سوپای ئێران قورسترین چەکی مۆدێرزمی ئەو سەردەمەیان لە دژی شۆڕشگێڕان بەکاردەهێنا. ژمارەی سەربازەکانیشیان سەد بە قەی ژمارەی شۆڕشگێڕان دەبوون.

٢ـ دووبەرەکی و ناکۆکی کەوتە نێوان شۆڕشگێڕەکانەوە. بەشێک لە فەرماندەکان و لە شۆڕشگێڕەکان هەڵخەڵەتان و بڕوایان بە بڕیاری لێبووردنی گشتی و بەڵێنی درۆی ڕەزا شا کرد. بە چەکەکانیانەوە خۆیان رادەستی سوپای ئێران کرد. ناپاکییان کرد و هەموو نهێنییەکانی شۆڕشەکەیان دا بە دوژمن دا.

٣ـ کەمبوونەوەی چەک و تەقەمەنی و ئازووقە و کەرەستەی پێویستی شۆڕشگێڕان.

٤ـ پشت تێکردنی سەرۆک هۆزەکانی کورد لە دەڤەرەکەدا، لە شۆڕشەکەی قەدەم خێر.

بە داخەوە، تا ئێستا زانیاری زۆر کەمە دەربارەی ئەم کەڵە ژنە شۆڕشگێڕەمان هەیە. دەبوایە مێژوونووسانی کوردمان لە پەرتووکێکدا، بە وردی و تەسەلی باسیان لە ژیاننامە و لە شۆڕشەکەی قەدم خێر بکردایە. دەبوایە هونەرمەندانی دەرهێنەری کوردمان، ژیاننامە و شۆڕشەکەی قەدم خێریان بەرز رابگرتایە و بیان کردایە بە بابەتی فیلمێکی سینەمایی دیکۆمێنتاری، یان بە زنجیرە لە درامایەکی تەلەفزیۆنی. پێشنیاری ئەوەش دەکەم، کە پەیکەرتاشێکی بە توانای کوردمان، بە هاوکاری لەگەڵ شارەوانی شارێکی باشووری کوردستان، لە گۆڕەپانێکی گونجاودا، بۆ بەرزراگرتنی یادی قەدەم خێری شۆڕشگێڕ و سەرکردە، پەیکەرێکی شایستەی بۆ دروست بکەن. چیرۆکی قارەمانێتی قەدەمخێر، بووە بە بەشێک لە کەلەپووری نەتەوەییمان، کە شەوانی ساردی زستان، دایکان و داپیرە کوردە فەیلییەکان بۆ منداڵەکانیان دەیگێڕنەوە. تا ساڵانی پەنجاکانیش، وێنەی قەدم خێر لە زۆربەی ژوورەکانی ماڵە برا کوردە فەیلییەکانمان لە بەغدا هەڵواسرابوو.

بە دەیان شیعری ستایش و گۆرانیش بەسەر جوانی و شۆڕشگێڕی و قارەمانێتی قەدەم خێردا هەڵدراون کە تا ئەمڕۆش فەیلییەکان بە خۆشییەوە گوێ لەو گۆرانییانە دەگرن. دەنگخۆشەکانیشیان بە ئاوازەوە دەیان ڵێنەوە. نووسەری ناسراوی کوردمان دکتۆر (زوهیر عەبدولمەلیک) دەڵێت:"لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، شریتێکی تۆمارکراوم دەستکەوت، کە گۆرانییەکی بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شۆڕشگێڕی فەیلی قەدەم خێری لەسەر تۆماکراوە، کە گۆرانییەکی ناوچەی (بابی) یە کە دەکەوێتە لوڕستانی ئەوپەڕی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ئەمەش دەقی وشەکانی گۆرانییەکەیە، کە نووسەر زوهیر عەبدولمەلیک لە دیالێکتی فەیلییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی. منیش لە زمانی عەرەبییەوە وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی:

لەسەر لووتکە چیاکانەوە
قەدەمخێر هاتە خوارەوە
سوورە لەسەر جەنگ و شەڕ
لە لۆیەکانی پشتێنە ئاوریشمییەکەیدا
دەمانچەیەکی پڕ لە فیشەک هەیە
قەدم خێر، ئەی کەوش قەدیفەیی و
قژ خەنەیی
جوانی بەدەرت سەرسامی کردووم
چەکەکەی دەستیشت گڕ لە پەرۆشم بەردەدات
دوژمنەکانت لە گۆڕەپانی جەنگدا هەڵدێن
ئەوانەی بشمێننەوە بەشیان نەگبەتی و دۆڕانە
خانمەکەم، دەست بە شەڕکردن بکە
کەژاوەیەکت لە ڕێحانە بۆ دروست دەکەم
تا لە تینی گەرمی خۆر
چاوە جوانەکانت بپارێزێت

تا رادەیەک سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:
١ـ من تراث النساء.. قدم خير الكوردية. بقلم: الدكتور زهير عبدالملك. المنشور في موقع كلكامش في: ٢٣/ سبتمبر/٢٠١٠
٢ـ لە ئافرەتە ناودارەکانی کورد.. قەدەم خێر. نووسینی: ڕەزا شوان ـ ساڵی بڵاوکردنەوەی لە سایتەکاندا: ٢٠١٠
٣ـ ثورة الاميرة الفيلية قدم خير ـ بقلم الكاتب: شهاب القرەلوسي. المنشور في العدد (١٥٣) ـ جريدة الاتحاد: ١٤/ ئوکتوبر/٢٠٢١

٤ـ هەڵۆی بەرزە فڕی زاگرۆس.. قەدەم خێر ـ سایتی (ژنها) نووسەر: ت . پ.
٥ـ نضال المرأة الكوردية وإستقلال الوطن الكوردستاني. بقلم: علاء يارکة ملک الماسبي ـ موقع: كلكامش. تاريخ النشر: ٢٦/ يناير/٢٠١٠
٦ـ ئافرەتی شۆڕشگێڕی کورد (قەدەم خێر) ی فەیلی. نووسینی : کەریم شارەزا
ناوەندی ڕەوەندی کورد لە دەرەوە ـ دوا نوێکردنەوەی لە: ١١/ ٢٠٢١/٦
٧ـ أعلام الكورد ـ الاميره قدم خير. بقلم: غالب علي. موقع : كلكامش ـ تاريخ النشر: ٦/ سبتمبر/ ٢٠١٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیاندراوی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاری توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان

ڕاگەیاندراوی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاری و وەستانەوە دژی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ٢٥ی نوامبر وەک ڕۆژی بەرەنگاری و وەستانەوە دژی هەر جۆرە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناوزەد کراوە. پرسی ئاپارتاید و هەڵاواردنی ڕەگەزی پرسێکی گشتگیر و جیهانییە کە دۆخی ژیانی ژنانی لەژێر کاریگەری خراپی خۆی داناوە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە پشتیوانی یاسای دژە ژنی هەڵقوڵاو لە بیری سێکسیستی و دواکەوتووانەی خۆی ژیانی بۆ ژنان لە ئێران قورس تر و مەیدانەکانی چالاکی بۆیان بەرتەسکتر کردووەتەوە بەڵام ژنانی کورد وەک بەشێکی چەوساوەی نەتەوەیەکی بندەست لە ئێران جارێکی دیکە و بە دوو قات دەچەوسێنەوە هەم وەک پێگەی جنسیەتییان و هەم وەک نەتەوە. هەژاری لە ڕادەبەدەر، گرانی و بێکاری یەکێکی دیکە لەو پرسانەیە کە بووەتە هۆی گەشەسەندنی توندوتیژی پەت پساوانە بەرانبەر بە ژنان. کەمی ڕێژەی بەشداری ژنان لە بازارەکانی کار و نەبوونی حەقدەستی هاوسان ژنانی لەبواری ئابوورییەوە، کۆیلە کردووە و پەرەی بە چەوساندنەوەی ژنان و بێدەنگ بوونی ژنان داوە. بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی لەژێر گوشار و هەڕەشە و مەترسی توندوتیژی دان بە هۆی بێدەرەتانی و نەبوونی شوێنێکی پارێزراو و گەرەنتی نەبوونی داهاتووی هەم لە بواری ئەمنی و هەم لە بواری ئابوورییەوە ناچار بە درێژەی ژیانن لە بارودۆخێکی خراپ کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەی جیلی داهاتووی خۆی. لە لایەکی دیکەوە کولتوری پیاوسالارانە و پشت ئەستور بوونی ئەو کولتورە بە یاسا، لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی بە هەمان شێوە، فاکتەرێکی گرینگی دیکەیە کە کاریگەری لەسەر دۆخی ژنان بووە و هەیە و تا ئێستا ئەو کاریگەرییانە بە تەواوی کۆنترۆڵ و قەرەبوو نەکراونەتەوە لە ئاستی جیهانی و ئێرانیدا. ژن کوشتن نە تەنیا وەک تاوان بە ئەژمار نایا بەڵکوو وەک ئیمتیازێک بە پیاوی بکوژ دەدرێ کە جێگەی پیاوەتییەکەی لە کۆمەڵگەدا قایمتر و جێگەی ڕێزتر دەکا. پەروەردەی خراپ و سیاسەتی بەکۆیلە کردنی ژن لە نێو کۆمەڵگە و بە تایبەتی لە سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا، ئولگویی درۆین و ساختە لە پێگەی لاوازی ژنان و پێناسە کردنی ژنان وەک ڕەگەزی دووهەمی نێو کۆمەڵگە، بە جۆرێکی دیکە کاریگەری قورسی لە سەر ژیانی ژنان و بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان داناوە. ژنان لە ئێران لە نێو ئاوری دۆزەخی نێوان سونەت و مۆدێرنیتە دەسوتێن مۆدێرنیتەیەک کە ژنان وەک تاکێکی سەربەخۆ لە نێو کۆمەڵگەدا پێناسە دەکات و ژن بە خاوەن بڕیار لە پرسەکانی خۆی دادەنێت لە کاتێکدا کە لە بەرانبەریدا سونەت بە پێچەوانە هۆویەتی ژن وەک تاکێکی سەربەخۆ ڕەد دەکاتەوە و بە بەشێک لە سەرمایەکانی ڕەگەزی بەرانبەر پێناسەی دەکات. لە لایەکی دیکەوە گەشەی کولتوری ناموس پەرەستی کە تەنیا پرسێکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستان نییە ڕێژەی توندوتیژییەکان و لەوانە کوشتنی لە ژێر بیانووی ناموس گەشە پێداوە. بە بڕوای ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بێدەنگ نەبوون لە بەرانبەر توندوتیژی و ئەرکدار کردنی هەر تاکێک وەک شارۆمەند بەرانبەر ئەو ڕەوتە ڕوو لە گەشەیەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان هەوڵەکان بۆ سەرخستنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و دێموکراتیک خێراتر دەکات. لەبەر ئەوەی دابین بوونی دێموکراسی و ئازادی لە ئاسۆی دابین بوونی یەکسانی ڕەگەزییەوە سەر هەڵدەدات. بە مەبەستی هەوڵی جیدی و کاریگەر لە بابەت پێشگرتن بە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات بە پشتیوانی لە کەمپەینی "#بێدەنگی بشکێنین" داوا لە هەموو چالاکان، ژنان و پیاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات بەشێک بن لەو کەمپەینە و لەو هەوڵە بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان.

پێنج شەممە ٤ی سەرماوەزی ١٤٠٠ ٢٥ نوامبر ٢٠٢١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک بۆ قوتابییان و خوێندکارانی دەرچووی ئاستە جۆراوجۆرەکان لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات

سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ٦ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات ڕێورەسمی قوتابییان و خوێندکارانی دەرچوو لە ئاستە جیاوازەکاندا بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە لەلایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە تایبەت بەو قوتابی و خوێندکارانەی کە دەرچووی پۆلی ١٢ی ئامادەیی و هەروەها خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەڕێوە چوو.

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لەلایەن پێشکەشکاری بەرنامە خاتوو سۆما حەکیم زادە بە خێرهاتنی میوان کرا و ئامانج لە ڕێوڕەسمەکە باس کرا.

دواتر پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەلایەن بەڕێز سەرگوڵ شابازی سکرتێری ڕێکخراو پێشکەش کرا.

لە سەرەتای پەیامەکەدا هاتبوو:

ئەو کیژ و کوڕانەی کە ئەمڕۆ لێرەن و دەمانەوێ ڕێزیان لێ بگرین، بەشی زۆریان لەدایکبووی شۆڕشی کوردستانن و بە ماندووبوونی خۆیان و پاڵپشتیی بنەماڵەکانیان و حیزبی دێموکرات و زەحمەتی مامۆستاکانیان و هەروەها هەوڵ و هیمەتی خۆیان، توانیویانە بەشێک لە قۆناغەکانی خوێندن تێپەڕ بکەن. ئەوان سەرەڕای گەلێک بەربەست و مەحدودییەتی جۆراوجۆر، لەژێر هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و سەختی و دژوارییەکانی خەباتدا، شان بە شانی بنەماڵە پێشمەرگەکانیان توانیویانە ئەم سەرکەوتنانە وەدەست بێنن و ببنە مایەی شانازی بۆ بنەماڵە و حیزب و ڕێکخراوەکەمان. لە نێویاندا زۆرن ئەو خوێندکارە سەرکەوتوانەی کە دوای تەواو کردنی خوێندن ڕێچکە و ڕێبازی دایک و باوکی پێشمەرگەیان هەڵبژاردوە و لە ئۆرگانە جیاوازەکانی حیزب و ڕێکخراوەکاندا خەریکی خزمەت بە خاک و خەڵکی کوردستانن.

لە بەشێکی تری پەیامەکەدا هاتووە:

لە ئێستادا کە خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دۆخێکی ناخۆش و پڕ لە دڵەڕاوکێ دان و تەنیا هیوایان بە داهاتوویەکی باشتر، لابردنی کۆماری ئیسلامی و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیکە، خوێندکاران لە نێوخۆی وڵات زیاتر لە هەمیشە لەژێر فشار و سەرکوتکاریی دان. ئەوان کە لە زۆربەی بزووتنەوەکانی دژ بە سەرەرۆیی و دیکتاتۆریدا ڕۆڵی کاتالیزۆر و پێشەنگایەتی دەگێڕن، لە ئاکامی گرینگی‌نەدانی ڕێژیم بە زانین و زانکۆ و داهاتووی خوێندەواران لە لایەک و فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە لایەکی دیکەوە، بە تەواوەتی پشت گوێ و پەراوێز خراون.

لە کۆتاییدا هاتووە:

بۆ هەموو ئەو قوتابیانەی کە ئەمساڵ لە زانستگەکاندا وەرگیراون و، بۆ هەموو ئەو خوێندکارانەش کە لە قۆناغی جۆراوجۆردا خەریکی درێژەدان بە خوێندنن، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و ئاواتەخوازین وێڕای سەرکەوتنیان لە خوێندن، لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان غافڵ نەبن و لە نووسینی تێز و توێژینەوەکانیاندا بە تایبەت لەسەر پرسە نەتەوەیی و تایبەتەکانی کوردستان زیاتر کار بکەن و هەوڵی زیندووهێشتنەوەی شوناسی نەتەوەیی و پارێزگاری لە نیشتمان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان بزانن. کچان و کوڕانی خوێندکار دەبێ بزانن کە زانکۆ بۆ لاوانی کورد تەنیا شوێنی خوێندن نییە، بەڵکوو گۆڕەپانێکە بۆ دەنگ‌هەڵبڕین و بێدەنگ نەبوون بەرامبەر سەرەرۆیی و دیکتاتۆری.

لە بەشکی تری ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی دەفتەری سیاسی پێشکەش کرد؛ ناوبراو لە



سەرەتادا وێڕای پیرۆزبایی لە قوتابییان و بنەماڵەکانیان و کە هەر کامیان بە جۆریک قۆناغێکی خوێندنیان تێپەڕ کردووە و هەروەها لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا توانیویانە ببنە پاڵپشتی منداڵەکانیان بۆ خوێندن و هەروەها ماندووبوونی مامۆستایانی بەرز نرخاند .قوتابیان بۆ خۆیان زیاتر لە هەمووان زیاتر هەست بەوە دەکەن کە بنەماڵەکانیان لە چ هەلومەرجێک ژیاون، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لەژێر هێرشی کۆماری ئیسلامی دابوون، بەڵام توانیویانە هەست بەوە بکەن کە ڕێگەی فێربوونی زانستیان لەبەردەم دایە.

لە بەشێکی تری قسەکانی دا:

نەتەوەکەمان پێویستی بە جیلێکی نوێی خوێندەوار و پێگەیشتووە کە بتوانن لە ڕێگەی زانستیشەوە یارمەتیدەر بێ کە بتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین و نزیکمان بکاتەوە لە سەرکەوتن. قوتابیان هەست بەوە دەکەن کە ئەوان لە دوو سەنگەر دا خەبات دەکەن، سەنگەرێکیان ئەو ڕێبازەی کە خۆیان گرتوویانەتە پێشەوە و سەنگەری دابین کردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ نەتەوەکەمان بۆ پێگەیشتنی ئێوە. کەوا بوو ئەوەی کە ئێوە کردووتانە کە هیواداریـن سەرەتایەک بێت بۆ درێژەدان بە خوێندنی زیاترو دڵخۆشکەرە بۆ بنەماڵەو حیزب و گەلەکەتان.

کیژان و کوڕانی پێشمەرگە و لاوانی ناو شۆڕش ئاگادارن کە لەو شەرایەتە لە چ هەلومەرجێک ژیان دەبەینە سەر و ئێوە گەیشتوونەتە ئەو پلەیە بێگومان دڵخۆشکەرە بۆ نەتەوەکەتان و زیاتر ئومێدەواریان دەکات هیواداریـن لە داهاتوو دا خزمەتی نەتەوەکەتانی پێ بکەن.

خوێندن بەشێکە لە ژیانی لاوان وکارێکی ئاساییە بەڵام بێگومان لە شەرایەتی ژیانی ئێوەدا خوێندنیش بۆخۆی کارێکی تایبەت بووە، هەربۆیە بەڕاستی سەرکەوتنی ئێوە بۆ بڕینی ئەو قۆناغە لە خوێندندا کۆتایتان پێ هێناوە حەتمەن وەکو خێبەجێ کردنی ئەرکێک نەک ئەرکی شەخسی قوتابییەک بەڵکو وەکو ئەرکێک لە پێناو مەبەستێکی تایبەتی تردا دەبێ چاوی لی بکرێ.

لە برگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە، خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە قوتابییانی دەرچووی ١٢ی ئامادەیی و هەروەها خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ هەر دوو ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٠ و ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ترسی ژنان لە تاقیکاری ئێسکی سمتیان بە مەبەستی لە بێژینگدان و ناسینەوەی نەخۆشییەکانی منداڵدان



د. ڕۆمینا مورادی

دڵەڕاوکێ و ترس بەر لە ئەنجام دانی تاقیکاری ئێسکی سمت لە نێو ژناندا و تەنانەت لە عەینی تاقیکاریدا زۆر ئاساییە. لە ڕاستیدا لە ڕێگای واژەنی ئافرەتە کە نموونە هەڵدەگیرێتەوە بۆ مەبەستی ناسونەوەی پاتۆلۆژی. ئەو تاقیکارییە یەکێکە لە ئاساییترین تاقیکارییەکانی پزشکی کە دلەڕاوکە بۆ ژنان دروست دەکا، کە دەتوانێ ئاسەواری نەرێنی جەستەیی و ئێحساسی هەبێ. ئاسەوارێک وەک ئێش، مورتاح نەبوون، ترس، ئاسی بوون و شەرم. ئەو ئاسەوارە نەرێنییانە دەتوانن بەرگری بکەن لەوەی کە ژنێک لە کاتی گونجاودا لە بەشداری لە پۆڕگرامەکانی لە بێژینگدان بۆ مەبەستی ناسینەوە و دەرمانی نەخۆشییەکانی مندالدان سڵ بکات.


ئەو ترسە لە زمانی پزشکیدا فوبیای پێ دەگوترێ و ڕێگا چارە بۆ کەم کردنەوەی هەیە. هەلسەنگاندنی ئاستی ترسی ژن بۆ تاقیکاری واژەن گرینگی زۆری هەیە بۆ ئەوەی کە لە نەخۆشی مناڵدانی ژن لە قۆناغێکی سەرەتایی ە دەسپێکدا بەرگری دەکا. هێندێک فۆڕمی تایبەت هەیە لە لای پزشکانی پسپۆری نەخۆشی ژنان کە ئاستی ئەو ترسە دیاری دەکا. ڕێکارەکانیش بەپێی هۆکاری فوبیا جیاوازن. یەکێک لە ڕێکارەکان دەتوانێ بە کار هێنانی حەبی ئارامکەرەوە بێ بەر لە تاقیکاری، هەڵبەت نەخۆش و پزشک پێکەوە بڕیار دەدەن هەڵبژاردنی کام ڕێکار لەگەڵ وەزعی دەروونی نەخۆشەکە باشتر دەگونجێ.

قسەکردن لەگەڵ نەخۆش و ئاشنا کردنی نەخۆش لەگەڵ ساختاری جەستەی خۆی کاریگەی ئەرێنی باشی هەیە لە کەمکردنەوەی ترسی ژنان لە تاقیکاری واژەنیاندا.


ئەو کەرەستەیەی تاقیکاری پێ ئەنجام دەدرێ ناوی سپێکۆلۆمە و بە پێی ئاناتۆمی ئەندامی زاووزێیی جیاوازی هەیە و جورێکی هەیە کە تەنیا یەکجار و بۆ یەک کەس بەکاری دێنن و فڕێی دەدەن.

**سەرچاوە**

Addressing Anxiety and Fear during the Female Pelvic Examination
Danielle J O'Laughlin , Brittany Strelow , Nicole Fellows , Elizabeth Kelsey , Sonya Peters , Joy Stevens , Johanna Tweedy



# ١٨ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی لەزک وەستانەوە (یائیسەیی)یە




ئامانجی ئەم ڕۆژە هۆشیارکردنەوەی باری تەندروستی جەستەیی، سێکسی، سۆزیی، دەروونی و کۆمەڵایەتیی ژنانە لە تەمەنی مامناوەند و دواییدا

لەسک وەستانەوە یان (یائسگی) یەکێکە لە قۆناغە سروشتیەکانی ژیانی ژنان کە لە تەمەنی ٤٥ساڵی بۆ دواوە، هێلکەدانەکان کەمتر هۆرمۆنی مێینە بە تایبەتی ئیسترۆژین دەرشێنەوە و دەبێتە هۆی نیشانەکانی یائێسە بوون یان نەزۆکی.

گڕ گرتن، کە نزیکەی ٧٥٪ ی ژنان ئەزموونی دەکەن،ئارەقەکردن، دڵەڕاوکێ و بێ خەویی نیشانەکانی یائیسە بوونە و دوای ئەم ماوەیەش مەترسی کێشەکانی وەک پوکتی ئێسک، نەخۆشیی دڵ و دەمار، بێ ئیختیاری میز، کەم بوونی تەڕاییەکانی مێینە و خەمۆکی زیاتر دەبێ.

یائیسە بوون هۆکارێکی سەرەکی کەم ئەندامیی ژنانی بەتەمەنە و یەک لەسەر پێنجی ئەو ژنانەی کە تووشی شکان و پوکی ئێسک دەبن بەهۆی ئەو شکانانەوە لەو کاتەوەی کە نەخۆشیەکە بڵاودەبێتەوە و پێویستە ژنان لە تەمەنی کەمدا وەرزش بکەن.

بەو پێیەی کە گڕگرتوویێ لە نیشانەکانی گرینگی ئەو حاڵتەن، پێویستە ژنان خۆیان لە خواردنەوەی قاوە و چا و بەهارات بەدوور بگرن و وەرزش بکەن چونکە وەرزشکردن و جموجوڵی جەستەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خواردنی زیادە لە لەشی بە شێوەی چەوری کۆنەبتەوە و بگوازرێتەوە بۆ ماسولکەکان.

بۆ سووتانی چەوری زیادە لە لەش، وەرزشکردن وەک پیاسەی درێژ، مەلەکردن و پاسکیل سواری کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام دەدرێ و ڕاهێنانی قورستر گونجاوە بۆ زیادکردنی هێزی ماسولکەکان و پێویستە بۆ ئافرەتان لەکاتی لەزک وێستانەوە (یائیسە)بووندا.

ئەو خۆراکانەی کە بڕێکی زۆری کەلسیۆمیان هەیە، وەک شیرەمەنی یان سەوزە بە گەڵای کەسک، ڤیتامین دی وەردەگرن و جگەرە ناکێشن و دەرمانیش هەیە کە دەکرێ لەگەڵ پزیشکدا ڕاوێژیان پێ بکرێ بۆ ئەوەی ڕێگری لە کەمکردنەوەی چڕی ئێسک بکەن.

ژنان دەبێ خۆراکە چەورەکان کەم بکەنەوە، چەوری دەبێ ٣٠٪ کالۆری خۆراکی یان کەمتر دابین بکا، هەروەها چەوریی تێرکراو سنووردار بکرێ بۆ کەمتر لە ١٠٪ کالۆری، زیادکردنی چەوریی و کۆلیسترۆڵ و نەخۆشی دڵ و مەترسی نەخۆشیی دڵ و چەوری.

ژنانی بەتەمەن دەبێ ئاسن بخۆن، ڕۆژانە لانیکەم سێ یەکەی سەرچاوەی دەوڵەمەند بە ئاسن بخۆن کە لە گۆشتی سوور، پەلەوەر، ماسی، هێلکە، سەوزەی گەڵای سەوز، مێشک و تۆوی برژاو بەردەستن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان




ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٣ی دێسامبری ٢٠٢١ی زایینی، زۆر بەداخەوە پێشمەرگە و کادری دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبەکەمان کاک سەید قادر ئەحمەدی بەهۆی نەخۆشی و بەساڵاداچووندا ماڵاوایی لە ژیان کرد. کاک سەید قادر ئەحمەدی ساڵی ١٣١٢ هەتاوی لە گوندی قایبەردی ناوچەی بانە لە بنەماڵەیەکی دیار و نیشتمانپەروەر چاوی بە ژیان هەڵێناوە؛ لەو سەردەمدا کە ئاستی خوێندواری زۆر لە خوارێ بووە و ڕێژەی خوێندواری ٣ لەسەد بووە، دەنێردرێتە بەر خوێندن و دەتوانێ تا پۆلی ٧ درێژە بە خوێندن بدا و بەدوای ئەودا لەگەڵ بنەماڵەکەی درێژە بە کاری وەرزێری دەدا و دەست و پەنجەی لەگەڵ دەرد و ئازارەکانی ژیان و نابەرابەرییەکانی ڕۆژگاردا نەرم دەکا ، دەورانی لاوەتی سەید قادر، هاوکات دەبێ لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەدوای ئەودا ڕووخانی کۆمار، دوو ڕووداوی خۆش و ناخۆش کاریگەری لەسەر بیر و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی دادەنێ. لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو کاتەوە دێتە ناو کاروانی خەباتی پڕ لە فیداکاری و قوربانیدان و بەڵێن دەدا بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتدارییەوە ئەرک و ڕاسپاردەکانی حیزب جێبەجێ بکا؛ لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی زۆر چالاکانە بەشداری دەکا و لەگەڵ ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی بنەماڵەکەی دەبێتە پێشمەرگە و بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بە هەموو توانا و فیداکاری و دڵسۆزییەوە بۆ ڕاپەراندنی ئەرکی حیزبی لە کومیتە شارستانی بانە تێدەکۆشی و وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار و هەڵسوور لە بەشێکی زۆری کار و چالاکیی ناوچەی بانەدا بەشداری دەکا و چەندین ئەرک و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری وەک بەشی قەزایی و گومرک و کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوە بردووە. پاشان لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵایەتی، نەخۆشخانە و ئاسایشگا و کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی ئەرک و بەرپرسایەتی وەک کادری پلەی ٣ی حیزب لەسەر شان بووە و زۆر سادقانە ئەرکەکانی ڕاپەراندووە.

نەمر سەید قادر لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی لە ساڵەکانی ١٣٥٨ و ١٣٧٠ی هەتاوی چەند جار بریندار بووە و دەستی زیانی پێ دەگا و چاوێکیشی لەدەست دەدا، هەروەها نەوەیەکی بە ناوی "سەعدوڵا ڕەحیمی" کە پێشمەرگە بوو لە هاوینی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی شەهید دەبێ و ئێستاکەش کۆمەڵێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا خەبات دەکەن.

هاوڕێ سەید قادر ئەحمەدی کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری گەلەکەی بوو ، ژیانی دەربەدەری و سەختییەکانی خەبات هەنگاوی پێ شل نەکرد و ماندوویی نەناسانە درێژەی بە ئەرکە پیرۆزەکانی دا و بەشی زۆری تەمەنی لە ڕێگای خەبات بۆ ئازادی و سەربەستیی گەلەکەی تەرخان کرد.

بەبۆنەی کۆچیدوایی هاوڕێی تێکۆشەر و ئەمەگناس کاک سەید قادر ئەحمەدی سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە خەباتگێڕەکەیان، خاتوو ئامینە و کوڕ و کچەکانی و خزمان و دۆستانیان لە ناوچە و شاری بانە دەکەین و بەشداریی خەم و پەژارەیانین. سڵاو لە ڕووحی پاکی و یاد و خزمەتەکانی لە دڵی مێژوودا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی پێشمەرگە

## کۆچی دوایی خاتوونێکی تێکۆشەرو نیشتمان پەروەر

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ خاتوو ئامینە خدری ، ژنە شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەری نێو ڕێزەکانی حیزب و هاوسەری کەسایەتی دێرینی نێو ڕیزەکانی حیزب ، میرزا محەممەد کەریمی ناسراوبە "قاقا" هەروەها دایکی کاک کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

شایانی باسە خاتوو ئامینە خدری یەکێک لەو ژنە تێکۆشەرانەی نێو شۆڕش بوو کە هەموو تەمەنی خۆی شێلگیرانە و وەفا دارانە بە ڕێباز و ئامانجە ڕەواکانی تا دوا پشوو مایەوە. خاتوو ئامینە ماوەیەک بوو لە وڵاتی هۆڵەند دەژیا و ڕۆژی شەممە ١ی خەزڵەوەر کە بۆ سەردان هاتبووە کوردستان لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی دایە ئامینە پرسەو سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کەریمی بەگشتی و کاک کەماڵ کەریمی بەتایبەتی دەکا و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ، ڕوحی دایە ئامینە شاد و سەلامەتی و سەربەرزی بۆ بنەماڵەی گەورەی کەریمی .

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٠هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی دیبەیتێکی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان و ماڵی ڕۆشنبیرانی کۆیە



یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و ماڵی ڕۆشنبیرانی کۆیە دیبەیتێکی هاوبەشیان لە ژێر ناوی "ژنی کورد لە نێوان دوێنی و ئەمڕۆدا" لە شاری کۆیە بەرێوەبرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی ماڵی ڕۆشنبیری کۆیە لە ژێر ناونیشانی" ژنی کورد لە نێوان دوێنی و ئەمڕۆدا" دیبەیتێک بەڕێوەچوو.

سەرەتای دیبەیتەکە بە ساتێک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستپێکرد و دواتر پرۆفیسۆر دکتۆر جەواد فەقێ عەلی، مامۆستای زانکۆ باسێکی لەسەر" کوشتن بەناوی شەرەفەوە" پێشکەش کرد.

د.جەواد لەباسەکەیدا باسێکی لە ئایینەکانی پێش ئیسلام و ئیسلام کرد لەسەر ئەو مەسەلەیە کە تێیدا ئاماژەی بەوەدا کە هیچ دەقێکی قورئان و ئایینی ئیسلامدا نییە باس لە کوشتن و ئەشکەنجەدانی ژن بکات، پاشان باسێکی لە ڕۆڵی هەریەکە لە بنەماڵە، پەروەردە و حزبەکان کرد سەبارەت بە توندوتیژی دژ بەژنان.

پاشان خاتوو شەونم هەمزەیی پسپۆڕ لە بواری ئابووری،باسێکی بە ناونیشانی" ئابووری سەربەخۆی ژن تاچەندە هۆکارە بۆ نەهێشتنی توندووتیژی" سەرەتای باسەکەی خاتوو شەونم بە پێناسەیەک لە توندووتیژی دەستپێکرد و دواتر بە ووردی باسی جۆرەکانی توندووتیژی کرد.

هەمزەیی هەر لەدرێژەی باسەکەیدا باسی کاریگەری بنەماڵەی کرد لەسەر بەرهەمهێنانی توندووتیژی وبرەودان بە توندووتیژی نێوبنەماڵە و لایەنی ئابووری کە چەندە گرنگە بۆ لەسەرپێ بوونی ژن وقبووڵ نەکردنی توندووتیژی نێوخێزان.

تەوەری سێەمی دیبەیتەکە باسێک بوو لەسەر " یاسای سزادانی عێراقی" کە لەلایەن خاتوو نەرمین عەبدولڕەزاق، مامۆستای زانکۆ لەبەشی یاساوە پێشکەش کرا،لە سەرەتادا خاتوو نەرمین ئاماژەی بە گرنگیی یاسا دا و گووتی یاسا لەسەر بنەمای یەکسانی و جیانەکردنی رەگەزی دامەزراوە، پاشان بە وردی باسی لە تاوانەکانی و ئەشکەنجەدانی ژنان کرد وهەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لەمبارەیەوە بۆ ئامادەبوان ڕوون کردەوە.

لە کۆتاییدا هەریەک لە ئامادەبوان کە پێک هاتبوون لە کەسایەتی حیزبی و حکوومی و چالاکانی بواری ژنان باسەکانیان دەوڵەمەندتر کردوو ڕاوبۆچونەکانی خۆیانیان دەربڕی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان



سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ١٥ی سەرماوەز هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداری لەکۆنفرانسی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان کرد.

کۆنفرانسەکە بە وتاری خاتوو "بەهار گوڵشاد عەلی " دەستییپێکرد کە باسی ئامانجی پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییە و پلانەکانی بۆداهاتووکرد کە لە باشووری کوردستانەوە پەل بۆ تێکەڵکردنی ژنانی دیکەی پارچەکانی کوردستان دەهاوێ.

بەشێکی دیکە لە کۆنفرانسەکە تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر ڕەشنووسی کار و پلانی هاوپەیمانی و لەو پێوەندییەدا ڕا و بۆچوونی بەشداربووان وەرگیرا.

هاوپەیمانی ژنانی کوردستان کە بەدەست پێشخەری ڕێکخراوی" ئێمە" و پاڵپشتی کۆمەڵێک لە ژنانی چالاک لە هەر چوارپارێزگاری هەرێمی کوردستان پێک هاتووە کە لە پێناو چاکسازی لە یاسا، بۆدابینکردنی یەکسانی هەوڵ دەدا.

## دیمانەی کورتی گۆڤاری ژنان لەگەڵ بەڕێز دانا حاجی بەرپرسی بنکەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کۆیە

**دیمانە: ژینا پاکدامەن**

**سەرەتا خۆتان بناسێنن و بڵێن کارتان چییە؟**

*موقەدەمی پۆلیس/داناحاجی عبدوڵڵا بەرپرسی نوسینگەی کۆیەی بەرەنگاری بونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان

**چەند ساڵە ئەو کارە دەکەن و لەو چەند ساڵەدا چ شێوە توندوتیژیەک بەرچاو و دیار بووە؟**

*ماوەی ١٠ساڵە لەبواری ڕوبەڕوبونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان کار دەکەم و زۆر ئاسودەشم لە کارەکەم چونکە بەو هۆیەوە دەتوانم هاوکاری خێزانەکان بکەم تا لێک هەڵنەوەشێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە کارەکەی ئێمە قورسە بەڵام خۆشەویستیمان بۆ کارەکە قورساییەکە کەم دەکاتەوە و هەستێکی خۆشت پێ دەبەخشێ.

**چەند شێوە توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا هەیە؟**

*ناتوانین بەجێگیری دیاری بکەین چونکە توندوتیژی لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆکۆمەڵگەیەکی تر جیاوەزە یا لە کولتورێک بۆ کولتورێکی تر جیاوازە بەڵام بەگشتی توندوتیژی جەستەی دەروونی سێکسی، کۆمەلایەتی ئابورییەوە و لەهێندێک شوێن سیاسیش هەیە.

**ئێوە پێتان وایە چۆن دەکرێ ڕادەی توندوتیژی کەم کرێتەوە؟**

*بۆکەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی پێویستە سەرەتا لە خێزانەوە دەست پێبکەین ئینجا ناوەندەکانی خوێندن لەقۆناغی سەرەتاییەوە تاقۆناغی زانکۆ پێویستە مامۆستایانی ئایینی لەڕێی میمبەرەکانی مزگەوتەوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن هەموو ئەوخەڵکانەی کە نوخبەن، ڕۆشەنبیران و ئازادیخوازان هەر کەسەو لەڕاست خۆیەوە هەوڵی خۆی بدا پێویستە ووشیاری یاسایی بڵاوبکرێتەوە لەنێوگۆمەڵگەدا کە ڕێکخراوەکانی ژنانیش لەو پێوەندییەدا دەتوانن ڕەڵی باش بگێڕێن لە وشیارکردنەوەی تا، بەتایبەت ژنان.

**ئایا توندوتیژی ڕوحی و ڕەوانی زیاترە یان جەستەیی؟**

*ناتوانین بلێین کام لە جۆرەکان زیاترە چونکە توندوتیژیەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی تر جیاوازە هەردوو حاڵەت بوونی هەیە جاری وا هەیە هەردوو حاڵەتەکە بەرامبەر بە یەک کەس ئەنجامدراوەبەڵام بە هاتنی سۆشیاڵ میدیاو دونیایی مۆدێرن و ناشارەزایی خەڵک لە بەکارهێنانی، توندوتیژی خێزانی ڕوو لە زیادبوونە.

**چیتان هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤار بۆ ئەو کەسانەی کە دەکەونە بەر توندوتیژی ڕەوانی و بێدەنگ؟**

*هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم سەرفراز و بەختەوەر بن هیوادارم ئەو کەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەرئەنجام دەدرێ هەوڵ بدەن داوای هاوکاری لە کەسەکانی دەوروبەر یا هاوڕێکانیان یا مامۆستاکەی بکات. چونکە لەوانەیە بە تەنها نەتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکا و بیری بۆ شتی خراپ بڕوات و هەنگاوی هەڵەبنی و لە ئێستادا هەر کەسێک ڕوبەڕوی توندوتیژی بۆوە دەتوانێت پەیوەندی بکا بەهێڵی گەرمی ژمارە١١٩ی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاری بونەوەی توندوتێژی دژی ئافرەتان و خێزان تاهاوکاری بکەن و ڕێنوێنی بکەن دەتوانن هاوکاری یاسایی ودەروونی و کۆمەڵایەتی بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرکەوتنی نێودەوڵەتیی سێ وەرزشوانی کورد

سێ وەرزشوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەکانی "عەباس زەندی"، "کوردستان زەندی" کچی عەباس زەندی و "سەنا جەعفەرپوور"، لە سێزدەهەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی وەرزشی هونەرەکانی بەرگریی تاکەکەسی کە لەلایەن فیدراسیۆنی "کۆنفوو توا"ی وڵاتی بولغارستان بەڕێوە چوو، بەشدارییان کرد و لە فێستیڤاڵەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و میداڵی زێڕیان بردەوە.

سێزدەهەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی وەرزشی هونەرەکانی بەرگریی تاکەکەسی کە لەلایەن فیدراسیۆنی "کۆنفوو توا"ی وڵاتی بولغارستان ئامادەکاری بۆ کرابوو، ڕۆژی هەینی، ٥ی سەماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٦ی نۆڤامبری ٢٠٢١ی زایینی تاکوو ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی سەرماوەز بەرانبەر بە ٢٨ی نۆڤامبر، هاوکات لە هەر دوو وڵاتی بولغارستان و تورکیە بەڕێوە چوو، کە کۆنگفووکارانی وڵاتی تورکیە بە سەرپەرەستیی ڕاهێنەری کورد، "عەباس زەندی" لەو کێبڕکێیانەدا بەشدارییان کرد و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

شایانی باسە کە بە هۆکاری کێشەی یاسایی کۆنگفووکارانی وڵاتی تورکیە و چەند وڵاتی دیکە، کە نەیانتوانی لە وڵاتی بولغارستان بەشداری لە فێستیڤاڵەکە بکەن، فیدراسیۆنی جیهانیی "کۆنگفوو توا" شاندێکی بۆ وڵاتی تورکیە نارد کە لەو وڵاتەش بتوانن هاوکات فستیواڵەکە بەڕێوە ببەن.



## تیپی تۆپی پێی کچانی ڕۆژهەڵات بە گۆڵێک لە کچانی کۆیەی بردەوە



تیپی "تۆپی پێ"ی کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر بە ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یارییەکی دۆستانەدا بەرانبەر کچانی کۆیە، لە یاریگەی ئەو شارە بە تۆمارکردنی گوڵێک سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافی منداڵان و هەروەها ڕۆژی بەرەنگاریی لە گەڵ توندوتیژیی دژ بە ژنان ڕیکی خستبوو، ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی یارییەکی دۆستانە لە نێوان تیپی "تۆپی پێ"ی کچانی ڕۆژهەڵات و کچانی شاری کۆیە کە لە یاریگەی داخراوی شاری کۆیە بەڕیوەچوو و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانییان بە تۆمارکردنی گوڵێک لە کچانی شاری کۆیە ببەنەوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

جێگای ئاماژەیە کە لەماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا ئەو ناوەندە هەموو ڕۆژێک چەندین چالاکیی جیاوازی وەکوو شانۆ، سروود، تۆپی پێ، پێشانگای وێنەکێشان، کێبەرکێی ڕاکردن و چەندین چالاکیی جۆراوجۆری دیکەی بۆ منداڵان بەریوە بردووە.



**کچانی کورد پلەی یەکەم و دووهەمی ماشین لێخۆڕینی چوار پارێزگای ئێرانیان بە دەست هێنا. کێبەرکێیەکە لە شاری ورمێ بەڕێوەچوو، دوو خوشکی سەقزی بە ناوەکانی غەزاڵ و سەنا نەقشبەندی پلەی یەکەم و دووهەمی کێبەرکێیەکەیان بە دەست هێنا.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی خولێکی فێرکاریی زمانی کوردیی لە ناوچەی بانە



خولی دووهەمی فێرکاریی زمانی کوردیی لە گوندی "قوڵەستێر"ی بانە کە بۆ کچانی ئەو گوندە ڕێکخرابوو کۆتاییهات.
بەپیی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی سێشەممە ١٣ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی، خولی دوهەمی فێرکاریی زمانی کوردیی کچانی گوندی "قوڵەستێر"ی سەربە شاری بانە، کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئەدەبیی "هاژە" بە سەرپەرەستیی مامۆستا "ڕەحمان قادری" سەرکەوتووانە کۆتاییهات و کچانی ئەو گوندە بە تێکۆشان و دڵسۆزیی مامۆستایانی ئەنجومەنی هاژە، بێبەش نەبوون لە فێربوونی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکییان.
ئەنجوومەنی ئەدەبیی هاژە، بەردەوام لە ناوچە بانە گرینگییەکی تایبەتی بە زمانی دایکیی و فەرهەنگ و کلتووری کوردیی داوە و لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا وێڕای ئەنجومەن و ناوەندەکانی دیکە، خولی فێرکاریی زمانی کوردیی کردۆتەوە و خەڵکێکی زۆر بەو هۆیەوە فێری زمانی دایکیی خۆیان بوون.
هەروەها ئەو ئەنجوومەنە وێڕای ناوەندە فێرکاری و ئەنجوومەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام لە شار و گوندە جیاوازەکانی کوردستان ڕۆڵی باشیان لە پەروەردە و ڕاهێنانی خەڵکی کوردستاندا هەبووە.

## کچێکی کێشهەڵگری کورد بوو بە پاڵەوانی دەستە حەوتی مێرمنداڵانی جیهان



کیژان مەقسودی کچە کێشهەڵگری کورد لە ڕیزی ٧٦ کیلۆگەڕام بە ڕیکۆردی ٧٠ بە یەک تەکان، ٩٧ دوو تەکان، و لەسەر یەک ١٦٧ کیلۆگەڕام بوو بە پاڵەوانی کێشهەڵگری مێرمنداڵانی جیهان لە ڕیزی حەوتەمدا.
مەقسوودی لە یەک تەکاندا کێشی ٦٥ و ٧٠ کیلۆیی ڕاگرت، بەڵام نەیتوانی ٧٥ کیلۆ بەرز بکات. بە دوو تەکاندا کێشی ٨٥، ٩٣ و ٩٧ کیلۆی بەرزکردەوە

## ئیلناز باجەڵانی کچە قارەمانی خەڵکی کامیاران بەشداری کێبەرکێی نێودەوڵەتی کێش هەڵگری ژنانی جیهان لە ئۆزبەکستان دەکات.




### درەوشانەوەی خاتوونی کرماشانی

### فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئاماری و مێژووی تۆپی پێ، گلارە نازێمی نێوبژیوانی تۆپی پێ کرماشانی وەکوو باشترین نێوبژیوانە خانمەکان بەربژێر کرد.



## (کۆمەڵەچیرۆکی هورمسگەکان ژنێک“ (فرمێسکەکانی ژنێک) ”بە دەنگ بڵاو کرایەوە




ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو شارە کتێبی بیجاڕ، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا پەردەی لەسەر فایلی دەنگیی کۆمەڵە چیرۆکی ”هورمسگەکان ژنێک“ لە نووسینی نووسەری بەتوانای بیجاڕ و دەڤەری گەڕووس، خاتوو ”فەوزیە بەشارەت“ لادا.

لەمەودوا خوێنەرانی ئەو بەرهەمە چیرۆکییە کە بە شێوەزاری شیرینی گەڕووسی نووسراوە، دەتوانن بە ئۆنلاین نوسخەی تۆماری دەنگییەکەی دەست بخەن.

فەوزیە بەشارەت، خانمە چیرۆکنووسی کورد، ساڵی١٣٤٩ی هەتاوی لە شاری بیجار لەدایکبوو و ئێستاش دانیشتووی شاری سنەیە.

ماوەی پێنج ساڵە بە چڕوپڕی دەستی بە نووسین کردووە، تا ئێستا دوو کتێبی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

یەکەم بەرهەمی کۆمەڵەچیرۆکی ”سەرچۆپی ئاگر لە ڕێخەسیە“ کە بە شێوەزاری گەڕووسی کە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی چاپ و بڵاو بووەتەوە.

ئەم خانمە نووسەرە کوردە ئێستاش سەرقاڵی نووسینی یەکەم ڕۆمانی خۆیە بە زاراوای گەڕووسی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دێتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە.



یەکەم دەستەی خۆێندکارانی زانکۆی کۆبانی، شادی دەرچوونەکەیان دەبەنە سەر مەزارگەی شەهیدان. ئەو شەهیدانەی لە پێناو ئازادی نیشتمان و خاکەکەیان گیانیان بەخشی. چ پڕ واتایە ئەو سەردانە، ئەو شادییە. ئەو خوێنکارانەی ئەمڕۆ جێژنی سەرکەوتنیان دەگرن دەزانن ئەوە بەرهەمی ڕەنج و خوێنی شەهیدەکانیانە. کۆبانی ڕەمزی خۆڕاگری و جوانیی نیشتمانێکی بریندار.


## فیلمی دەرهێنەری لاوی سەقزی خەڵاتێکی تری نێونەتەوەیی بەدەست هێنا

فیلمی ”سەرۆک“ لە دەرهێنەریی ژیوار فەرەجزادە، لاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵاتی چواردەهەمین فستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەدەست هێنا.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکانی ناوخۆ، فیلمی ”سەرۆک“ لە دەرهێنەریی ژیوار فەرەجزادە، دەرهێنەری لاوی شاری سەقز، لە چواردەهەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم کە لە وڵاتی گورجستان بەڕێوە چوو، وەکوو باشترین فیلمی بەڵگەمەندی (مستند) هەڵبژێردرا و دیپلۆمی شانازی و خەڵاتی ئەو فێستیڤاڵەی پێ بەخشرا.

ئەو فێستیڤاڵە کە بە یەکێک لە فێستیڤاڵە بەناوبانگە نێودەوڵەتییەکانی هونەری لاوان ناسێندراوە، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ١١ی نۆڤامبر تاکوو ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٤ نۆڤامبری ٢٠٢١ی زایینی، لە وڵات گورجستان بەڕێوە چوو.

شایانی باسە کە فیلمی ”سەرۆک“ تاکوو ئێستا لە ٥٠ فێستیڤاڵی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا چووەتە سەر پەردەی سینەمای ئەو فێستیڤاڵانە و چەندین خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیشی بەدەست هێناوە.




## کیمیا عەلیزادە میداڵی زێڕی دەستەبەر کرد

**کیمیا عەلیزادە بە شکست دانی هەموو حەریفەکانی توانی لە تۆرنێمێتری نێونەتەوەیی ئەلبانی میداڵی زێڕی کێبەرکێیەکان بەدەست بێنێ.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەخشینی خەڵاتی "قەڵەمی زێڕینی قانع" لەلایەن ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان

لە کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان بڕیار درا کە خەڵاتی "قەڵەمی زێڕینی قانع" پێشکەش بەو کەسانە بکرێت کە لە بواری ئەدەبی کوردی چالاکی دەکەن.
لەو کۆبوونەوەیەدا پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری، باس لە گرینگی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرا و ئەوەی کە دەبێ خەڵک و بەتایبەت ڕێکخراوە فەرهەنگی و مەدەنییەکان، هەوڵی خۆیان بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە گۆڕین و شێواندن بدەن و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری لەسەر بەخشینی سالانەی خەڵاتی "قەڵەمی زێڕینی قانع" پێکگەیشتن.
لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان، سێ کەس لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە، وەکوو بەرپرس بۆ بەدواداچوون، ڕێکخستن و بەخشینی خەڵاتی قەڵەمی زێڕینی قانع دیاری کران.
خەڵاتەکە وەکوو خەڵاتێکی سالانەی ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان، لە بواری ئەدەبی کوردیدا (ڕۆمان، چیرۆک، وەرگێڕان، شێعر و...) بە نووسەرێکی کورد دەبەخشرێت.




شایانی باسە کە ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان، لە سالی ١٣٦٩ی هەتاوییەوە دامەزراوە و ئامانجی سەرەکیی ئەو ئەنجومەنە، پەرەپێدانی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردییە.

# کۆمەڵەشیعری (ڕەنگاڵ) بۆ منداڵان بڵاو کرایەوە




ڕەنگاڵ، ناوی نوێترین کۆمەڵەشیعری منداڵانی چاوگەشی کوردستانە لە نووسینی خاتوو زلێخا بەهمەنی نووسەر و شاعیر، بە شێوەی ڕەنگاڵە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
ڕەنگاڵ، بە نیگار و وێنەی ڕەنگاڵەی خاتوو سومەیە عەلیپەنا، هەروەها لەلایەن چاپەمەنیی "ئیدەئال" و بڵاوگەی "پەرتووک" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.
هەروەک خاتوو زلێخا بەهمەنی لە ئاگادارییەکدا ڕای گەیاندووە، ئەم کۆمەڵەشیعرە بۆ زارۆکانی نیشتمان، ڕەنگی سوور، زەرد، نارنجی، لەگەڵ سەوز و ئاوی و نیلی و بەنەوش یەک بەدوای یەکدا دەستەمەلانی شیعر دەبن و دەبنە میوانتان و هەر یەکەیان بە تام و بۆنێکەوە لە چوارچێوەی تابلۆیەکی جواندا خۆ دەنوێنن و باوەش بۆ خۆزگەی منداڵانی دڵپڕ لە خۆزگەی نیشتمان دەکەنەوە.

ئەم کۆمەڵەشیعرە بە دیاری بەسەر منداڵانی کوردستاندا دابەش دەکرێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکەم ژنی دەریاوانی خەزەر: ئیزنی خوێندن لە ڕشتەی دەریاوانی لە زانکۆ بە ژنان نادرێ



مەرزییە تەباتەبیی یەکەمین ژنی دەریاوانی خەزەر: بەداخەوە هەرچەند کە داواکاری ژنان بۆ ئەو ڕشتەیە زۆرە بەڵام هێشتا ژنان ئیزنی خوێندن لەو ڕشتەیەیان نییە. هێندێک لە ژنان هۆگری ئەو ڕشتەیەن بۆ خوێندنی ئاکادیمی کۆچ دەکەن و لە زانکۆکانی تورکیە و ئیتالیا وەردەگیرێن.

مەنار یونس تەمەن ٢٣ ساڵە کوردە خەڵکی شەنگالە مەنار یەکێک بووە لەو قوتابیانەی لەقۆناغی ناوەندی و دواناوەندی نمرەکانی لە ٩٥ کەمتر نەبووە!!! بەشی ئەندازەی تۆڕی پەیوەندیەکانی ژمێریاری لەزانکۆی حەدبای موسڵ تەواوکردووە، لەتێزی دەرچوون پێڵاوێکی بۆ نابیناکان دروست کردووە، پێش ئەوەی بگەن بەهەر تەنێک، پێڵاوەکە ئاگاداریان دەکاتەوە، بەئاراستەیەکی تردا بڕۆن!!!





## شانۆی سەر شەقامی مەریوان پاش دوو ساڵ دەستی بە کارەکانی کردەوە



ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خەزەڵوەر، پاش دوو ساڵ لە بەرێوەنەچوونی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەر شەقامی مەریوان، ئەو شانۆیە دەستی بە کارەکانی کردەوە.
ئەو فێستیڤاڵە بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ لە پارکی "شانۆ" لە شاری مەریوان بەرێوە دەچێ و کۆتایی کارەکانی ئەو فێستیڤاڵە ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەزەڵوەر، لە پارکی "بانوان"ی شاری مەریوان دەبێ.
پازدەهەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەر شەقامی مەریوان، لە ٦ بەشی "ئازاد، ئایینی، منداڵان، بەشی جیاوازی پێشاندان، بەشی تایبەت و بەشی هەڵبژێردراوانی فێستیڤاڵەکە، بەرێوە دەچێ.
جێی ئاماژەیە کە فێستیڤاڵی شانۆی سەر شەقامی مەریوان هەموو ساڵێک بە پێشوازییەکی زۆر لەلایەن خەڵکی هونەردۆستی مەریوانەوە، بەرێوە دەچێ.
شانۆی سەر شەقامی مەریوان لەساڵی ١٣٧٣ هەتاوی بە بیرۆکەی کەسانی وەکوو فاتح بادپەروا لە هۆڵی مانگی سووری ئەم شارە دەستی پێکراوە و لە ساڵی ١٣٨٤ هەتاویش بە فەرمی یەکەمین خولی بەرێوە چووە.
بە وتەی دامەزرێنەری فێستیڤاڵەکە، ئەو فێستیڤاڵە بەشێک لە ناسنامەی بێچمگرتووی شانۆی سەر شەقامی ئێرانە و ئەمرۆکە مەریوان بووەتە پێگەیەک بۆ شانۆی سەر شەقام لە سەرانسەری ئێراندا و شاری مەریوان بە پێتەختی شانۆی سەر شەقام ناوی دەرکردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کومیتەی ئۆرێبروو"ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، شەوێکی کوردی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بەڕێوە برد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٣٠ زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئۆرێبروو لە سوید، لە درێژەی کار و چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە شەوێکی کوردی بە بەشداری ئەندامانی بەڕێوەبەری وبەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی سوید پێک هێنا.

سەرەتا لە لایەن فەریبا وەیسی ئەندامی بەڕێوەبەری بەخێرهاتنی میوانەکان کرا و ناو براو بڕگەکانی ئەو شەوئاهەنگەی بۆ بەشداران خستەڕوو.

دواتر نەسرین موحەممەدی ئەندامی بەڕێوبەری ئەو ڕێکخراوە ئاماژەی بە کار و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان لە ماوەی ڕابردوودا کرد و باسی لەوە کرد کە چالاکییەکانی دوو ساڵی ڕابردوو زیاتر بە شێوەیی ئانلاین و لە دونیای مەجازیدا بەڕێوە چوون .هەروەها تیشکی خستە سەر ئەوە کە بە پێی هێور بوونەوەی دۆخی پەتای کۆرۆنا لە وڵاتی سوید، بە خۆشحاڵییەوە دیدار و چالاکییەکان دیسان وەکوو پێشوو دەست پێدەکەنەوە.

لە درێژەی ئەو شەوئاهەنگەدا گۆنا چالاک، باسێکی کورتی سەبارەت بە مافی بنەماڵەیی لە وڵاتی سوید پێشکەش کرد.

دواتر کێبەرکێیەک لە شێوەی پرسیار و وەڵام کە لەلایەن ئاسکە ئەمینزادە ئەندامی جێگری بەڕێوەبەری و هەروەها ئایدا هۆشمەند ئەندامی بەڕێوەبەری لە شاری ئۆرێبروو بەڕێوە چوو.

شایانی باسە کە خەڵاتی سەرکەوتووانی کێبەڕکێ، کتێبیک بوو لە ژێر ناوی "کوردستان لە ژێر بارانی ئاگردا" لە وەرگێڕانی کاک سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەڕێزیان چەند بەرگێکی پێشکەش بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کردبوو و جێگای سوپاس و پێزانینە.

ئەو دیدارە بە شادی و موزیکی کوردی کۆتایی پێهات.



## کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری کومیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوید



ڕۆژی یەکشەممە ٧ی نوامبری ٢٠٢١ ی زایینی، کۆمیتەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوید، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەکانی ڕێکخراوەکەمان لەو وڵاتە، بە مەبەستی بیروڕا گۆڕینەوە و باس کردن لەسەر مێکانیزمی کار کردن و چۆنیەتیی بەهێز کردن و وەگەڕ خستنی هەرچی زیاتری کۆمیتەکان و هەروەها بەرنامە و پلان دانان بۆ کار و چالاکییەکانی داهاتوو و کۆنفڕانسی ساڵانەی وڵات پێک هێنا.

سەرەتا لەتیفە جەباری بەرپرسی کۆمیتەی سوید، پاش بەخێر هێنانی بەشدار بووان، ئامانج و گرینگی کۆبوونەوەکەی باس کرد و پاشان ڕاپۆرتێکی کورتی لە کار و چالاکییەکانی کۆمیتەی گشتی لە دوای کۆنفڕانسەوە تا ئەوکات پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و داوای لە کۆمیتەکان کرد کە ڕا و بۆچوونی خۆیان لەو بارەوە و هەروەها تێبینی و پێشنیارەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ کۆنفڕانسی گشتی وڵاتی سوید کە لە چەند مانگی داهاتوودا دەبەستریٚ باس کەن.

پاشان بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن شیلان ساڵحی، باسێکی کورتی لەسەر گرینگی ڕاگەیاندن و چالاکییەکانی ئەو ماوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کرد و ئاماژەی بە ئەرکی ئەندامان لەو پێوەندییەدا و هەروەها کەم و کوڕییەکانی ئەو بەشە کرد.

بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ ڕاپۆرتی کۆمیتەکان، کە لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەکانەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوە بردنی کۆنفڕانسی ساڵانە باس و گفتوگۆ کرا و کات و شوێنی کۆنفڕانس دیاری کرا. هەروەها هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکان و پێشنیار بۆ چالاک کردن و بەهێز کردنی هەرچی زیاتری کۆمیتەکانی وڵاتی سوید یەکێک لە کۆتا بەشەکانی کۆبوونەوەکە بوو.

کۆبوونەوەکە پاش ٥ کاتژمێر کوتایی بە کارەکانی هێنا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەردانی "fargo bcn" ڕۆژنامەنووسێکی فینلاندی بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی سەرماوەز خاتوو "fargo bcn" سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لە پەراوێزی ئەو دیدارەدا باس لە دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا کە خاتوو ڤارگۆ بۆ نووسینەوەی لەتوێی کتێبێکدا و وەرگێرانی بۆ چەند زمانی جیاواز دەیهەوێ خزمەتێک بە ژنانی کورد بکا.



## پەیامی پیرۆزبایی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان» بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی «یەکێتی ژنانی کوردستان»

بەڕێزان لە ڕێکخراوەی «یەکێتی ژنانی کوردستان»، لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان بەبۆنەی ٦٩ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان، ئاراستەی ئێوە و ئەندامانی دڵسۆزتان دەکەین.

یەکێتی ژنانی کوردستان لە ماوەی دامەزرانیدا توانیویەتی خزمەتی زۆر بە پرسی ژنان بکا و کۆمەڵێک هەنگاوی لەو ڕێگا دشوارە هەڵگرتووە کە سەرکەوتووانە بەرەو ئامانج چووە.

لە کاتێکدا یادی ٦٩ ساڵەی ڕێکخراوەی یەکێتی ژنان دەکرێتەوە کە جیهان لە کاتی ئاڵوگۆڕی خێرادایە و بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی ژنان لە هەمووکات زیاتر پێویست بەیەکریزی و هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی ژنان هەیە. ڕێکخراوی ئێمە وەکوو ڕێکخراوی دەستە خوشک لە ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەتان دا جەخت لەسەر هاوکاری و پەیوەندی نێوانمان دەکەینەوە، هەروەک لەڕابردوودا و لەسەردەمی سکرتێرانی شەهیدماندا هەمیشە هاوکار و دەستە خوشک بووین.

**بەهیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی**

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پەلی پارێزگاری



ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی سەرماوەزی ١٤٠٠ هەتاوی، کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ بەشێک لە ئەندامانی لەپەلی پارێزگاری لە قەڵای دێموکرات بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە "خاتوو تامان محەممەدی" بەرپرسی بەشی تەشکیلات، باسێکی لەسەر وەزعیەتی کاری وتەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان لە یەک ساڵی ڕابردوودا کرد و بە ئاماژە بە دۆخی کۆرۆنا و پێویستی خۆپارێزی، ڕا و بۆچوونی ئەندامانی بۆ کارەکانی داهاتوو وەرگرت.

لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە هەر کام لە ئەندامانی بەڕێوەبەری خاتوو سوڕەیا پەیرەوان، شەهلا کاوە و تریفە فاتیحی لەسەر ئەو بەشەی کە کاری تێدا دەکەن و پێوەندی نێوان یەکیەتیی ژنان و ئەندامان لە نێو قەڵا قسەیان کرد و لە ڕاو بۆ چوونی هەرکام لە ئەندامان بۆ هەر چی باشتر بەڕێوەبەردنی ئەرکەکانیان لە نێو ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان پرس و گفتوگۆیان کرد. ئەو کۆبوونەوەیە بە هاوفکری و گفتووگۆی بەشە جیاوازەکانی یەکیەتیی ژنان و ڕا و بۆچوونی بەشداران کۆتایی پێهات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ پێوەندییەکانی حیزب، لە سمینارێکی مەڵبەندی ١٦ای یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆیە

شەممە ٢٠٢١/١٢/١١، بەشی پیشەییەکانی مەڵبەندی ١٦ی کۆیەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەڵسا بەسازکردنی سیمینارێک لە ژێر ناونیشانی(چۆن ئاسودەیی بەدەست بێنین)بۆ بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر"خالد ئیسماعیل" مامۆستا لە بەشی سایکۆلۆجی زانکۆی کۆیە، سیمینارەکە لە هۆڵی دۆستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی لایەن و دەزگاو ڕێکخراوەکان و چین و توێژەکانی خەڵکی شاری کۆیە بەڕێوەچوو.



## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەناوەندی ٢ی کوردستان



ڕۆژی یەکشەممە ٢١ئ سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ناوەندی ٢ی کوردستان بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە "خاتوو تامان محەممەدی" بەرپرسی بەشی تەشکیلات، باسێکی لەسەر وەزعیەتی کاری وتەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان لە یەک ساڵی ڕابردوودا کرد و بە ئاماژە بە دۆخی کۆرۆنا و پێویستی خۆپارێزی، ڕا و بۆچوونی ئەندامانی بۆ کارەکانی داهاتوو وەرگرت.

لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە "خاتوو موژگان عەلیپوور" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئاوڕێکی لە دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و دواتر پڕژایە سەر کۆمەڵێک باس و بابەتی نێوخۆیی و تەشکیلاتی و بۆ بەردەوامی کارو تێکۆشان، ئەندامان ئەرکدار کران.

ئەو کۆبوونەوەیە بە هاوفکری و گفتووگۆی بەشە جیاوازەکانی یەکیەتیی ژنان و ڕا و بۆچوونی بەشداران کۆتایی پێهات.

## ١١ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی کچ

١١ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی کچانە و لە ساڵی ٢٠١٢وە تا ئێستا ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانی کچان ناسراوە و یادی دەکرێ.

ئەوە لەکاتێکدایە کە کچانێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت لە ئێران و ئەفغانستان و ئەو وڵاتانەدا، کە لەژێر باری چەوسانەوەی ڕەگەزی، ئایینی، پەروەردەیی و پیاو سالاریدا دەچەوسێنەوە، زۆریان دەکوژرێن و زۆریان ناچار بە خۆکوشتن دەبن.

لەو وڵاتانەی وا لە ژێر سێبەری ئاینی ئیسلام دان بە تایبەت ئەفغانستان و ئێران یاسای بەشوودانی کچانی ژێر ١٣ساڵ دێتە ئاراوە، دەستدرێژی و دووگیانکردنیان لە لایەن پیاوانی چەند بەرابەری تەمەنیان بەناوی شەرع و یاساوە، کوشتنیان بە هۆکاری خۆشەویستی کردنیان یان گوتنی "نا" بەوەی کە دڵخوازیان نییە، هەڵاتنیان لە ماڵ و ئاوارەبوونیان لە شارە گەورەکان و دەیان مەوریدی دیکە هەیە کە کچی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کچانی وڵاتانی پێشکەوتوو جیا دەکاتەوە.

بەڵام لەلایەکی دیکە لەگەڵ ئەوەی کچی کوردیش لەو کاروانە بەجێ نەماوە و ڕۆژانە کەم نین ئەو کچانەی کە بە هۆی پیاوسەلاری لە بنەماڵەدا و کێشەی خێزانی یان خۆیان نەکوژن یان بەدەستی نەزانی نەکوژرێن. لەکاتێکدا کە کچان لە جیهاندا و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ویڕای هەموو کۆمەڵگە دەڕۆنە پێشێ هەوڵ بۆ فێر بوون دەدەن و مشوور لە ئاوەدانی و چاکسازی دەخۆن پێویستە کچانی کورد و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەبێ بە هەرچی زیاتر خوێندنەوە و پێشکەوتن هەوڵ بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە بدەن کە ئەوە تەنیا بەوان ناکرێ و ئەرکی سەرشانی بنەماڵە و ڕێکخراوەکانی بوواری ژنان و منداڵانە کە زانیاری و ئاگاهی خۆیان بەرنە سەرێ تا بتوانن کچانێکی ئاگا و زانا بنێرنە کۆمەڵگەوە و پەروەردەی درووست و باوەڕ و ئیعتماد بە ئەوان ڕێگەی درووستیان پێ نیشان بدەن.



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە هەموو کچانی جیهان و کچانی کوردستان بەتایبەتی، هیوای ئەوە دەخوازێ کە ڕۆژێک دابێ کە هەموو کچان وەک پەپوولەی باڵ نەخشین ئازادانە بە سەما و دڵخۆشییەوە کات بەرنە سەرێ و لە ژێر باری هیچ سەرکوتێکی ئایینی و بەنەماڵەییدا نەچەوسێنەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران به بۆنەی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ به ژنان

٢٥ نۆڤامبری هەموو ساڵێک بۆنەیەک بۆ ڕیزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی لە نێوان مرۆڤەکاندایە.
ئەو ڕێکەوتە لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو بۆنەیەکی جیهانی بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دیاری کرا.
بابەتی توندوتیژی دژ بە ژنان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە وڵاتانی جیهاندا پرسێکی گشتگیرە کە بە پێی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی و هتد ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرێت، و بەو پێیە بەرەنگاربوونەوەشی ئەرکێکی مێژوویی و ئینسانی بۆ هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.
توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و وڵاتانی دیکەی زاڵ بە سەر کوردستاندا بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمە سیاسییەکان، یاساکان، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری کۆمەڵگاکانە کە مخابن ئاگایانە یان نائاگایانە چۆتە نێو بیرکردنەوەی تاکەکانیش و زۆر جار لە هەڵسوکەوتی تاکەکان لە بنەماڵە و کۆمەڵگا و لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتیشدا ڕەنگ دەداتەوە.
سەرباری پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژی پڕ لە نەهامەتی بۆ ژنان لە ئێران و کوردستاندا، هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی وەک باری سەر باری هەموو دەردانیش، ژیان و چارەنووسی ژنانی خستە بەردەم سێ کوچکەی یاسای کۆنەپەرەستانە، نەریتی دواکەوتوانە و ئایینی بە ئیدئۆلۆژیکراوی حکوومەت و ژنان لەو ماوەیەدا قوربانییەکانی زۆریان لە خەبات و بەرەورووبوونەوەی ئەو سیستەمە دژەمرۆییەدا داوە.
ئەو سیستەمە سیاسییەی کە ئێستا وەکوو وەیشوومەیەک باڵی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، هەم میراتگری کۆمەڵێک داب و نەریتی پیاوسالارانەیە کە خۆبەخۆ دژ بە ویستی ڕەوا و ئەمرۆیی ژنانی یەکسانیخواز کار دەکات و هەم بۆ خۆی بەرهەمهێنەری کولتوور و عەقڵیەتێکی ئیدئۆلۆژیکە کە ژن لەو کولتوورەدا خاوەنی هیچ مافێک و هەڵگری هیچ بایەخێکی مرۆیی نیە و تەنیا وەکوو ئامراز و کاڵا و کۆیلەیەک بۆ خزمەتکردن بە پیاوان و دەزگای بەرهەمهێنانی حەشیمەتێکی گوێڕایەڵ بۆ بەردەوامی و مانەوەی سیستم چاوی لێ دەکرێت.
لە دیارییەکانی ئەو سیستم و کولتوورە دواکەوتووە بۆ ژنان دەتوانین ئاماژە بۆ هەڵاواردنی جێگیرکراو لە یاساکانی ژیانی هاوژینی، میرات، یاسای فرەژنی، سیغە و هاوشێوەکانی و یاساکانی دیکەی تایبەت بە پێگەی ژن لە بنەماڵە و ژیانی هاوبەشدا، قەساس و حەد و تەعزیر و خوێنبایی، ڕەواییدان بە کوشتنی نامووسی، دەستدرێژی و ئازاردانی سێکسی لە شەقام و زیندانەکان و ئیداراتی حکوومەتی و هەموو بوار و قوژبنەکانی ژیان لە ئاستی گشتی و تایبەتی کۆمەڵگادا، بەردبارانکردن، سەرکوتکارییەکانی گەشتی ئیرشاد، کەڵکاژۆ وەرگرتن لە ژنان بۆ مەبەستی سیاسی، حیجابی زۆرەملی و بەربەست دانان بۆ بەشداریی چالاکانە و ئازادی ژنان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا بکەین کە کارتێکەرییەکانی لەسەر ژنان دەتوانین لە دووتوێی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و کارەساتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ژنان وەکوو تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان، خۆکوژی و خەمۆکیدا ببینین کە بەشێکی زۆر کەم لەو ڕاستییانە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.
لە وەها کۆمەڵگا و سیستمێکدا ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز ئەرکێکی زۆر قورسیان بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکان لە ئەستۆیە و لەگەڵ هەڕەشە و گوشاری سیستمی سیاسی و توێژی کۆنەپارێز و دواکەوتووی کۆمەڵگا بەرەوڕوو دەبنەوە کە چاوی بە دیتنی پێناسەیەکی نوێ و مرۆڤسالارانە بۆ پێگەی ژن و پێکهێنانی هاوسەنگییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ژن و پیاودا هەڵنایەت.
لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان بوێرانە بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان ڕاوەستاون و تێچووی قورسی ئەو خەباتە هەرگیز نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە داوا ڕەواکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە.
لەم ساڵانەی دواییدا خەباتی ژنان بۆ لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەدیهێنانی مافەکانیان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بۆتە بەشێکی دانەبڕاو و پێشەنگی خەباتی هەموو چین و توێژە ماف پێشێلکراوەکان بۆ بە چۆکداهێنان و ڕووخاندنی سیستمی سەرەڕۆ و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی.
لە ٢٥ی نۆڤامبری ئەمساڵدا، ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای شەرمەزارکردنی هەرجۆرە هەنگاو، یاسا، نەریت، بیرکردنەوە یان کردارێکی تاکەکەسی یان سیستماتیک کە شکۆ و پێگە و کەرامەتی مرۆیی ژنان بکاتە ئامانج، یان هەڕەشە لە تەناهیی دەروونی و جەستەییان بکات، پشتیوانیی خۆمان لە هەموو داوا ڕەواکانی ژنان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و ژیانێکی مرۆیی کە لە ڕاستیدا داواکاری و ویستی هەموومانە، دەردەبڕین.
پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان
ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩١ی زایینی بە زۆرینەی دەنگ، ڕۆژی ٢٥ ی نوامبری هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کردوە، بە دروشمی "نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان" لەو پێوەندییەدا ساڵانە بە چالاکی جۆراوجۆر و پێکهێنانی کۆڕو کۆبونەوە سەبارەت بە وشیارکردنەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگە ئەو یادە دەکرێتەوە .ئەو ڕۆژە بەهۆی ڕووداوی مێژوویی ئەشکەنجە و ئێعدامی خوشکانی میرابال لە وڵاتی دۆمینیکەن و هەوڵی خەمخۆرانی بواری ژنان بووە هۆکاری دەستنیشانکردنی ڕۆژێک بۆ پێداگری زیاتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەرچی پرسی ژنان و ئاریشەکانیان، تاوەکوو ئێستا وێڕای ساڵانێک خەباتی جۆراوجۆر لە وڵاتانی جیاواز هێشتا بە تەواوی چارەسەر نەکراوە بەڵام بە پێی کۆمەڵێک هۆکاری وەک هەڵکەوتوویی جوغرافیایی و دەسەڵاتی حاکم لەو وڵاتەدا و داب و نەریتەکان، شێواز و ڕێژەی ئەو توندوتیژیانە دەگۆڕدرێ.

هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە توندوتیژی هەبووە بەڵام توندوتیژی دژ بە ژنان نمونەی بەرچاوی ئەو توندوتیژییانەیە کە لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی کۆنەپەرەستییان هەیە و یاساکانیان بە سیستمی دیکتاتۆری داڕێژراوە و تێکەڵ بە ئایین کراوە، دێموکراسی بوونی نییە و ئەو دیاردەیە دەگاتە لووتکە.

لەو پێوەندییەدا ئێران نموونەی بەرچاوە کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا توندوتیژی بەشێکی جیانەکراوەی ئەو ڕێژیمەیە و هەم بە سیستەمە سیاسیەکەی و هەم بە یاسا دژە ژنەکانی کە لەسەر بنەمای ئایین لەبەرژەوەندی خۆی دایرشتوون.

ئەگەر چاوێک بە یاساکانی ئێراندا بخشێنین، هەڵاواردنی ڕەگەزی لە بەند بە بەندی یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و سیاسەتی جیاکردنەوەی قوتابخانە و زانکۆکان، پشتگیری لە قەتڵە ناموسییەکان و نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاو، فرەژنی و سیغە و دەیان پێشێلکاری دیکە کە لە ئێران هۆکاری پەرە پێدانی توندوتیژییەکانن و هەر دێ و ژنان زیاتر لە چوارچێوەی حکومەت و کۆمەڵگەش بێدەسەڵاتتر دەکا.

توندوتیژی و دواهاتەکانی کاریگەری لە سەر کەسایەتی ژن و منداڵ و دواتر کۆمەڵگە دادەنێت و دەبێتە کۆسپێک بۆ بەرەپێشچوونی ئەو وڵاتە. ئێمە لە سەردەمێک دا دەژین کە ئیتر هەمووومان دەزانین کە مرۆڤایەتی پێویستی بە هێز و توانای هەموو تاکەکان و بەتایبەتی ژنان هەیە، تا کۆمەڵگەیەکی تەندرووست ودادپەروەر و بە دوور لە هەر چەشنە جیاوازییەک دابمەزرێت .

هەروەک دەبینرێ پاش زیاتر لەدوو دەیە لە دەرچوونی ئەو بڕیارە، لەگەڵ پێشکەوتن و مۆدێرنیتە بوونی جیهان جۆر و شێوازی تری توندوتیژی دێتە گۆڕێ، هەر بۆیە لە ئێستادا ژنان بەوپەڕی بێبەزەییەوە لە لایەن دەسەڵات و خەڵک و تەنانەت کۆمەڵگەش توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و کۆت و بەندانە کە بۆ کەلەپچە کردنی ژنان دانراوە دەبێ ژنان وێڕای توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە هەموو بوارە فەرهەنگی و کلتوری و ئابوری و سیاسی و .... هتد.. بتوانن چالاکانە بەشدار بن و ببنە پێشەنگی مرۆڤایەتی.

لەبەر ئەوەی لە ئێران، هیچ یاسا و ڕێسا و ناوەندێک بۆ پشتگیری و هۆشیار کردنەوەی ژنان بوونی نییە، ئەرکی هەموو تاکەکانە بە ژن و پیاوەوە هەوڵ بۆ دانانی یاسایەکی دادپەروەرانە و پەروەردەیەکی دروست بدەن و بە وشیار کردنەوە و پێدانی زانیاری بە هەموو چین وتوێژەکان و بە تایبەتی ژنان هەوڵی کەمڕەنگکردنەوەی توندوتیژییەکان بدەن.

لەکۆمەڵگە دا کاتێک یەکسانی و دادپەروەری دێتە دی کە ماف و ئەرکەکان تێیدا بۆ هەموو تاکەکان بەبێ جیاوازی ڕەگەزی یەکسان بن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێی وایە یەکگرتوویی و هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی مەدەنی، دەتوانێ باشترین خزمەت چارەسەرکردنی ئەو پرسە بکا.

**لەو پێوەندییەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین کە لە هەر گۆڕەپانێکی خەباتە ڕەواکەماندا و لە هەر تریبوونێکەوە کە لە بەردەستماندا بێت، دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی هاواری مافخوازانەی ژنانی ئازاردیتووی وڵاتەکەمان و خەباتی ئەوان بۆ دابینبوونی ماف و داخوازییەکانیان و گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە ئازار و هەڕەشە بە بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات و ئەرکی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەی خۆمان دەزانین.**

**سڵاو لە ژنانی مافخواز و خەباتگێڕی وڵاتەکەمان سەرکەوتوو بێت خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی نۆڤامبری ٢٠٢١ی زایینی**
**٤ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
**مرکز همکاری احزاب کردستان ایران**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆژی ناشتنی نەمام لە پارکی « کوچکە ڕەش»ی سنە، بەهاری بە منداڵان و تازەلاوان بەخشی



٢٢ ڕەزبەر هاوکات بوو لەگەڵ " ڕۆژی مێللی منداڵ و تازەلاوان" و چاندنی نەمام لە پارکی " کوچکە ڕەش" .

منداڵان ماسکیان دانابوو بەڵام چاوەکانیان گەش و پڕ بوو لە وزە و دەمیان بە بزە لەبۆ گاڵتە و گەمەبوو. لەترسی پەتای کۆڕۆنا خۆیان شاردبۆوە و یەکەمجار بوو بە کەش و هەوای پارکی "کوچک ڕەش " دڵیان گەشایەوە و ئوکسیژێنیان بە میهرەبانی و خۆشی یەکترەوە هەڵدەمژی. گەشەی چاوەکانیان پڕ لە قسە و شەوق بوو و بە دەستە بچووکەکانیان نەمامی برادەری و دۆستایەتیان ناشت.

بەم بۆنەوە بەڕێوبەری " ناوەندی ڕۆشنبیری منداڵ و تازەلاوان" خاتوو شێخی کۆڕێکیان دامەزراند کە چەندین منداڵ و تازەلاو، شاعیران و نووسەرانی منداڵ و تازەلاوان و چەندین بەرپرسی سنە، خاتوو ئاسۆ شەعبانی بەرپرسی ڕێکخراوی جوانکاری و دیمەنی جوان لە شارەداری، شارەداری ناوچەی سێ سنە ئاغای ساعێدپەنا، ئاغای نەجەفی بەرپرسی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی بەشی شارەداری، ئاغای مورادی بەرپرسی حەوزەی هونەری بەشداربوون.

شاعیرانی منداڵ و میرمنداڵان: شیلان گەیلانی، کولسووم عوسمانپوور، سیمین چایچی، لەیلا وەزیری، گوڵاڵە سادقی، لاولاو ساڵحی، خاتوو غوڵامی و ئاسۆ ناسری بە جلوبەرگی کوردییەوە ڕەنگی پارکیان جوانتر کردبوو. کوچک ڕەش خانەخێوی میوانە بچکۆلەکانی بوو.

لەم یەککگرتنەدا خاتوو شێخی بەرپرسی ناوەندی ڕۆشنبیری منداڵ و تازەلاوان وتارێکی سەبارەت بە ڕۆژی میللی منداڵان و چاندنی درەخت پێشکەش کرد. شیلان گەیلانیش وەک نوێنەری شاعیر و نووسەرانی منداڵ و تازەلاوانی شاری سنە، وتارێکی سەبارەت بە چاندن و ناشتنی نەمام لە وەرزی پاییز ڕاگەیاند و وتیشی منداڵ هەر لەو تەمەنەوە فێری ژینگە پارێزی و وڵاتپارێزی دەبن. دەشێ منداڵ فێری کردەوەی جوان، حورمەت دانان بۆ درەخت و سرۆشت بزانن هەتا لە تەمەنی گەورەیی دا مرۆڤێکی ئەویندار بە ژینگە و نیشتمان بن.

لە کۆتاییدا چەن بەرپرسی میوان شیلان گەیلانی و شاعیرانی ناوبراویان خەڵات کرد. پێشکەشکاری بەرنامەکە خاتوو زارێعزادە یادی شاعیرە میوانەکانی منداڵانی سەقزیان پیرۆز کرد کە نەیانتوانیبوو بە هۆی پەتای کرۆناوە سەفەر بکەن و لە شاری " سنە" دا بەشداری کۆڕی منداڵە خۆشەویستەکانی کوردستان بن. وەک: خاتوو مریەم یەتیمی، فاتمە حێجازی، موفیدە مەزهەر و عەبدولڕەحمان فەهیمی.


شیلان گەیلانی و هاوڕێیانی هەر یەکەو بە هاوکاری منداڵێک نەمامێکیان ناشت و ئاویان دا.

بەرپرسی ناوەندی ڕۆشنبیری منداڵ و تازەلاوانی " سنە" ناوی شاعیرەکانی بە نەمامەکانەوە گرێدا. تازە لاوێک گۆرانی گوت و کۆڕەکە بە دڵخۆشی منداڵانەوە کۆتایی پێهات.

شیلان گەیلانی ٢٢/ ٧ /١٤٠٠ ڕەزبەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لــەیلا وەزیـــری شـاعیر و ژەنیـار



لەیلا وزیری خەڵکی شاری سنەیە. هەر لەمنداڵیەوە هۆگریەکی زۆری بۆ شێعر هەبووە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە سەردەمی لاویدا دەست بکا بە نووسینی شێعر، ساڵانێکە لەم بوارەدا هەوڵی نووسین دەدات.

بەهۆی پێوەندی شێعر و موسیقیەوە، مۆسیقا بەیەکەوە، دەستی کرد بە فێربوونی موسیقی و ژەنینی ئامێری سێتار.

ئەو خاتوونە لەژێر چاوەدێریی مامۆستایانێک وەکوو «عەلی تاهیری، بەهرامی ساعد و سابیری نەزەرگاهی» زانستی مووزیکی لەسەردەستی ئەم مامۆستایانە خوێندووە، زیاتر لە پانزە ساڵە هاوڕووحی ئامێرەکەیەتی. هەرچەند خوێندەواریەکانی لەبواری «ئابووری کۆمەڵایەتی» تەواوکردووە، بەڵام عیشقی ئەو بەموسیقا وای لێکرد لە بواری کارناس(بەکالۆریۆس)ی موسیقی درێژە بەخوێندن بدا تا بەهۆی زانستە ئاکادمییەکانی خۆی سەبارەت بەموسیقی، بەئامانجەکانی بگات و ئاسەوارێکی هونەری بخوڵقێنێ.

هۆنراوەی نوێ، تەرانە(شێعری لیرک) بۆ ملۆدی دائەنێ و لە دنیای منداڵی دانەبڕاوە و ئەم هۆگری رۆحییە وای لێکردووە موسیقی "ئۆرف ـ موسیقی منداڵان ـ " کە پەلێکی جیا و گرینگە لەموسیقیدا و بەشێوەی پسپۆڕانە کاری لەسەر کردووە، ئەزموونەکەی بۆتە هۆی نووسینی شێعر بۆ منداڵان و هەروەها بەوێنە, نۆت و ئاهەنگ ئەو شێعرانە ساز کراون و لەچوار چێوەی کتێب و سی دی مۆزیکاڵ دا بەشێکی چاپ بووە و بەشێکیشی ئامادەی چاپە.

لەکارە هونەرییەکانی لەیلا وەزراری:-

١- کتێبە چاپ کراوەکانی:

• کتێبی "مشکی خرتوڵێ و میدادی ئاقڵ "بۆ منداڵان ساڵی ١٣٨٦ ی هەتاوی.

• کتێبی "بووکەکەم " لە گەڵ سی دی موزیقاڵ بۆ منداڵان لە ساڵی ١٣٩١ ی هەتاوی

کتێبە ئامادە کراوەکان بۆ چاپ.

ئەم پەرتووکانەش ئامادەن بۆ چاپ:-

• "ئاوازی منداڵان " کتێب و سی دی موزیکاڵ بۆ منداڵان, ئاهەنگسازی کراوە و لەلایەن شاعیرەوە بۆ فێر بوونی موزیکی منالان بەکاردێت.

• "وەرزەکان "

• کۆرپە کان جوانن.

• کـایە

• " دوو ووشەم ماوە ،لەباران دابەزم "کتێبی شێعری نوێی کوردی.

٢- چـالاکییە هونەریەکان:-

• یەکێک لەدامەزرێنەرانی ئەنجومەنی ئەدەبی ئاوێنەی کوردستان لەسنە.

•

نووسەر و بێژەری دوو فیلمی موستەنەدی کوردی, بەناوی ( لەپێناوی ژیاندا ) و (مێژووی سەنتوور ) لەساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی.

• مامۆستای موزیک لەبواری ئامێری ( سێ تار ) و موسیقی (ئۆرف- مووزکی منداڵان )،بەپێشینەی زیاتر لەدە ساڵ وانە وتنەوەی موزیک لەکانوونی پەروەردەیی فیکری و فێرگەی تایبەتییەکانی موزیک لەشارەکانی(سەقز و سنە).

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org










کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan
No : 55 Date: December 2021



# پێشمەرگە

## شۆڕشگێڕی باوەڕمەند بە یەکسانیخوازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org